
24
نەتەوەیی بوون لە نێوان
بانگەشە و حەقیقەتدا


33
کۆمین


28
بایەخ و رەهەندەکانی
ئاسایشی نەتەوەیی


40
ئاینگەرایی و عەلمانیەت -
ئایین و دەوڵەت



# ئازادیی کۆمەڵگە
Azadî Komelge

www.komelge.com

○ گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکی مانگانەیە

Political, Intellectual and Social monthly Magazine

ژمـــارە
15

ساڵی دووەم

ئادار ٢٠١٧

رەشەمێ ٢٧١٦




## نەورۆزتان پیرۆز
## وەرن پێکەوە ببینە قەڵغان
## لەپێش شەڕی هەڵگیرساو

## بەرۆچ رێگری دەکەن لە شەڕی داسەپاو



# Azadî Komelge



١٥

# ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکی مانگانەیە


خاوەنی ئیمتیاز
**محەمەد کیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد کیانی)**

سەرنووسەر
**گۆران عەلی حەسەن ( گۆران پێنجوێنی)**

دەستەی نووسەران
**د. سالار باسیرە**
**سەردار ستار**
**بەیان عەلی**
**نەجیبە قەرەداخی**
**کامەران گوێپی**
**کوردۆ شوانی**

ڕاوێژکاری یاسایی
**پارێزەر هیلال ئیبراهیم**



پەیوەندییەکان لەرێگەی سەرنووسەرەوە دەبن
07702227274
07501539197
goran.a.hesen@hotmail.com
www.komelge.com
www.facebook.com\ Azadi Komelge



چاپ: چاپخانەی بەهەست
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 1500 دینار



١٩


٥٥


٥٨




ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان - سلێمانی - گەڕەکی ئاشتی - باخی سەعید بەگ





کتێبی ئیتر چالاکی دەدوێت کەوتە بەردیدی خوێنەران،
ئەم کتێبە کۆمەڵە چیرۆکێکی گەریلاکانی کوردستانە.

## پاداشت بۆ شەهیدانی

## کیمیابارانی هەڵەبجە

## یەکێتی نەتەوەییە



# شەنگال هەولێر دەهەژێنێ

لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا شەنگال سێ جار تەختی عەرشی هەولێری هەژاندوە، لە ٢٠١٤/٨/٣ جاری یەکەم رووداوی کارەسات و کۆمەڵکوژی کە لەلایەن چەتەکانی داعش بەسەر کۆمەڵگەی ئێزیدی هەرێمی شەنگال داهات، بەهۆی بەجێهێشتن و راکردن و سەنگەر چۆڵ کردنی چەکدارانی پارتی، خەڵکی شەنگال رووبەڕووی فەرمانی ٧٣ یەمین بوونەوە، شەنگالیەکان چاوەڕێی ئەوەنەبوون دەسەڵاتی هەولێر بەوشێوەیە لەدەست چەتەکانی داعش بەجێیان بەهێڵن، ئەو رووداوە چەندە کارەساتبار بوو بۆ خەڵکی شەنگال ئەوەندەش دەسەڵاتی هەولێری هەژاند، ئەگەر بەهانەوە هاتنی گەریلاکانی پەکەکە و هێزە نێودەوڵەتییەکان نەبووایە دەسەڵاتی هەولێر دەڕووخا.

دوای ئەوەی شەنگالیەکان هێزەکانی خۆیانی بەرگری» یەبەشە و یەژەشە و ئاسایش»یان ئاواکرد، ئەوا هەنگاوێکی دیرۆکیتر لەلایەن خەڵکی ئێزیدیخان لە رۆژی ٢٠١٥/١/١٥ هاوێژرا، ئەویش راگەیاندنی «ئەنجومەنی دامەزرێنەری دیموکراتی شەنگال» بوو، ئەمەش بۆ جاری دووەم تەختی هەولێری هەژاندەوە، لەلایەکیتریش ئەوەی زانی کە ئێزیدیەکان ئیتر خاوەن ئیرادەی خۆپاراستن و خۆ بەڕێوەبردنن. بۆیە جارێکیتر ناگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتە خۆسەپێنەکەی. لەبنەڕەتدا دوای فەرمانی ٧٣مین جاری یەکەم بوو کۆمەڵگەی ئێزیدی خۆیان خۆیان بەڕێوەدەبرد. دەسەڵاتدارانی حکومەتە بنکە فراوانەکەی هەولێر بەیەك دەنگ لەدژی ئیرادەی شەنگالیەکان دەرکەوتن، بەڵام ئەوە چۆکی بە شەنگالیەکان دانەدا.

لەکاتی راگەیاندنی ئەنجومەنی دامەزرێنەر تا رۆژی ٢٠١٧/٣/٣ دەسەڵاتی هەولێر و پارتی بەهەموو شێوەیەك دژایەتی خۆی لەبەرامبەر هەموو دامودەزگاکانی ئێزیدیخان راگەیاند، بۆ ئەمەش لەرێگای چارە نەگەڕا، بەڵکو بەردەوام زمانی هەڕەشە و فشار و توندوتیژی بەکارهێنا، ئەمەش نەیهێشت شەنگال ئاوەدان ببێتەوە، خەڵك بگەڕێتەوە، رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نەچنە شەنگال.

لەسەرناوی شەنگال سێ ساڵە دەسەڵاتی هەولێر چەك و تفاق لە هێزە نێودەوڵەتیەکان وەردەگرێت، لەو ماوەیەدا چەندین گرووپ و هێزی تری وابەستە بەخۆی دروست کردن، بەهاوکاری دەوڵەتی تورك لەسەردەمی داود ئۆغلو گرووپێکی لە کوردانی سوریا کە لە بەرەی بەرخودان و شۆڕشی رۆژئاوا رایانکردبوو و لایەنگر و ئەندامی ئەنەکەسە بوون بەچەك و مووچەی کردن، وەك هەڕەشەیەك لەبەرامبەر شۆڕشی رۆژئاوا ئامادەی کردبوون، هەرچەندە نابێ ئەو هێزانە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێم بن، بەڵام بەپارە و چەکی هەرێم لەدژی شۆڕشی رۆژئاوا ئامادەکراون.

هاتنی یلدرم بۆ هەولێر و دواتریش ٢٥ و ٢٦ی شوبات چوونی مەسعود بارزانی بۆ ئەنقەرە بەئاشکرا بەرنامەی ئۆپەراسیۆنەکانی بەهار تاوتوێکران لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە، ئەوانیش ئۆپەراسیۆنی منبەج و رەقفە لەلایەن ئەنقەرە، ئۆپەراسیۆنی شەنگال و رۆژئاوا لەلایەن چەکدارانی پارتی و پشتوانی کردنی هێزەکانی ئەنقەرە بەشاراوەیی، هەروەها ئۆپەراسیۆنی کامپی مەخمور و کەرکوك، هەمانکات ئۆپەراسیۆنی سەر «هەرێمەکانی پاراستنی میدیا» بەپێشەنگایەتی ئەنقەرە و پشتیوانی کردنی لەلایەن پارتیەوە بەدزی.

پارتی چەکدارەکانی ئەنەکەسەی وەك بەرخی قوربانی خستیە پێشخۆی، ویستی لە خانەسۆر بیانخاتە رۆژئاوا، لەلایەك شەنگال بخاتە چەمبەرەوە لەلایەکتریشەوە ئەو هێزانە بخاتە رۆژئاواوە. بەرخودانی یەبەشە و خەڵکی ئێزیدیخان وەك سەرەتا ئەو هێزانەی وەستاند، بەڵام هێشتا ئەو شەڕفرۆشتنە کۆتایی نەهاتووە.

ئەمەش بۆ جاری سێیەم هەولێر دەهەژێنن، چونکە ئیتر خەڵکی ئێزیدی و شەنگال تەنها نییە، بەڵکو تەواوی ئازادیخوازانی کوردستانیان لەگەڵە.

# د.کامەران مەنتك: ئەو هاش و هوشی راگەیاندنە کە دەکرێت تەنها بۆ فریودانی رای گشتیە

ئازادیی کۆمەڵگە

چاوپێکەوتن: سوارەی مام مەحمود



د.کامەران مەنتك، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین

دەربارەی بارودۆخی سیاسی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کاردانەوەی زلهێزەکان لەناوچەکەو پێگەی کورد و گۆڕانکاریە سیاسییەکان و ئەنجامەکانی لەسەر کورد و ناوچەکە دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ دکتۆر کامەران مەنتک مامۆستای زانکۆسازدا و سەبارەت بە پارتەکانی باشووری کوردستان، لای وایە پارتی دیموکراتی کوردستان بازرگانی بەخاک و وڵات دەکات، گۆڕان بازرگانی بەخەونی خەڵک دەکات، لەبەرئەوەی ناتوانێت دیفاع لەخەونەکانیش بکات، یەکێتی بازرگانی بەهەردووکی دەکات، ئیسلامی یەکان نەک بازرگانی بەسەر ژیانی خەڵک دەکەن بازرگانی بائاخیرەشیان دەکەن.

**ئازادیی کۆمەڵگە: بارودۆخی سیاسەتی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کاردانەوەی زلهێزەکان لەناوچەکەدا بەرەو کوێ دەچێت؟**

د.کامەران مەنتك: بەڕاستی دیارە ئیستا لەسەر ئاستی هەرێمی لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی هاوسەنگی هێز لەگۆڕانە، تاوەکو ئێستا دوا فۆرمۆڵەی خۆی وەرنەگرتووە، لەبەر ئەوە ئێمە دەزانین لە ساڵی ١٩٩٠ سیستەمێکی جیهانی رووخا، لەدوای رووخانی سۆڤیەتەوە هاوسەنگی هێز گۆڕانکاری بەسەرداهات، سیستەمی دووجەمسەرنەما ، ئەمریکا سیستەمی نوێ ی دنیای راگەیاند ئەو دۆخە تاوەکو نەوەت و حەوت و نەوەدو هەشت ئەمریکا بەشێوەیەک لەشێوەکان توانی سەرکردایەتی جیهان بکات، بەڵام لەپاش ئەوە کۆمەڵێک دەوڵەت گەیشتنە قۆناخی بووژانەوە، بەتایبەت روسیا لەپاشی (٢٠٠١)ەوە هەوڵی بووژانەوەیدەدا، چین لەولای بەهێز بوو، هیندستان، ئەوانە هەوڵیاندا کەببنە بەربەستێک لەبەردەم ئەوەی ئەمریکا چۆنی دەوێت دنیا بەوشێوەیە بهاژوێت ئەوەش مانای چییە؟ دروستکردنی بەربەستێک بۆ زلهێزێک کەنەتوانێت هەموو سیاسەتەکانی خۆی پەیڕەو بکات مانای ئەوەیە هاوسەنگی هێز گۆڕانی بەسەرداهات، ئەو گۆڕانکاری و ململانێ یە بۆ سیاغەکردن و داڕشتنەوەی سیستەمێکی نوێ ی تری جیهانی، بوو بەهۆی ئەوەی رەنگدانەوەو کاریگەری لەسەر هەموو کۆی ئەو نەخشەیە بکات

کەلەدوای رووخانی سۆڤیەتەوە دەست بەدارِشتنەوەی کرابوو.

**ئازادیی کۆمەڵگە: واتە تۆ پێت وایە بووژانەوەی رووسیا ئێستا توانیویەتی ببێتە بەربەستی؟**

د.کامەران مەنتك: من پێم وایە ئێستا بەتەنها رووسیا نی یە، ئێستا کێشەیەک لەگۆڕێ یە، ئێستا بەڕاستی بەبۆچوونی من ئەمریکا شەڕ لەسەر ئۆراسیا دەکات، ئۆراسیاش دوو زلهێزی لێ یە، تۆ تەماشاکە لەدوای نەوەتەوە ئەمریکا چووە ئاسیای ناوەڕاست و ویستی مەجالی حەیەوی رووسیا بەرتەسککات لەئاسیای ناوەڕاست ئەوە مەجالی حەیەوی وێندەر لەناوچە ستراتیژی یەکانی رێڕەوەکانی نەفت و غاز و ناوچە ستراتیژی یەکانی جەبهەی دواوەی بێ بەشیبکات یەعنی تەوق بکات، لەولایە لەمەنتیقەی ئەوروپای رۆژهەڵات ئێمە دەزانین لەنەوەت و چوار و ئەوانە کۆمەڵێک دەوڵەت هەڵوەشایەوە، ئەمریکا نفوزی خۆیشی بردەئەوێ، لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمریکا توانی لەعێراق بدات توانی ناوچەیەکی ئامین لێرە دروست بکات، دواتر لە ٢٠٠١ لەئەفغانستانی دا، لە٢٠٠٣ لەعێراق دا، ئەفغانستان بۆ عێراق نیو کەوانەیەکە راست رووسیا لەلغاودەکات، هەدەفەکەیان چی یە؟ هەدەفەکەیان ئەوەیە ئەمریکا پێ ی وایە ئەوەی بیەوێت نەک ئەمریکا هەر بەڕاستی لەسیاسەتی دەوڵەتی ئەوەی بتوانێت بیەوێت هەژموونی خۆی لەسەر دنیا بسەپێنێت هەژموونی خۆی دەبێت لەسەر ئۆراسیا ئەوروپا و ئاسیا بسەپێنێت، ئەمریکا توانی بۆ یەکەمجار پاش سەدەیەک زیاتر لەسەرەتای سەدەی بیستەوە تاوەکو گەیشتە کۆتایی یەکەی توانی بۆیەکەمجار هەیمەنەی خۆی بسەلمێنێت، بەڵام رووسیا و چین بەتایبەتی و ئیستا ئیش لەگەڵ هیندستانیش دەکەن کاریان لەسەر ئەوەکرد هەیمەنەی رووسیا هەیمەنەی ئەمریکا لەوناوچەیە دەربکات،

> **چۆن مۆدێرینتە و شۆڕشی پیشەسازی گۆڕانکاری لەگەڵ خۆی هێنا؟ نەخشەیەکی سیاسی نوێ ی هێنا بەهەمان شێوە، شۆڕشی گەیاندنیش نەخشەی خۆی پێ بوو**

هەیمەنەی ئەمریکا لەو ناوچەیە چۆن دەردەکرێت؟بەوەی لەلایەک خۆیان بەهێز بکەن لەلایەک لەسنورەکانی خۆیان بێنەدەرەوە، مەسەلەن رووسیا بەرەو سوریا هات، لەکێشەکانی بەهار بەرەو میسر چوو، لەبەر ئەوە بەرامبەر ئەوە هەوڵیدا یەکێتی یەکی ئۆراسی دروست بکات، ئێمە تەماشادەکەین ساڵی پار کۆنگرەی ئۆراسی بەسترا، هەوڵیاندا دەوڵەتەکانی ئۆراسیا لەدەوڵەتێک کۆبکەنەوە، ئەوانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دیارە کاریگەری لەسەر زلهێزە هەرێمی یەکانیش هەبوو ئەوە بوارێکی رەخساند، تۆ تەماشاکە لەدوای نەوەت و یەکەوە تورکیا لەتورکیایەکی عەلمانی کاری لەسەر ئەوەکرد کەببێتە تورکیایەکی عوسمانی و سونی، ئەوەش دەرئەنجامی شۆڕشی ئێران بوو کەلە١٩٧٩ دەوڵەتێکی شیعی ئیسلامی دامەزرا بەرامبەرئەوە کاری لەسەر کرا کەتورکیا بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕوات بۆ ئەوەی هاوسەنگی هێز بەشێوەیەک بێت کە رێگەبگرن لە زیادبوونی هەژموونی شیعە، ئەوانە هەموو وایکرد کەدوو ئاراستە لەناوچەکە هەبێت، ئاراستەیەکیان بەرەو ئیمپراتۆریەت بڕوات ئاراستەیەکیش بەرەو هەڵوەشانەوەو دابەش بوون، ئاراستەی هەڵوەشانەوەو دابەش بوون ئەوە رەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵگەیە ،چۆن ؟ لەبەر ئەوەی شۆڕشی گەیاندن، چۆن مۆدێرینتە و شۆڕشی پیشەسازی گۆڕانکاری لەگەڵ خۆی هێنا؟ نەخشەیەکی سیاسی نوێ ی هێنا بەهەمان شێوە، شۆڕشی گەیاندنیش نەخشەی خۆی پێ بوو. تۆ تەماشاکە ئێستا دوو ئاراستە ئیش دەکەن لەناوچەکە، ئاراستەیەک بەرەو ئەوەی کە ئیمپراتۆریەکان دروست بکاتەوە، ئاراستەیەکیش بەرامبەر ئەو گەشەسەندنە بابڵێین سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆجی و ئەلکترۆنی یەکە روودەدات، ئەوانە وایکرد کەململانێکان لەوناوچەیە چڕ ببێتەوە.

**ئازادیی کۆمەڵگە: بەبۆچوونی تۆ کام ئاراستەیەیان زیاتر ئەگەری جێ بەجێ بوونی هەیە؟**

د.کامەران مەنتك: من پێموایە ئاراستەی سروشتی گەشەسەندنەکان دابەشبوون و هەڵوەشاندنەوەیە، چونکە لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم ئێمە دەزانین سەردەمی ئیمپراتۆریایی هەڵوەشایەوە، لەجەنگی جیهانی یەکەم ئیمپراتۆریای قەیسەری بوو، ئیمپراتۆریای عوسمانی بوو، ئیمپراتۆریای ئەڵمانی بوو، ئەوانە

هەڵوەشانەوە، لەبەرئەوەی سەردەمی ئیمپراتۆریات بەسەرچوو، بەڵام ئەوەش دیارە دەکەوێتە سەر چارەنووسی ئەو ململانێیەی کەئێستا لەناوچەکە هەیە، ئەو ململانێ یە وادەکات زۆرجار ئەگەری هەیە خۆیان بۆ شەڕ ئامادەکردووە. چونکە هەموو ئەگەرەکان ئێستا ئاماژە بەوەدەکەن کەبەرەو شەڕێکی جیهانی گەورە دەڕوات، هەندێک دەرس هەیە لەمێژوو جۆرە کەلێنێکمان بۆ دەهێڵێتەوەوە یاخود گەشبینی یەکمان لادروست دەکات وەکو قەیرانی کوبا کەهەردوو لا سەعاتی سفریان دانا بۆ ئەوەی لەیەکتری بدەن، بەڵام دواتر کە بیرەوەری نیکسون دەخوێنینەوە کەبیرەوەری سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەمریکا لەوکاتەیدا دەخوێنینەوە، دەڵێین لێکدانەکە سفر بوو بۆیە ئەوەی لەپشت پەردەکان روودەدات زۆرجار جیاوازە لەوەی کە لەئیعلامدا روودەدات، بەڵام لەهەموو حاڵەکاندا ئەوەی کەگومانی تیادا نی یە ئەوەیە کە شەڕە لەسەر دابەشکردنەوەی هێز لەناوچەکە و لەهەموو جیهان.

**ئازادیی کۆمەڵگە: کۆبوونەوەی ئەستانە و دەرئەنجامەکانی چی بوون؟**

د.کامەران مەنتك: بەبۆچوونی من کۆبوونەوەی ئەستانە وەکو کۆبوونەوەکەی جنیف هیچ ئەنجامێکی لێ ناکەوێتەوە، لەبەرئەوەی تۆ تەماشاکە ئێمە کۆبوونەوەکان دەبێت تەوافوق بکرێت لەمابەینی ئەوکەسانەی کە خەصمی یەکترن ناکۆکن لەگەڵ یەکتر، ئیتر ئەگەر دوژمنداری یەکتری دەکەن ناکرێت لەیەک وجهەنەزەرەوە تۆ هەوڵ بدەیت کەئیتیفاقێک بکەیت بەبێ ئەوەی بەشێکی زۆر لەخەڵک بەشداری پێ بکەیت، مەسەلەن کۆبوونەوەکانی ئەستانە فاکتەرێکی کورد کە ئێستا لەسەر خاک خۆی سەپاندووە و توانیویەتی رۆڵی خۆی هەبێت و لەڕووی عەسکەری یەوە جێ پێ ی خۆی کردووەتەوە مەسەلەن کوردەکانی وێندەر هەوڵیاندا دووریان خەنەوە کەئەوە یەکێک بوو لەفاکتەرە سەرەکی یەکانی شکست هاتنی جنێف، هەروها دەبێتە یەکێک لەفاکتەرەکانی

**تورکیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یەعنی لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی نێو دەوڵەتی و لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ لەقەیران دەژی.**

شکست پێ هێنانی هەرسێک جنێف، جنێفی چواریش پێموایە بەهەمان دەردەچێت ئەگەر بیانەوێت کێشەکان چارەسەربکەن هەرچەندە من پێموا نی یە بیانەوێت کێشەکان چارەسەربکەن، ئەوان ئەمریکاو رووسیاش ئێستا بەڕاستی لەبەر ئەوەی لەرووی ئیقتیصادیشەوە قازانجێکی زۆر دەکەن تاوەکو ئێستا هەردووکیشیان بابڵێین یاری دەست شکاندنەوەو دەست بادانی یەکتری دەکەن و هەردووکیشیان نەگەیشتوونە ئەوەی کە تا دوا هێزی خۆیان بەکارنەهێناوە، لەبەر ئەوە من پێموایە دەیانەوێت شەڕەکان جارێ بەردەوام بێت تاوەکو هەردووک لابزانن ئاستی هێزیان چەندە؟ تاوەکو لەسەر ئەو بنەمایە نەخشەی سیاسی دنیا دابڕێژنەوە.

**ئازادیی کۆمەڵگە: گۆڕانکاری یەکانی تورکیا و پرسی ریفراندۆم چۆن دەبینیت؟**

د.کامەران مەنتك: جارێ پێش ئەوەی باسی گۆڕانکاری یەکان بکەم حەز دەکەم ئاماژە بەوە بکەم کەتورکیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی یەعنی لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی نێو دەوڵەتی و لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ لەقەیران دەژی.

**ئازادیی کۆمەڵگە: پێتوایە سیاسەتی دەرەوەی سەرکەوتوونی یە؟**

د.کامەران مەنتك: من پێموایە تۆ ئەگەر تەماشاکەیت تورکیا لەگەڵ هەموو هاوسێکانی لەکێشەدایە، لەسوریا تەداخول دەکات، لەگەڵ عێراق بەکێشەیە، لەگەڵ ئێران کێشەی هەیە، لەگەڵ یۆنان کێشەی هەیە، لەگەڵ رووسیا رۆژێک هەوڵ دەدات کەرووسیا بەکاربهێنێت یاخود سوود لە، یەعنی گەمەیەکی ناتەندروست دەکات لەسەر هاوسەنگی هێزی رووسیا و ئەمریکا کە لەهەردوولا مەنبوز بووە. لەبەرئەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ ئێمە دەزانین کە تورکیا لەلایەک هەوڵدەدات کەئۆپۆزیسیۆنە عەلمانییەکان بۆ خۆیان راکێشن کار لەسەر رەهەندی ناسیۆنالیستی تورک و رەهەندە دینی یەکەی دەکات، پێیان دەڵێت کاکە ئێمە ئەگەر ئێوە بەتەنها ناسیۆنالیستتان بەکار هێناوە بۆ ئەوەی رەگەزی تورک بسەلمێنن ئێمە ئێستا دینیش دەخەینە خزمەت ئەو ناسیۆنالیستە، تەنها ئێوە پاڵپشتیمان بکەن لەپرۆژەکان، بەڵام دیارە تاوەکو ئیستا هێزەعەلمانییەکان

لەهەندێک بابەت لەگەڵیدان و پاڵپشتی یان کردووە بەتایبەتی لەمەسەلەی کورد، ئێمە دەزانین ئەردۆغان و ئەکەپە لەگەڵ جەهەپە و لەگەڵ مەهەپە و ئەوانە هیچ جیاوازی یەکی ئەوتۆیان نی یە لە سیاسەتیان بەرامبەر کورد، هەرکاتێک جیاوازیش نیشاندەدەن بۆ ململانێیەکی سیاسی ناوخۆ و موناوەرەیەکی سیاسی یە بۆ دەسکەوت زیاتر لەیەکتر بەدەست بهێنن، لەگەڵ حیزبە عەلمانی یەکان قەیرانێکی هەیە بەرامبەر بەهەندێک مەسەلە بەرامبەر بەمەسەلەی کورد قەیرانیان نی یە، دیارە ئێستا لەتورکیا مەسەلەی کورد یەکێکە لەو قەیرانە گەورانەی کە تورکیای تووشی فۆبیای کوردی کردووە، بەتایبەتیش لەسەر گەشەسەندنی مەسەلەی کورد لەرۆژئاوای کوردستان و گەشەسەندنی مەسەلەی کورد لەباکوری کوردستان ئەوانە وایان کردووە کە تورکیا لەقەیران بژی، بەڵام هەرچی بەنیسبەت سیستەمی سەرۆکایەتی و ریفراندۆم رووداوانەی دووایی، جارێ سەرەتا بەر لەهەمووشتێک دەبێت بزانین سیستەمی سەرۆکایەتی بەشێکە لەسیستەمی دیموکراسی سیستەمێکی دیموکراسی یە ، دیموکراسیت لە کۆمەڵگەی تورکیا وەکو پێویست نی یە، دیموکراسی بەس بۆ تورکەکان هەیە.

**ئازادیی کۆمەڵگە: لەناو تورکەکانیشدا جیاوازی نەکراوە یان دیموکراسی یەکە گشت گیرە بۆ تورک؟**

د.کامەران مەنتك: بۆ تورکەکانە تاوەکو ئێستا، بەڵام لەسەردەمی ئەردۆغان بۆ ئەو تورکانەیە کە لە خۆی نزیکن، ئەو رووداوانەی دوایی سەلماندیان کە ئەردۆغان زۆر بایەخ بەسیستەمی دیموکراسی نادات، هەڵوێستەکانی بەرامبەر کورد هەڵوێستەکانی بەرامبەر پەرلەمان و سوپاو هەوڵدانی بۆ بچوک کردنەوەی سوپا ئەوانە هەمووی ئاماژەن کە

> **سیستەمی سیاسی لە باشوری کوردستان لە قەیراندایە ئەمە هەمووومان ئەوە دەزانین**

ئەردۆغان بەتوندی ئیش لەسەر ئەوەدەکات دەسەڵاتی سوڵتانی زوو بگەرێنێتەوە بۆ تورکیا ئەو دەسەڵاتە سوڵتانیزمە بێنێت بەرگێکی نوێ ی لەبەر بکات لەپەنای سیستەمی سەرۆکایەتی بیشارێتەوە، ئەگینا من پێموایە ئەردۆغان تورکیا بەرەو ریفراندۆم ناکات بۆ ئەوەی سیستەمێکی سەرۆکایەتی لەتورکیا دابمەزرێت، ئەردۆغان ریفراندۆم بۆئەوە دەکات بۆ ئەوەی ئەو خەونەی پێی دەگوترێت خەونی عوسمانی یە نوێ یەکان بێنێتەدی وهەموو دەسەڵاتە رەهاکان وەکو سوڵتانەکانی پێشووی عوسمانی یەکان لەدەست خۆی کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی سیاسەتی خۆی بەوشێوەیە بەرێ بکات کە خۆیان دەیانەوێت، ئێمە دەزانین، چونکە ئێستا بەئاشکرا دروشمی عوسمانی یە نوێ یەکانیان بەرز کردووەتەوە.

**ئازادیی کۆمەڵگە: پێگەی کورد لەناوچەکەدا چۆن دەبینیت؟**

د.کامەران مەنتك: ئەو دوو ئاراستەیەی باسم کرد دوو ئاراستەیە کەیەکێکیان بەرەو ئیمپراتۆریەت و یەکێکیان بەرەو دابەش بوون، ئاراستەی یەکەم لەخزمەتی کورد نی یە، ئاراستەی دووەم لەخزمەتی کوردە، لەبەر ئەوەی ئەو نەخشە سیاسی یەی لەئارادایە هەرگۆڕانکارییەکی بەسەردابێت دەرفەتێک بۆ کورد دەبێت، لەدوای نەوەتەوە ئەو دەرفەتە بۆ کورد رەخسا لێرە، ئێستا لەسەر واقیع ئێمە خوێندنەوەیەکی واقیعی بکەین نەکەوینە ژێر کاریگەری راگەیاندنەکان، ئێستا مەسەلەی کورد لەباشوور واقیعێکی هەیە حکومەتێکی هەیە، ئەو حکومەتە هەرچۆنێک بێت گرنگ دەسەڵاتیکی خۆماڵی کوردی هەیە، لەرۆژئاواوە مەسەلەی کورد بەرەو پێش چووە.

**ئازادیی کۆمەڵگە: لەباشوور ئەو قەیرانە سیاسیانەی لەم دوایی یانەدا دروست بووە ئەگەری ئایندەی کوردی کەمتر نەکردووەتەوە ؟**

د.کامەران مەنتك: تۆ تەماشاکە ئێمە لەسەر مەسەلەی کورد و لەسەر سیستەمی سیاسی لەکوردستان دوو بابەتی جیاوازن، من لەسەر مەسەلەی کورد قسە دەکەم، لەسەر مەسەلەی سیستەمی سیاسی لە باشوری کوردستان لە قەیراندایە ئەمە هەمووومان ئەوە دەزانین، بەڵام مەسەلەی کورد لێرە حاڵەتێکی دیفاکتۆ هەیە، لەرۆژئاوای کوردستان حاڵەتێکی دیفاکتۆ هەیە، رۆژئاوای کوردستان رۆژ بەرۆژ لەسەر خاک

بەرەو پێشەوە دەڕوات، بۆ کورد و کوردستان قۆناخێکی زۆر بڕدراوە واتا لەو دوایی یە ئەو شەڕەی دوایی نەبوایە ئێستا باکوری کوردستان بۆ قۆناخێکی گەورەتر بەرەو پێشەوە دەچوو، لەبەر ئەوە بەبۆچوونی من کورد لەو شەڕانەی دوایی، هەرچەندە ئەوشەڕانەی دوایی کە لە باکوری کوردستان لەنێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا روویدا پێموایە داویک بوو حکومەتی نایەوە پەکەکە بەئاسانی تێ ی کەوت، ئەگەر ئەو شەڕانە نەکرایە یاخود دوا بخرابا رەنگە کورد زیاتر سوودی لێ وەرگرتبا، ئەو واقیعە نوێیە ئەو نەخشە داڕشتنەوە نوێیە وادەکات کەتورکیا هێزە هەرێمییەکان هەموو توانایەکیان بەکاربهێنن بۆ پاراستنی خۆیان، بۆیە گەمە لەسەر ئەوە دەکەن تواناکانی کورد لەجیاتی ئەوەی بۆ پەرەپێدانی ئەو هەرێمانە بڕوات دژی یەکتر بەکاری بهێنن، ئەزمونیان هەیە لەوەی سەرکەوتنیان هێنا مەسەلەن لەنەوەت و یەک کاتێک راپەڕین بوو لەکوردستان و خوێنێکی نوێ دروست بوو، حکومەتی هەرێم دروست بوو، پەرلەمان هەڵبژێردرا، لەجیاتی ئەوەی تواناکە بەرەو چەسپاندنی پرۆسە دیموکراسی یەکە بڕوات توانکانی کوردیان دژی پەکەکە بەکارهێنا و شەڕیان بەپەکەکە فرۆشت، بەوەی لەلایەک تواناکانی هەرێمیان بەخەساردا، سەرەتا شەڕێکی ناوخۆیان لەکوردستان دروست کرد لەلایەکی تر بووە هۆی زیانێکی زۆر بە پەکەکە بگات، لەهەردوو لاش ئەو دەوڵەتانە قازانجیان کرد، لەبەر ئەوە ئەو دەوڵەتانە بەشێوەیەکی ئاسایی کار لەسەر ئەوە دەکەن کەتواناکانی کورد دژی یەکتر بەکار بهێنن، بێگومان خڵکێکیش هەیە ئێستا لەدۆخی کوردستان لەرووی سیاسی یەوە گەیشتووەتە قۆناخێک ئامادەیە لەپێناو مانەوەی خۆی هەمووشتێک بکات. بەڵام وەکو باسم کرد ئەو مەسەلەی داڕشتنەوەی ناوچەکە ئەوانە هەندێک گۆڕانکاری هەیە لەسەرووی ئەوانەیە، ئەوانە یاریکەریکن رەنگبێت لەهەر لەحزەیەک بەهایان نەمێنێت لابدرێن، بەڵام مەسەلەی نەخشە سیاسییەکە کەپەیوەندی بەجوگرافیاو جیۆپۆلەتیکی کوردستانەوە هەیە وەک ئەو ئاراستەیە دەڕوات کەباسم کرد.

**پ د ک بەتەواویی بۆچوونی خۆی ئاشکرا نەکردوە سەبارەت بەکۆنگرەی نەتەوەیی!**

**ئازادیی کۆمەڵگە: رۆڵی رۆژئاوای کوردستان لەهاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا چی یە؟**

د.کامەران مەنتك: بەڕاستی رۆژئاوای کوردستان تەماشاکە ئێستاکە هەموو شەڕەکان لەرۆژئاوا لەیەک شوێن چڕ بووەتەوە، ئەویش لە سنوورەکانی کوبانێ و عەفرینە لەبەرئەوەی رۆژئاوای کوردستان بەرەو ئەوە دەڕوات کە سنوری جوگرافی خۆی تەواو بکات،عفرین و کوبانێ ئەگەر لەیەکتر بدرێن مانای وایە جوگرافیای تەواو بوو وە لەدەریا نزیک دەکرێتەوە، یەعنی بوونی هەر دەروازەیەکی بچوک بۆ سەر دەریا بایەخی جیۆپۆلەتیکی هەموو ناوچەکە دەگۆڕێت، سەرلەنوێ بایەخی جیۆپۆلەتیکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردادێت، لەبەر ئەوەیە ئێستا تۆ تەماشاکە لەو رێگا یەی کە کورد دەگەیەنێتە دەریا کورد وادەکات کەسنوری جوگرافی خۆی تەواو بکات هەموو هێزە هەرێمییەکان و نێودەوڵەتییەکان لەوێ کۆبوونەتەوە، نمونە لەمەنبەج، لەباب، لەجەرابلوس، پێشترتورکیا هات هەمووی ئیستا لەو خەتەیە بۆ ئەوەی رێگە نەدەن جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە بەوشێوەیە بگۆڕێت کەخزمەتی کورد بکات، لەبەر ئەوە رۆژئاوا من پێموایە ئێستا ئێمە دەڵێین لەدروشمەکان کەرکوک دڵی کوردستانە و نازانم چی، بەڵام ئێستا لەڕووی ستراتیژی یەوە رۆژئاوا بۆتە شادەماری ئایندەی کوردستان.

**ئازادیی کۆمەڵگە: دەستێوەردانەکانی پارتی بۆ رۆژئاوای کوردستان و ئەنجامی ئەم دەستێوەردانانە بەچی دەگەن؟**

د.کامەران مەنتك: ناوچەکە دابەش بووە بەسەر دوو هێز و هەموو لەمیدیا گوێمان لێ دەبێت طبیعیش دیارەو ئێمە دەبینین مەسەلەن، پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتووەتە ژێر کاریگەری تورکیا لەبەر ئەوە تورکیا پەیوەندی یەکانی لەگەڵ پارتی بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی هەرکاتێک بیەوێت وەکو هێزێک بەکاری بهێنێت لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی، دیارە پارتیش هەوڵ دەدات سوود لەوە ببینێت بۆ مانەوەی خۆی، بەڵام لەدواجاردا

بەراورد ناکرێت لەنێوان سوودەکانی پارتی کەلەبەرژەوەندی چەند کەسێکە لەگەڵ سوودەکانی تورکیا کەسوودێکی ستراتیژی و ئایندەیی گەورەیە لەبەر ئەوە بەبۆچوونی من ئەو هەوڵانە دەکەوێتە سەر ئەوەی تا چەند پارتی بەفیعلی ئەوەی دەیڵێت تەطبیقی دەکات، مەسەلەن تاوەکو لەڕێ ی سیاسەت و لەڕێ ی ئیعلام و لەرێ ی دیبلۆماسیەتەوە بێت من پێموایە کێشە نی یە، چی دەڵێن گرنگ نی یە، بەڵام هەرکاتێک هەوڵیاندا لەڕووی خاک لەڕووی واقیعەوە تەطبیقی بکەن ئەوکاتە خەتەرەکان دەست پێ دەکات، لەبەر ئەوە پارتی خۆشی دەزانێت رەنگە ببێتە زەرەرمەندی یەکەم لەهەر پراکتیزەکردنێک بۆ سەر واقیع، ئەوان لەناو خۆیان لەقەیراندان، قەیرانی ئابووری لەکوردستاندایە قەیرانی سیاسی لە کوردستاندایە، قەیرانی جەماوەری و حیزبی یان هەیە، واتا دۆخێکی هێندە لاوازە ئەگەر بچنە ناوشەڕێکی وا من پێموایە زەرەرمەندی یەکەم دەبن.

**ئازادیی‌کۆمەڵگە:ململانێ‌سیاسییەکانی کوردستان و دەرئەنجامەکانی چۆن دەبینیت؟**

د.کامەران مەنتك: لەباشوری کوردستان ململانێ ی سیاسی زۆر لاوازە، بەڕاستی من پێموایە ئەوەی لەباشوری کوردستان روودەدات ململانێکان زیاتر ململانێ یەکی خێڵەکی و بنەماڵەیی یە، لەسەر بەرژەوەندی یەکانە واتا کۆمەڵێک گرووپ کۆمەڵێک کۆمپانیا شەڕ دەکەن لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان، لەبەرئەوە ئەگەر ناوی لێ بنێیت ململانێی سیاسی هەر کاتێک ململانێی سیاسی کاتێک بەرژەوەندییە سیاسییەکانی نەتەوەیەک یاخود میللەتێک یاخود وڵاتێک دەکەوێتە خەتەر ئەو ململانێ سیاسیانە بەشێوەیەک ئیدارە دەکرێت کەخزمەتی ئەو ئامانجانە بکات، بەڵام لەکوردستان لەبەرئەوەی ململانێکان سیاسی نین ململانێکان کەسین لەسەر ئەو وەسفانەن کەتازەکردم لەبەر ئەوە تەماشا دەکەی مەسەلەی چارەنووس و مەسەلەی ئیدارەدانەکە هیچ بایەخێک بەچارەنووسی میللەتەکە ناندرێت.

> **بەڕاستی پەکەکە دروشمی خۆسەری دیموکراسی یان بەرزکردووەتەوە پێیان وایە لەسەر ئەو بنەمایە ئیداراتی یان نەخشەی نوێ دروست بکرێ**

**ئازادیی کۆمەڵگە: پێتوایە بۆ هەردوو لایەنی ململانێکان هەمان پێناسە دەگرێتەوە؟**

د.کامەران مەنتك: لایەن وەکو کێ مەبەستت؟

**ئازادیی کۆمەڵگە: مەبەستم پارتی بەرامبەرلایەنەکانی تر لەکوردستاندا کە لەململانێدان؟**

د.کامەران مەنتك: من پێموایە لەباشوری کوردستان پارتی لەگەڵ لایەنەکانی تردا کێشەیەکی ئەوتۆی نی یە، لەبەر ئەوەی گۆڕان لەڕووی ئیعلامی یەوە کێشەی هەیە، بەڵام لای پارتی گرنگ نی یە، قسە دەڵێت هەرچی دەڵێت ئیهمال دەکرێت، یەکێتی یە هێزی سەربازی یەکێتی تاکو ئیستا لەگەڵ پارتی ژێر بەژێر لەگەڵیان یەکن و پارتی کار لەسەر ئەوە دەکات کۆمەڵێک بەرژەوەندی بداتێ وبهێنێتە ناو ئەو هاوکێشەیەی خۆی وەکو نەوەدو یەک لەگەڵ کورد بەکاریان بهێنێت و شەڕ بکەنەوە، بەڵام تاکو ئیستا نازانرێت کەیەکێتی دەکەوێتە ژێر ئەوبارە یان نا، بەڵام یەکێتی تاوەکو ئێستا هەڵوێستەکانی لەسەرەوە شتێکە لەخوارەوە شتێکە، من لەدەنگی ئەمریکا قسەیەکم کرد، گووتم لەباشووری کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستان بازرگانی بەخاک و وڵات دەکات، گۆڕان بازرگانی بەخەونی خەڵک دەکات، لەبەرئەوەی ناتوانێت دیفاع لەخەونەکانیش بکات، یەکێتی بازرگانی بەهەردووکی دەکات، ئیسلامی یەکان نەک بازرگانی بەسەر ژیانی خەڵک دەکەن

بازرگانی بائاخیرەشیان دەکەن، ئەوانە لەدواجاردا لەبەر ئەوەی وەسفی بازرگانیان لەسەر پراکتیزە دەکرێت هەموو لە دواجاردا بەرژەوەندییەکان بەیەکەوە کۆی کردوونەتەوە کێکەکە دابەشکراوە، ئەو هاش و هوشی راگەیاندنە کە دەکرێت تەنها بۆ فریودانی رای گشتی خەڵکی کوردستانە و هەرکەس دەیەوێت پاکانەی خۆی بکات، بەڵام ململانێ ی سەرەکی لەکوردستاندا لەنێوان دووهێزە هێزێکیان پەکەکەیە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان،

ئێستا ململانێکان لەمابەینی ئەو دوو ئاراستەیەیە، بەڕاستی پەکەکە دروشمی خۆسەری دیموکراسی یان بەرزکردووەتەوە پێیان وایە لەسەر ئەو بنەمایە ئیداراتی یان نەخشەی نوێ دروست بکرێ، پارتیش دروشمی دەوڵەتی کوردی بەرزکردووەتەوە هەرچەندە ئێمە لێرە زیاتر لەناو واقیعەکە دەژین ئەو دروشمە لەگەڵ ئەوەی لەواقیع دەگوزەرێت دووشتن زۆر لەیەکتر جیاوازن.

**ئازادیی کۆمەڵگە: زۆربەی کێشەکانی نێوان پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر مەسەلەی هەبوونی ئەقڵی خێڵەکی بەرامبەر ئەقڵی پێشکەوتن خوازە، ئایا پێت وانی یە کێشەی نێوان پارتی و پەکەکە بەشێکی لەسەر ئەو جیاوازی یە بێت؟**

د.کامەران مەنتك: سەرەتا من پێموایە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شەڕە لەسەر مەسەلەی ستراتیژی جیۆپۆلەتیکیەکان، مەسەلەی ڕۆشنبیری یەکان و مەسەلەی لایەنی کۆمەڵایەتی وەکو ئامرازێک لەوشەڕەدا بەکاردەهێنرێت وەکو سۆفت پاوەرێک یاخود ژێرخانێکی کۆمەڵایەتی و بونیادێکی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنرێت لەمەسەلە سیاسی یەکاندا، ئەگینا لەناوچەکە وەکو باسم کرد شەڕە لەسەر داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی ناوچەکە کەواتە شەڕێکی ستراتیژییە، هەروەها شەڕێکی جیۆپۆلەتیکیشە، بەڵام بەنیسبەت ئەو دوو هێزە دیارە لەدوو کلتوری جیاواز پەروەردەبوون، پارتی کرێکارانی کوردستان هەوڵ دەدات خۆی لەو مێژووە دابڕێت کەحیزبەکانی کوردستان کاریان لەسەر کردووە، وەکو دەڵێن وەکو لەمیدیاکان و لە ئیعلامەکان دەیان خوێنینەوە ئەوان ئیعتیماد دەکەنە سەر تیۆری ئۆجەلان کەپێ ی وایە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوەیە خەڵکەکان

> **لە کۆنگرەی نەتەوەییدا بدرێت بەهێزی هەرێمی و جیهان-یش. ئیتر کەس ناتوانێت کوردان بگەڕێنێتەوە دواوە، کۆنگرەی نەتەوەیی بەو دەوڵەتانە دەڵێت وەرن، سەرلەنوێ پەیوەندی خۆمان سەر راست بکەینەوە و چەند پرانسیپێك لەنێو خۆمان دابنێین**

بەیەکەوە بژین لەسەر بنەمایەکی وەک یەکێتی ئەوروپا کۆمەڵێک کانتۆنات و کۆمەڵێک قەوارەی سیاسی هەرچەنێ بێ بەیەکەوە ئیدارە بکاو بەیەکەوە بژین بۆ ئەوەی کێشە لەمابەینی نەتەوەکان نەمێنێت، ئەوە من پێموایە خوێندنەوەیەکە بۆ ئەوەی کە من لەوسیمینارەی پەکەکە کە لەسلێمانی کرا گوتم مەسەلەی دەوڵەت کە دەستی پێ دەگرن پارتی دیموکراتی کوردستان دەوڵەتی نەتەوە مۆدیلێکی سەدەی نۆزدەبوو دوای جەنگی جیهانی یەکەم لەو ناوچانەدا دایان نا، تەطبیقیان کرد تەماشاکە ئەوە نەجاحەتی نەهێنا، لەبەرچی ؟ لەبەرئەوەی دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای دوژمنکاری دامەزرابوون، کۆمەڵێک نەتەوە ئابووری یەکی لاواز بەبێ ستراتیژی بەبێ یکگرتووی بەسادێکی زۆر، وای کرد ئەو دەوڵەتانە گەلەکانیان ببنە کۆیلە و حاکم و بنەماڵە هەموو سەروەتوو سامانەکانیان بەگوێرەی بەرژەوەندی یەکانی خۆیان بەکار بهێنن، ئێستا ناوهێنانی من پێموایە تێ نەگەیشتنە لە سەردەمی مێژوو ئێستا ئێمە لەسەردەمی گەیاندنین، سەردەمی گەیاندن تەقسیمی خۆی پێ یە لە بۆ دنیا، مەسیح دەڵێ: بەجلی کۆن قوماشی نوێ پینەمەکە لەبەر ئەوەی هەردووکیان سەقەت دەبن، هەم قوماشەکە و هەم جلەکۆنەکە، لەبەر ئەوە بەبۆچوونی من ئەو گۆڕانکاری یەی کەدێ لەڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست لەناوچەکە مۆدیلیکی نوێ دێنێتە گۆڕێ، ئەومۆدێلە پێگەیەکی تردێنێت بۆ کورد بۆ ئەوەی ئیدارەی خۆی بکات، ئەوجا ئەوە بەبۆچوونی من ناو گرنگ نی یە، ناوهێنانی دەوڵەت تەنها ژیاندنەوەی ژێ ی ناسیۆنالیستی نەتەوەکانی تر مەسەلەن ناسیۆنالیستی عەرەب و ناسیۆنالیستی تورک و فارس، هەروەها دوور خستنەوەی خەڵکەکانی ترە، بەڵام ئەگەر هەوڵدان بۆ ئەوەی هەرچی ناوێکی لێ بنرێت، بەشێوەیەک دابڕێژرێتەوە گرنگ ئەوەیە تۆ لە واقیع چی دەسەلاتێکت دەبێت، چیت دەکەوێتە ژێر دەست، چۆن ئیدارەی وڵاتەکەی خۆت دەکەیت، نەک ناوی چی یە؟ پێموایە ئەو دابەشبوونەی دێت بەدوای ناوێک دەگەرێت هێشتا ناوەکەی نەدۆزیتەوە.

# نووسەرێک: دیموکراسییەت لەبەڕێوەبەرایەتی سیاسیی باشوور بوونی نەبووە

ئازادیی کۆمەڵگە
ئا: ئاسۆ جەوهەر

چالاکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، رایدەگەیەنن، حیزب هیچ بەهایەکی بۆ دیموکراسی نەهێشتووەتەوە، دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان ناوەڕۆکەکەی پووچ کراوەو ئەوەی کراوە ئەتککردن و شێواندنی دیموکراسیەت بووە. جەختیشدەکەنەوە: ئاستەنگییەکانی بەردەم دیموکراسی لە هەرێم، نەبوونی دەستوور و یاسایەکی جێگیرە و هێزی سەربازی و هەژموونی حیزبیش، ئەو هۆکارانەن کە ناهێڵن دیموکراسی بچەسپێت.



دیار عەزیز شەریف، نووسەر، ئاماژە بەوەدەکات:»کاتێک دەڵێین دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان یان هێزە سیاسییەکان بەگشتي (بانگەشەی دیموکراسی) دەکەن، ئەوە ناکەوینە هەڵەوە، بەڵام ئەگەربێتو بڵێین دیموکراسییەت پاشەکشەی کردوە یان کەم و کوڕی لەم بوارەدا هەبووە یان هەیە ئەوە دەکەوینە هەڵەیەکی گەورەوە لەڕووی زانستی سیاسییەوە. دیموکراسیەت لەم وڵاتە لە هەڵبژاردن، باڵەخانەی پەرلەمان و حکومەت و وەزارەتەکان کورتکراوەتەوە. بەڵام ئەوەی لە ٢٥ ساڵی رابردوو لە حکومڕانی سیاسی هەرێمی کوردستان بینیمان، حکومڕانییەک بووە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندی بە چەمکی دیموکراسییەتەوە نەبووە. ئەوەی کە لە واقیعدا ئەزموونکرا، ئەزموونی حوکمڕانییەکی حیزبی-بنەماڵەیی بووە.»

دیار عەزیز، لە وەشدەدوێت کە دیموکراسیەت ئەتکراوەو حیزبەکان کردویانە بە ئامرازێک بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، بە ئازادیی کۆمەڵگەی راگەیاند:» دەکرێ لە زۆر رووەوە بە بەڵگەوە بیسەلمێنین کە چەمک و بەهاو پرەنسیپەکانی دیموکراسییەت لەنێو ئەزموونی بەڕێوەبەرایەتی سیاسی باشوور دوورو نزیک بوونی نەبووەو پەیڕەوی لێنەکراوە. بەپێچەوانەوە ئەوەی کراوە، ئەتککردن و شێواندنی دیموکراسیەت بووە، دیموکراسیەت لەلایەن پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی تریشەوە کراوەتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتێکی حیزبی و پەیڕەوکردن و سەپاندنی کۆی بەهاو چەمکە خێڵەکی، بنەماڵەیی، ئایینی و ناوچەگەرییەکان بەسەر کۆمەڵگەدا. لەمڕووەوەش پەنابردنە بەر هەڵبژاردن، باشترین ئامرازێکی چەواشەکاریی سیاسی بووە، لەلایەن ئەو هێزە کلاسیکانەوە. بەشێوەیەک لەم وڵاتە هاوشێوەی وڵاتە دواکەوتووەکانی ناوچەکە، دیموکراسیەت بۆ هاوڵاتیان تەنیا لە بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردن کورتکراوەتەوە. لەکاتێکدا دیموکراسیەت سەبارەت بە هاونیشتیمانیان،

مەسەلەیەکی ژیانییەو دانەبڕاوە لە ژیانی ڕۆژانەیان.»

دیار، وتیشی: مەسەلەی فرە حیزبی وەک پرەنسیپێکی دیموکراسی، ئەویش لە باشووری کوردستان لەلایەن هەردوو حیزبی باڵادەستەوە چەواشەکاریی بەرامبەر کراوە. ئەوەی لە دوای دروستبوونی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمەوە، تائێستا بوونی هەبووە، وەهمی فرە حیزبی بووە، نەوەک بوونی فرە حیزبییەکی راستەقینە لە کوردستان. لەمبارەیەوە تەسفیەکردن و لەناوبردنی جۆر بەجۆری کەسایەتییە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکان، تەنانەت کۆمەڵکوژکردنی پارتێکی سیاسیی لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە، باشترین بەڵگەن. تەنانەت ڕێگریکردن لە پارتیی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، و مۆڵەت پێنەدانی سەرەڕای دووجار ئەوەی دووجار سەرلێدانی یاسای کرد، بەڵگەیەکی ترن بۆ نەبوونی دیموکراسییەت لە باشووری کوردستان. ئەی سەبارەت بەو هەموو توندوتیژییەی بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان و تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس و نووسەرە ئازاد و سەربەخۆکان کراوە؟ ئەمە چیمان پێدەڵێت، جگە لە بروانەبوونی ئەم دەسەڵاتە بە ئازادیی نووسین و رادەربڕین، کە بێگومان ئەمەش پرەنسیپێکە لە پرەنسیپە بنچینەییەکانی دیموکراسییەت. بێگومان ئەم دۆخە تاریک و تۆقێنەرە تەنها هەر مەترسی نەبووە لەسەر ژیانی نووسەرو ڕۆژنامەنووسانی ئازاد و خاوەن بیروڕای سیاسیی جیاواز، بەڵکو ژیانی ژنان لە باشووری کوردستان لەوپەڕی مەترسی و نالەباریدا بووە، ئاماری مەترسیداری کوژرانی ژنان، لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئێستا پێگەی راستەقینەی ژن لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە و کۆمەڵگەیە دەردەخەن.

**هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشوور بۆ ناتوانن هەنگاوبنێن، چونکە یەکەم دیموکراسییەت لە فەلسەفەی سیاسیی و دنیابینی ئەواندا لە پێشدا کلتورێک نەبووە**

ناوبراو، ئەوەشدەخاتەڕوو، کە «بەگشتیی دۆخی گەنجان گەر سەیربکەین، ئەو ژیانە دژوارەی ئەوان تێیدان لەرووی بێ مافی سیاسیی، کلتوریی، ئابوورییەوە، کە ناچار بە سەرهەڵگرتنی کردوون بۆ ڕێگای هات و نەهات... هەر ساڵێ پار بوو، بەهۆی ئیفلاسی ئەم دەسەڵاتە سیاسییەوە، دەیان هاوڵاتی لە ژن، پیاو، منداڵ لە دەریای ئیجە خنکان.»

ئەو نووسەرە، جەختیکردەوە: هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشوور بۆ ناتوانن هەنگاوبنێن، چونکە یەکەم دیموکراسییەت لە فەلسەفەی سیاسیی و دنیابینی ئەواندا لە پێشدا کلتورێک نەبووە، چەمکێک نەبووە کە ئەوان باوەڕیان پێی هەبووبێت، تەنانەت لە ژیانی حیزبی خۆیشیاندا، بەڵکو ئەوەی کە هەبووەو پەیڕەوی لێ کراوە، لە ناوەوەو دەرەوەی ژیانی حیزبی خۆیاندا ئەو چەمک و بەهاو تێگەیشتنانە بووە کە ڕێک پێچەوانە و دژی کلتوری دیموکراسی بووە. لەبەرئەوە ئەوان، هەر هەنگاوێک لەم ڕووەوە بنێن، ئەوە بە زیانی ئەو پێکهاتە لە دەسەڵاتە حیزبییەدا تەواو دەبێت کە ئەوان ٢٦ ساڵە لەسەری دەژین. ئەوەی کە دەمێنێتەوە تەنیا بوونی باڵەخانەو ناوەکانە، بەناوی دەسەڵاتی تەشریعی و تەنفیزی و دادوەریی. واتە لەرووی دیموکراسییەوە ئەوەی کە هەیە هەیکەلێکی بێ ناوەڕۆکە.

دیار عەزیز شەریف، چەندین پرسیار ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسیی دەکات و دەوروژێنێت کە «ئایا لە سیستەمی دیموکراسی بووە کە بەدرێژایی ٢٦ ساڵ لە حوکمڕانی، دەستاودەستکردنی دەسەڵات ڕووی نەدابێت؟ خەڵک لەسەر بیروڕای سیاسیی و چالاکیی مەدەنیانە تیرۆرکرابێت؟ ڕۆژنامەنووس لەسەر بڵاوکردنەوەی راپۆرتێک لەبارەی گەندەڵی ئیداری و دارایی کوژرابێت؟ نووسەرێک لەسەر وتارێکی فانتازی و خەیاڵی تیرۆرکرابێت؟ کۆمەڵکوژی دژ بە پارتێکی سیاسیی مەدەنی

کرابێت؟ ئایا تائێستا یەک کەس لە بکوژو تاوانباری تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان دەستگیر کراوە؟ زیندانی نهێنی هەبووبێت و خەڵک لەسەر بیروڕای سیاسی جیاواز بێ سەروشوێن کرابێت؟ پەرلەمان کاتێک تۆزێک دەیەوێت ئەدای پرەنسیپ و بەهاکانی خۆی بکات، بەزەبری چەک لەکاربخرێت و کودەتای بەسەردابکرێت؟ خەڵک لەبەر بوونی بیروڕای سیاسی جیاواز لە وەزیفەی حکومییان دەربکرێن، لە کۆمپانیا تایبەت و تەنانەت بیانیەکانیش دەربکرێن؟ رۆژانە بە سەدان هەزار بەرمیل نەوت بڕوات، کەچی بەناوی قەیرانی دارایی خەڵک برسی بکرێت، فەرمانبەران و مامۆستایان بێ مووچە بکرێن؟ رۆژ دوای رۆژ نوخبەیەکی سیاسی و خەڵکانی نێو حیزبە دەسەڵاتدارەکان بەتایبەتی دەوڵەمەندتر بن و خەڵکانی تریش هەژارتر؟ ئایا حکومڕانییەکی دیموکراسی ئەوەی لێدێتە بەرهەم؟ تەنانەت هەر بەڕاست حکومڕانییەکی نیشتیمانی و نەتەوەییش ئەم دۆزەخەی بۆ بەشێکی زۆر لە هاونیشتیمانیانەکانی لێدێتە بەرهەم؟»

ئەندامێکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، پێوایە هەنگاو بۆ پرسی دیموکراسی نراوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان نەکەوتووەتە بواری کردارییەوە.



پەروا عەلی، ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، بە ئازادیی کۆمەڵگەی

**یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراتی ڕێزگرتنە لە دەنگی خەڵک. هەڵبژاردن بۆ خۆی یەکێکە لە گرنگترین ئەو پێوەرانە**

راگەیاند: راستە هەنگاو بۆ پرسی دیموکراتی نراوە، بەڵام ئەم پرسە نەکەوتووەتە بواری پراکتیکەوە و جێکەوت نەکراوە لە ناو ئەم هەرێمەدا. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئێمە بڕوامان بە چەمکی دیموکراتی نییە، لەبەرئەوەی تەنها لە مانشێتی رۆژنامە و وتارەکانمادا رەنگی داوەتە، بۆیە پێوستە دیموکراتی لە خۆمانەوە دەست پێبکەین، کە دەڵێم خۆمان واتە بە سیستەم حکومەت هەموو بوارەکانی رێکبخات، هەموو دامودەزگا ودامەزراوەکان رێکبخات و یاسا سەروەربێت و مافی تاک پارێزراوبێت تا یاسا لەسەرووی هەموو کەسێکەوەبێت: رێزی یاساکان بگیرێت لەلایەن حزبەکانەوە، ئینجا لەلایەن کۆمەڵگەوە. ئەوەی ئێمە هەمانە هەژموونی حزبایەتی زۆر گەورەترە، دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموو بوارەکاندا، چونکە دەبینین هێزی سەربازی تاکە حزبێک شەرعیترین دەسەڵات کە دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراوە، کە ئەویش پەرلەمانی کوردستانە پەکبخرێت، کەواتە ئەوەندەی هەژموونی حزبی، سیاسەتی بەرژەوەندی خوازی و قۆرخکاری لەهەرێمی کوردستاندا جێبەجێدەکرێت، هێندە هەوڵنادرێت و کار بۆ پرسی دیموکراتی ناکرێت و پرانسیپەکانی جێبەجێ ناکرێت، ئەگەر لەسەرەتاشدا بین پێوستە هەنگاوەکانمان هەنگاوی پتە و لە ئاستی پێویستدا بێت. هەنگاونرا، بەڵام بەداخەوەنەیان هێشت ئەو هەنگاوانە بەردەوام بێت، هێزی سەربازی و هەژموونی حیزبی ئەو هۆکارانەن کە ناهێڵن دیموکراسی بچەسپێت، چونکە ئەگەر دیموکراتی بچەسپێت هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە پێویستە بەشداربن، لە هەموو پرسەکاندا لە خۆشی وناخۆشییەکانی ئەم هەرێمەدا، زۆر ئاسایی بۆچوونە جیاوازەکان بەهەند وەربگیرێت و پێکەوەژیان دروست بکرێت. هەوڵبدرێت هەر کەس لە ئێمە ئازادە چۆن بیردەکاتەوە و هەروەها

گرنگیشە ڕێز لە بیروڕای جیاواز بگرن، لەوپەڕەی چەپەوە بۆ ئەو پەڕی ڕاست.

پەروا عەلی، وتیشی: دیموکراتی پەروەردەیە، کۆمەڵگە دەبێت فێربکرێت تا بڕوات پێی بێت، تاوەکو بتوانی بڕوات بەخۆتبێت لە جێبەجێکردنیدا، ئینجا ئەمە لەسەر ئاستی تاک و حیزبەکان و دەسەڵاتیش؛ بەداخەوە دەسەڵات نەی کردوە.

ئەو ئەندامەی پەرلەمان، جەختیکردەوە: یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراتی ڕێزگرتنە لە دەنگی خەڵک. هەڵبژاردن بۆ خۆی یەکێکە لە گرنگترین ئەو پێوەرانە، بەڵام ئێمە لەبەرئەوەی بڕوامان پێی نییە لە هەرێمی کوردستاندا بانگەشەی بۆ دەکەین کە ئێمە وڵاتێکی دیموکراتین، بەڵام لە ئەرزی واقعدا وانییە. لەبەر ئەوەی لیستی ناوی دەنگدەران پاک نەکراوەتەوە و پەنادەبرێتە بەرئەوەی ساختەکاری دەکرێت، بۆ ئەوەی دەنگی زۆرتر بهێنن. دواتریش پەرلەمانی کوردستان بەپێ کورسییەکان و ڕێژەی ئەو دەنگانەی کەهاتووە هەم لەنێو سلێمانی و هەم لە هەولێر، ئێمە بینیمان لە ناوسلێمانی بزووتنەوەی گۆڕان زۆرترین دەنگی هێنا بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، بەڵام ئەوەتا قبوڵ نەکرا. دواتر بە تەوافقاتی سیاسیی و بۆ ئەوەی وەزعەکە تێک نەچێت و هتد... کۆمەڵێکشت هەیە لای ئێمە بەداخەوە! بڕوایان پێی نییە حیزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی یەکێتیی و پارتیی بابەتی چەمکی دیموکراتییە. ئێستا بیر لەوەدەکرێتەوە کە هەڵبژاردن بکرێت و کۆمسیۆن ئامادەکاری بکات بۆ هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی ڕێکارێکی باش دابنێت بۆ دەنگهێنانی



زیاترو پلان بۆ ئەوە دادەنێن دەنگی ساختە بهێنن؛ بەداخەوە دیموکراتی لە وڵاتی ئێمەدا شێوندراوە.

ئارام بابا، ماستەر لە یاسا-مافەکانی مرۆڤ-، وتی: هەڵسەنگاندنی مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی دەچێتە چوارچێوەی بەرجەستە کردنی

**دیموکراسی بریتییە لە حکومی گەل لەپێناو گەل، ئەمە پێناسەیی شیکاری حکومەتە**

دیموکراسیەوە ، ئێستا وڵاتانی ئەوروپا گرنگییەکی تایبەت بەم بوارەدەدەن. ئەو بوارەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا لەدەزگا ئەکادیمی و ڕاگەیاندنییەکاندا و پێشتریش گرنگی بەرچاو بە بواری دیموکراسی دەدرا، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ ڕۆژ بەڕۆژ هەنگاوەکان بەرەودواوە دەڕوات، لەبری ئەوەی بەرەوە پێشەوە بڕوات بۆ ئەمەش کۆمەڵێک هۆکار هەیە. لە پشتی گەڕانەدواوەی ڕەوشی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان لە حکومەتدا دیموکراسی نییە و وەزیرەکانی چەند حیزبێک نێردرانەوە و لە کارخستنیان! ڕێگری کردن و ناردنەوەی سەرۆکی پەرلەمان، ئەمانە ڕاستەوخۆ دەستبردنە بۆ سەر کایەی دەسەڵاتی سیاسیی بە پلەی یەک و بە پلەی دوو بۆ سەر ڕەوشی تاک یان مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان. چونکە پەرلەمان دەزگایەکی زۆر زۆر کارا و گرنگە، لە زۆر شوێنی جیهاندا، لەهەر شوێنێک سیستەمەکە سیستەمێکی پەرلەمانی بێت. چونکە پەرلەمان بۆ خۆی دەتوانێت سەرۆکی حکومەت یان وەزیرەکان یان لێپرسینەوە بکات لە دەزگا کەمتەرخەمەکانی حکومەت، بانگهێشتی پەرلەمانیان بکات و سەحبی سیقەیان لێبکا و متمانەیان لێبسێنێتەوە؛ هەموو ئەمانە دەزگایەکی گرنگی وەک پەرلەمان دەیکات. بەڵام دەبینی ئەمڕۆ لە واقعا ئەمە بەرجەستە نییە و پەرلەمان پەککخراوە، دەتوانین

بڵێین حکومەتیش ئەو دەزگا گرنگە نییە، کە بتوانێت بەشێوەیەک کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات، لە کارخستنی ئەم دەزگا گرنگانە و دوورخستنەوەیان لە کایەی سیاسی هەرێمی کوردستان هۆکارێکە بۆ بەرەودواوە رۆیشتنی دیموکراسی لە هەریم.

ئارام بابا، ئاماژەی بەوەشکرد، لە جیهاندا ئەمرۆ بابەتی رەوشی مافەکانی مرۆڤ گۆڕدراوە، تەنها لە هەندێکی شتی سادەدا خۆی نابینێتەوە، جەختیکردەوە: ئەمرۆ مافەکانی مرۆڤ خۆی لە خۆشگوزەرانی مرۆڤدا دەبینێتەوە. لێرەش سەرجەم ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە خراپکردنی رەوشی تاکەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان،



راستەوخۆ دەست بردنە بۆ مافەکانی مرۆڤ و پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ!

رێبین عەبدولرەحمان فەتاح، توێژەری سیاسی لە زانکۆی چەرموو، بە ئازادیی کۆمەڵگەی راگەیاند: دیموکراسی بریتییە لە حکومی گەل لەپێناو گەل، ئەمە پێناسەیی شیکاری حکومەتە، واتا حکومداریی کردن و حکومداریش خۆی لە بەڕێوەبردندا دەبینێتەوە، ئیدارەکردنیش واتا دەبێت کەسی کارامە و شیاو و خاوەن عەقڵی کارپێکەر، ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە هەبوونی پلان بۆ ئێستا و داهاتوو، کە گرنگە ئەمەش رەنگدانەوەی لە واقعدا هەبێت نەک تەنها هەموو

> **(پلان، رێکخستن، ئاراستەکردن، چاودێری کردن) لەم حکومەتەدا بوونی نییە و توانای بڕیاردانی نییە**

ئەمانە رووکەش بێت. سیستەمی سیاسی بناخە و بنەمای دەوڵەت و ژیانی سیاسی کۆمەڵ و کۆمەڵگەیە، هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەش لەو چوارچێوەیدان، ئەمەش لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا زیاتر بوون و رەنگدانەوەی نەک لە کۆمەڵگەی دواکەوتوو و پاشکەوتووە، چونکە کۆمەڵگەیەك کە خاوەنی سیستەمی سیاسی دیموکراسی بێت، ئەوا توانای دەستاودەستکردنی دەسەڵات و یەکتر قبوڵکردنی دەبێت هەبێت.

رێبین عەبدولرەحمان، ئاماژەی بەوەشکرد، هەرێمی کوردستان لەساڵی (١٩٩١)ەوە بە هەڵبژاردن وەك بنەمایەك لە بنەماکانی دیموکراسی ئاشنا بووە و بۆ ئەنجام، یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە (١٩٩٢/٥/١٩) کرا کە لێرەوە پارتی و یەکێتیی بەرێکەوتنی نێوان خۆیان، بەشێوەی پەنجا بە پەنجا، دەسەڵاتیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکرد.

ئەوەشی خستەڕوو: لەکاتێکدا کە پارتی رێژەی (٥٠,٢٢٪) دەنگی هێنا، بەڵام یەکێتیی (٤٩,٧٨٪) دەنگی هێنا، لێرەوە دیموکراسیان بەتەواویی پەکخست. لەو دەمەوە، پێنج کابینەی حکومەت پێکهێنراوە، لەساڵەکانی (١٩٩٢,١٩٩٦,٢٠٠٦,٢٠٠٩,٢٠١٣) کە ئەمانە کابینەی سەرتاسەری بوون لە هەرێمی کوردستان، بەڵام هیچیان نەیاتوانیوە سیستەمێکی دیموکراسی کاراو کارامە و خاوەن بنەمای بەهێزی هەبێت، کە بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت.

رێبین، وتیشی: ئەوەی ئێستا لەهەرێمی کوردستان دەگوزەرێ، بەتەواویی دژ و پێچەوانەی خودی دیموکراسی و بنەماکانی دیموکراسییە، دامودەزگا بوونی نەماوە، ئەوەی هەشە بنەماکەی فشەڵە، تەنها بەناوە بوونی ماوە کە ئەویش حکومەتە، کە ئەمیش بەسەر خەڵکەوە بووەتە بەڵا، چونکە کەڵەکەیەك قەیرانی بۆ هاوڵاتیانی هەرێم دروست کردوە، لێدەرچوون و رزگار بوون لێی رەنگە کارێکی ئاستەم بێت! بەتایبەت بەم حکومەتەی ئێستای هەرێمی کوردستان، چونکە وەزیفەکانی ئیدارەدان کە بریتییە لە(پلان، رێکخستن، ئاراستەکردن، چاودێری کردن) لەم حکومەتەدا بوونی نییە

و توانای بڕیاردانی نییە، بەتایبەت لە مەلەفە قورسەکانی وەکو مەلەفی گەندەڵی و نەوت و چاکسازی...هتد.

**گەلی کورد قوربانی زۆرمانداوە لە پێناو ئاشتی و ئازادیی و ژیانێکی شکۆمەندانە، دیموکراسی پرۆسەیەکی سەرەکییە لە گەیشتن بەو دۆخە**

ئەو توێژەرەی زانکۆی چەرموو، جەختیکردەوە: ئاستەنگییەکانی بەردەم دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان بریتین لە:

١. نەبوونی دەستوور و یاسایەکی جێگیر و کارپێکراو: دەستوور بریتییە لە یاسای باڵای دەوڵەت (القانون العليا)، یان بریتییە لەو یاساییەی کە بواری یاساکان و بواری ئیداری و دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری تیادا دیاریکراوە. یان بریتییە لەو یاساییەی کە بەدایکی یاساکان ناسراوە. لەهەرێمی کوردستان دەستوور بوونی نییە، کە ئەمەش بۆشایی بۆ زۆر لە بوارەکانی یاسا و سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئابووری دروستکردووە.

٢. ململانێ لەسەر دەسەڵات: سەرجەم لایانە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت یەکێتیی و پارتیی و گۆڕان، ململانێیەکی سەختیان هەیە لەسەر دەسەڵات، سەرجەم بانگەشەکانیشیان بەدەرن لە بەرژەوەندی خەڵك و هاوڵاتیان، ئەمەش یارییەکی قێزەونی دروستکردووە، لەنێوانیان؛ هەمووشی دژە بە بەرژەوەندی هاوڵاتیان.

٣. بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و تەشەنەکردنی: گەندەڵی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە بۆ بەرژەوەندی تایبەت، کە ئەم پێناسەیە تەواو جێبەجێدەبێت لەسنووری دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان. بەتایبەت لە سەرکردە سیاسییەکان، واتا لە ترۆپکی دەسەڵاتدا گەندەڵی هەیە.

٤. لاوازی کۆمەڵگەی مەدەنی: کۆمەڵگەی مەدەنی کەناڵی سەرەکییە لە بەشداری سیاسی و هەروەها بەشداری کردن لەبڕیاردانی سیاسی و دارشتنی سیاسەتی گشتیی وڵات، بەڵام ئەوەی لەمەیدانی سیاسی هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەوەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی لەڕووری ئیداری و دارایی سەربەخۆ نین، بەڵکو سەر بەحزبە سەرەکییەکانن.

٥. دوانەی بەڕێوەبردن و نەبوونی بنەمای سەروەری یاسا: سەروەری یاسا لەهەرێمی کوردستان، بوونی نییە، دادگاکان لەژێر رەحمی حیزبەکاندا کارەکانیان بەڕێ دەکەن، بۆیە ناتوانن سەربەخۆبن و دادوەری بسەپێنن، سەرئەنجام هاوڵاتیان زەرەرمەندنی سەرەکین، چونکە بەهێزەکان لاوازەکان سەرکوت دەکەن.

بۆیە دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان، ئەوەی سەرکردە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە بانگەشەی بۆ دەکەن، تەنها قسەی سەر زارە و هیچی تر، چونکە لەسایەی حکومەتی کوردییدا خەڵك برسییە و بێکارە، کە ئەمەش سەرەتایترین مافەکانی هاوڵاتیانە لەهەرێمی کوردستاندا بوونی نییە.

هەروەها رۆژنامەنووسێکیش، هێما بۆ ئەوەدەکات، لە هەرێمی کوردستان ناوەڕۆکی دیموکراتی پووچ کراوەتەوە، لە دیموکراسیدا بڕیاری گەل لە سەرو هەموو شتێکەوەیە و بەرژەوەندی گەل، لەسەرو هەموو بەرژەوەندییە



حیزبی و بنەماڵەییەکانەوەیە.

کاروان ئیبراهیم، ماستەر لە راگەیاندن و رۆژنامەنووس، بە ئازادیی کۆمەڵگەی وت: دیموکراسی لە هەرێمی

کوردستان ناوەڕۆکەکەی پووچ کراوە، شتێك نەماوە بە ناوی دیموکراسی، هەرێمی کوردستان لە بابەتی دیموکراسی هەر بۆ داوە دەگەڕێتەوە، لە کاتێکدا هیوا و ئومێدێك هەبوو ئەم هەرێمە ببێتە نموونەیەك بۆ دیموکراسی و پێشکەوتن نەك تەنها بۆ عێراق، بەڵکو بۆ تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبوو ببێتە هەرێمێك کە جیهان بە چاوێکی دیکە سەیری بکات و بیخوێنێتەوە.

هەروەها ڕایگەیاند: ئێمە وەکو گەلی کورد قوربانی زۆرمانداوە لە پێناو ئاشتی و ئازادیی و ژیانێکی شکۆمەندانە، دیموکراسی پرۆسەیەکی سەرەکییە لە گەیشتن بەو دۆخە، لە بەفیڕۆنەدانی ئەو هەموو ڕەنج و زەحمەتیەی داومانە، چونکە لە دیموکراسیدا گەل خۆی بڕیار دەدات، دەنگ و بڕیاری گەل لە سەروی هەموو شتێکەوەیە، خواست و بەرژەوەندی گەل لەسەروی هەموو بەرژەوەندییە حیزبی و بنەماڵەییەکانەوەیە، بەڵام ئەم دۆخە نادیموکراسییەی ئێستا تێیداین، جۆرێکە لە بەفیڕۆدانی ئەو هەموو ڕەنج و زەحمەتی و شەهیدەی داومانە.

ئەو زیاتر ڕوونیکردەوە: لەم دۆخەی ئێستادا حیزب بەهێز کراوە، گەل لاواز کراوە، دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان هەموو ڕۆڵێکیان پێدراوە، هەموو ڕۆڵێك لە گەل سەندراوەتەوە، ئەوەش تەواو پێچەوانەی دیموکراسیە، چونکە لە دیموکراسیدا هەموو ڕۆڵێك بە گەل دەدرێت، گەل بەهێز دەبێت و بڕیاری کۆتایی لە دەستی گەلدایە، هەندێك نوسەر هەن دەڵێن» دەنگی گەل دەنگی خودایە» بەڵام بە داخەوە گەل ئێستا زۆر لاواز و بێ ئیرادە کراوە لێرە لە هەرێمی کوردستان، گەل بێزار و بێ هیوا کراوە، ئەوەش سەتا سەت پێچەوانەی دیموکراسییە.

کاروان، ئەوەشی خستەڕوو: لە دیموکراسیدا حسابی گەورە بۆ دەنگی گەل دەکرێت، بەڵام لێرە لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی حیساب بۆ دەنگی گەل و هەڵبژاردن ناکرێت، دەبێت گۆڕانکاری بەسەر ئەم شێوازەی بیرکردنەوەی دەسەڵات بۆ دیموکراسی و بەڕێوەبردن بێت، ئەگەر بەرژەوەندی گەل و وڵاتیان دەوێت، ئەگەر بیر لە نەوەکانی داهاتوو دەکەنەوە، دەبێت ئامادە بن بۆ هەڵبژاردنێکی پاك و دیموکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات، بە پێچەوانەوە هەرچیبەك بڵێن لەسەر دیموکراسی پووچ و بێ ناوەڕۆك دەبێت. پاشان ئەم هەرێمە تووشی نەهامەتی گەورە دەبێت، کە دەبێت نەوەکانی داهاتووش باجی ئەو کەموکورتی و نادیموکراسیەی ئێستای هەرێمی کوردستان بدەن.



ئاشتی عەبدوڵلا، سەرۆکی ئینستیتیوتی وۆرک بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی، پێیوایە کە «پاشەکشەی دیموکراسی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەم سێ ساڵەی کۆتایی کێشە سیاسییەکان قوڵتر بوونەتەوەو ململانێ سیاسییەکان سنوریان تێپەڕاندو لە ئێستاشدا چارەسەری کێشەکان زەحمەت بووە.»

وتی:»پاشەکشەی دیموکراسی لەو کاتەوە دەستی پێکرد، کە ئێمە پەرلەمانێکمان پەککخرا لەلایەن حزبێکی سیاسییەوە لە هەرێمی کوردستان، ئەو کاتەی کە گەورەترین دەزگایەکی تەشریعی جێبەجێکردنی گەورە کە لەسەروی هەموو دەسەڵاتەکانیترەوەیە، پەککخرا، لەوکاتەدا بەڕوونی دەرکەوت کە چ دەسەڵاتێکی مەترسیدار لەم هەرێمەدا حکومڕانە.»

ئاشتی، بە ئازادیی کۆمەڵگەی ڕاگەیاند:» لەم هەرێمەدا هیچ بەهایەک بۆ دیموکراسی و مافی تاکەکان کە دەنگیاندا و نوێنەری خۆیان هەڵبژارد و ناردیانە پەرلەمان، بە هێزێکی سیاسی و چەک، هەموو بەهاکانی دیموکراسی پێشێلکران و دەکرێت! هەر هێز و بیروباوەڕێکی جیاواز کە لەگەڵ خواستی ئەواندا نەگونجێت، ڕێگری لێدەکرێت؛ ئەمە

دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە دیموکراسی لە ئەساسا لە هەرێمی کوردستان بەو جۆرە نەبووە کە پێشتر ئێمە واماندەزانی ئازادیی-مان بە دەستهێناوە.»

سەرۆکی ئینستیتیوتی وۆرک بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی، پێشوایە «لە ژێر سایەی حکومڕانییەکی کوردیدا، هەرێمی کوردستان ئێستا بە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا تێدەپەڕێت.» وتی: ڕاستە بەڕووکەش، کەمیک لەبەرچاومان بوو، کە کۆمەڵێک پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن و کردنەوەی هەندێک دامودەزگا کە کاریان بۆ دیموکراسی دەکرد، زۆربوونی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و لە زۆر ڕوانگەی ترەوە، واماندەزانی دیموکراسی ئەوەیە کە ئێمە دەی بینین. لە ڕاستییدا ئەم حاڵەتە کەڵەکە بووە، لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا تەقیەوە کە بۆچی پرۆسەی دیموکراسی پاشەکشەی کردوە، ئەگینا ئەمە پشیتریش هەبوو.

ئەو، هۆکارەکانی پاشەکشەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان خستەڕوو:» حیزب بووەتە هۆی ئەوەی کە هیچ بەهایەک نە بۆ دیموکراسی و نە بۆ مافی مرۆڤ نە هێشتووەتەوە، لە هەرێمی کوردستاندا. دەتوانین بڵێین باڵادەستی حیزب هۆکاری پاشکشەی دیموکراسییە لە هەرێمی کوردستان، چونکە حیزبی فەرمانڕەوا لەهەرێمی کوردستان دەیەوێت بۆ ئەبەد حاکمبێت و دەیەوێت بۆ ئەبەد ئەو یاسایانەی دەردەچن، بە پێی خواستو بەرژەوەندی ئەو بێت؛ ئەو دیموکراسییەتەی هەیە لە هەرێمی کوردستان دروستکراوە بەخواستی لایەنێکی سیاسیی دروستکراوە، بە خواستی ئەو هێزە فەرمانڕەوایەی کە دەیەوێت بۆ ئەبەد لەم وڵاتەدا حاکمبێت.

سەرۆکی ئینستیتیوتەکە، جەختیکردەوە: حیزب هۆکاری پاشەکشەی دیموکراسییە لە هەرێمی کوردستاندا، ڕاستە هەموو حیزبەکان ڕەنگە پشکیان هەبێت لەمەدا، بەڵام ڕێژە هەیە؛ کاتی خۆپیشاندانەکان لەم ماوەیەی ئاخیردا کە خەڵک لە بێ مووچەی و لە نادادی و زۆر بوونی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا و بردنی قوتی خەڵک؛ بەڵام خەڵک لەسەر شەقامەکان بوو داوای نانی دەکرد، ئەمە بۆ شارێک، بەنسبەت بۆ نموونە زۆنی سەوز و نیلی کە خەڵک تێیدا داوای نان و قوتی خۆی دەکرد، بەڵام تاڕادەیەک ئازادیی هەبوو. دەتوانین بڵێین لێرەیا دیموکراسی و ئازادیی جیاوازە وەک لەوەی لە زۆنی زەردا هەیە، لە زۆنی زەردا دەبوایە خەڵک هاواری بکردایە ئازادیی ئینجا نان! ئەمە جیاوازیی گەورە بوو. بەشێوەیەکی گشتیی دیموکراسی لە پاشەکشەیەکی ترسناکدایە، من کاتێک دەڵێم دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان هەیە، کە ڕۆژنامەنووسێک نەڕفێندرێت و دوای چەند ڕۆژێک تەرمەکەی لە شوێنێکدا نەدۆزریەتەوە و پێشمەرگەیەک سەری نەتاشرێت سنورداش بکرێت، پەرلەمان لەکار نەخرابێت. ئەو دەسەڵاتەی، ئەو حیزبەی فەرمانڕەوایە لە هەرێمی کوردستاندا، مەترسییەکی گەورەیە لەسەر پاشەکشەی دیموکراسی، مەترسییەکی گەورەیە لەسەر پرسە نەتەوەیییەکان، لەسەر ئازادیی تاک و قوتی خەڵک و ئازادیی ڕادەربڕین هەیە بەشێوەیەکی گشتیی. مەرج نییە تەنها تیرۆری جەستەیی هەبێت، تیرۆری ڕۆحی هەیە، تیرۆریی کەرامەتی مرۆڤ هەیە، کاتێک بە دڵی ئەم دەسەڵاتە قسەناکەیت و کاتێک بە دڵی ئەم دەسەڵاتە نانووسی تیرۆری کەسایەتییت دەکات! بەهۆی سۆشیال میدیاوەبێت، بە هۆی ئەو وەسائیلانەوەبێت کە پارەی زۆر لەبەردەم حیزبدا هەڵڕژاوە، بێڕێزی بە کەرامەتی مرۆڤ دەکرێت! دیموکراسی وەک نان وایە بۆ خەڵک، کاتێک دیموکراسی لە وڵاتەکەتدا هەبوو مرۆڤەکان پارێزراو دەبن و برسی ناکرێن و بێڕێزیان بەرامبەر ناکرێت.

لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئاشتیی، سەرۆکی ئینستیتیوتی وۆرک بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی، ئاماژە بە ئەوەشدەدات بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی «ئەوەی دەمانەوێت کاری بۆ بکەیەن، هۆشیارکردنەوەی تاکە لە درک کردن بە مافەکانی، دروستکردنی تاکی ئازا و ئازادە، بەو تێگەیشتنەی کە تاک هۆشیار بێت، لەوەی هیچ دەسەڵات و حکومڕانێک نەتوانێت دەست بەسەر قوتیی دا بگرێت، کاتێک تاک هۆشیار بوو ئەوا ناهێڵێت یاری بە کەرامەتی بکرێت، ناهێڵین حیزب پاشەکشە بە دیموکراسی بکات.»

# سیستەمی سەرۆکایەتی لە تورکیا ئەگەرو پێشهاتەکان



ئازادیی کۆمەڵگە
ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم

پێشەکی:

ئەگەر بە شێوەیەکی ورد، سەرنجی سیستەم و دەسەڵات بدەین لە تورکیا، بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە لە تورکیادا هەمیشە حکومەت و دەوڵەت لە ململانێدابوون. حکومەتەکان لە تورکیا هاتوون و ڕۆشتوون، بەڵام دەوڵەت و سیستەمەکەی لە سەرو حکومەت و کۆمەڵگەوە بەردەوامییان بە خۆیانداوە و زۆرجاریش ئەگەر حکومەت بویێتە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم دەوڵەت و سیستەمدا ئەوا، بەیەک چاوبزکردنەوە حکومەتیان ڕووخاندووە. کرۆکی بابەتەکە ئەمەیە؛ ئیسلامی سیاسی کاتێک دەسەڵات و حکومەتی بەدەستەوە گرت، یەکەم نەخشەی ئەوە بوو کە دەست بەسەر دەوڵەتدا بگرێت، چونکە دەیزانی حکومەتەکان تەنها دەستکەلاو بوکەڵەن بەدەستی دەوڵەتەوە و لە هەر ئان و ساتێکدا بێت، هاوشێوەی بزاوتە ئیسلامیەکانی بەر لە خۆیان گورگانخواردوویان دەکەن، بۆیە ئەگەر ئەوان بخوازن تورکیا بگەڕێتەوە بۆ ڕەچەڵەکی (عوسمانی – ئیسلامی – خەلافی – سوڵتانی)، ئەوە دەبێت دەست بەسەر دەوڵەت و سیستەمدا بگرن. سەرۆک و دامەزراوەی سەرۆکایەتیش (وەک یەکێک لە پایە گرنگەکانی دەوڵەت) بەشێکن لەو ئاڵوگۆڕەو مەحاڵە بەبێ بوونی سەرۆکێکی مەچەک ئاسنین و دامەزراوەیەکی تۆکمەی سەرۆکایەتی، ئەو کارەیان بۆ مەیسەر بێت.

ئەردۆگان بەر لە سێ ساڵ لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ ئامادەکردنی دەستورێک ڕاسپارد کە تورکیا بگوێزێتەوە بۆ سیستەمی سەرۆکایەتی، بەڵام ئەم لیژنەیە شکستی هێناو دروست نەکرا، هۆکارەکەش ئەوە بوو کە پارتی گەلانی دیموکرات (هادەپ) و پارتی گەلی کۆماریی (جەهەپە)، پێکەوە دەیانتوانی شکست بەو پرۆژەیە بێنن. بۆیە ئەردۆگان و ئەکەپە نەخشەکەی خۆیان دواخست بۆ ئەو کاتەی کە بتوانن کاریگەری هادەپ کەم بکەنەوە و کۆماریەکانیش بەتەنها و بەوجۆرە دوو دڵیە، نەتوانن ئاستەنگ بۆ ئەو پرۆژەیە دروست بکەن. کودەتای ١٥ی گەلاوێژی ٢٠١٦ فرسەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی ئەردۆگان دەست بە نەخشەکانی خۆی بکات و بەناوی بوونی پیلان و کودەتاوە، بۆ خۆی کودەتا بەسەر دیموکراسی و شەرعیەتی یاسایی و پەرلەمانیدا بکات. سەرەنجام بەرێکەوتن لەگەڵ پارتی نەژادپەرستی مەهەپە، ئەکەپە توانی ئەو پرۆژەیە ڕەوانەی نوسینگەی سەرۆک کۆمار بکات. سەرۆک کۆماریش دوای ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر دەردەبڕێت لەماوەی پازدەرۆژدا لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاو دەبێتەوە، دوای بڵاوبوونەوەی ئەو ڕەزامەندیە یەکەم ڕۆژی یەک شەممە لەدوای شەست ڕۆژ لە بڵاوبوونەوەکە (ئەگەری زۆری هەیە لە ڕۆژی ١٦-٤-٢٠١٧دا بێت) ریفراندۆم ئەنجام دەدرێت. ئەگەر دەنگی «بەڵێ» لە ریفراندۆمدا ٥٠+١ی دەربازکرد، ئەوە ئەردۆگان ڕاستەوخۆ دەبێتە سەرۆک کۆماری ڕاسپێردراو (مكلف)، هەروەها سیستەمی حوکم دەبێتە کۆماری و بۆ یەکەمجار لە ڕۆژی ٣ی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠١٩ بەدواوە، یەکەمین هەڵبژاردن

> **کودەتای ١٥ی گەلاوێژی ٢٠١٦ فرسەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی ئەردۆگان دەست بە نەخشەکانی خۆی بکات**

بۆ سەرۆک کۆماری ئەو سیستەمە ئەنجام دەدرێت، کە ئەردۆگان یەکەمین ئەستێرەی درەوشاوەی بێ رکابەر دەبێت و دەتوانێت دوو جار، هەرجارەی بۆ ماوەی ٥ ساڵ سەرۆکایەتی وڵات بکات.

پاساوەکانی سیستەمی سەرۆکایەتی:-

بەر لە ئەردۆگان هەریەکە لە تورگۆت ئۆزال و سلێمان دەمیرال داوای سیستەمی سەرۆکایەتیان کردووە بۆ تورکیا، بەڵام ئامانجی ئەم دوو سەرۆکە تەواو جیاواز بووە لە ئامانجی ئەردۆگان و ئەکەپە. چونکە هەروەک باسمانکرد، لەژێر سێبەری سیستەمی سەرۆکایەتیدا ئەردۆگان دەیەوێت خۆی بکاتە سوڵتانێک و تورکیاش بەرەو عوسمانگەرایی و خەلافەت بەرێتەوە. هەر کەسێک باسی سیستەمی سەرۆکایەتی کردبێت لە تورکیا یەکەم پاساوی ئەوە بووە، کە تورکیا ئیدی بووە بە وڵاتێکی زۆر بەهێز، بۆیە ئیتر سیستەمی پەرلەمانی بەکەڵکی نایەت و دەبێت بکرێت بە سیستەمێکی سەرۆکایەتی بەهێز. دەکرێت پاساوەکانی گۆڕینی سیستەم بە سەرۆکایەتی لەم خاڵانەدا چڕ بکەینەوە:

١- سیستەمی سیاسی ئێستا لە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاساداناندا، واتە لە نێوان حکومەت و پەرلەمان، خەلەلی تێدایە. پەرلەمان لەو باوەڕەدایە کە حکومەت دەستی بەسەر کارەکانی ئەودا گرتووە و توانای جوڵەی لێبڕیوە. بۆیە گۆڕینی سیستەم بۆ سەرۆکایەتی نەک ئەم خەلەلە چارەسەر دەکات، بەڵکو سیستەمی سیاسیش بەهێز دەکات. ئەگەر ئەم خاڵە بکەین بە نمونە دیارە دروستکردنی حکومەتە ئیئتلافیەکان هەمیشە بۆتە هۆکاری ئەوەی ناتەبایی و نەگونجان لە سیستەمی سیاسیدا رووبدات و سەقامگیری سیاسی لەناو بەرێت و کاریگەری هەبێت بۆ سەر جێبەجێکردنی نەخشەکانی حکومەت بە تایبەت ئابوریەکان.

٢- بەهێزترین خاڵی سیستەمی سەرۆکایەتی ئەوەیە کە بە دەنگدانی راستەوخۆ دەبێت لەلایەن خەڵکەوە، بۆیە لایەنگرانی سیستەمی سەرۆکایەتی دەڵێن؛ سەرۆک لەو حاڵەتەدا نوێنەرایەتی خەڵک دەکات نەک لە پەرلەمانەوە بە سازان و گرێبەستی سیاسی بکرێت بە سەرۆک.

> **ترس لەوەی کە سیستەمی سەرۆکایەتی بەرەو حکومەتی تۆتالیتاری بڕوات، بەتایبەت کە خودی کەسایەتی ئەردۆگان ئەمەی سەلماندووە**

٣- تورکیا کە لە ماوەی رابووردوودا، لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری و پەیوەندی و هەرێمایەتیدا پێشکەوتنی زۆر گەورەی بەخۆوە دیوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە دەسەڵات و نفوزێکی هەرێمایەتی زۆر گرنگی هەبێت، بۆیە پێویستی بەوەیە کە دەستورێکی تازە داڕێژێت و ئەو رۆڵە گرنگە بەرجەستە بکات ئەمەش واتای ئەوەیە کە سەرۆک خۆی راستەوخۆ مەلەفە گرنگەکانی وەک سیاسەتی دەرەوە و رووبەڕووبوونەوەی پرسی کورد و کەمایەتی... هتد، بەڕێوە بەرێت.

٤- ئەردۆگانیەکان لەو باوەڕەدان کە سیستەمی سەرۆکایەتی زۆر لە رۆتینەکانی نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان لەناو دەبات، ئەو دەمە سەرۆک خۆی بە یەک بڕیارو ئیمزا هەموو شتێک دەکات، ئەمەش بیروکراسیەت لەناو دەبات و وەڵامدانەوەیە بۆ زیاتر خۆ سازدان بەرەو ساڵی ٢٠٢٣.

ترسی نەیارەکان:-

١- ترس لەوەی کە سیستەمی سەرۆکایەتی بەرەو حکومەتی تۆتالیتاری بڕوات، بەتایبەت کە خودی کەسایەتی ئەردۆگان ئەمەی سەلماندووە، کە ئەمەش مەترسی بۆسەر دیموکراسیەت و فرەیی لە تورکیا دەخاتەوە. هەندێک لایەن لەو باوەڕەدان کە ئەردۆگان گرفتی زۆری هەیە لە گەڵ سکیولاریزم و پلورالیزم و هەنگاو بەهەنگاو وڵات بەرەو دیکتاتۆریەت دەبات. هەندێک لە پارتە سیاسیەکانی تورکیا لەوە دەترسن کە حکومەتێکی تۆتالیتارلە فۆرمی سەرۆکایەتیدا، ئەو پەرتەوازەبوونەی ئەمڕۆی ئەوان لە دژیان بەکاربێنێت و ئەوەندەی دیکە لاوازیان بکات. تەنانەت ئەردۆگان بتوانێت دەسەڵاتی رەهای هەبێت و مۆدێلێکی دەسەڵاتی وەک کۆریای باکور بەسەر وڵاتدا بسەپێنێت و هیچ بەهاو واتایەک بۆ ئۆپۆزیسیۆن و بیروباوەڕی جیاواز نەهێڵێتەوە.

٢- دوور لە ترس و دڵەڕاوکە لە دیکتاتۆریەت هەندێک لایەن لەو باوەڕەدان کە هێشتا کاتی نەهاتووە و تورکیا ئامادە نەبووە بۆ ئەو گواستنەوەیە. بە نمونە هێنانەوەی ئەمەریکا و فەرەنسا بۆ ئەو مۆدێلە لە سەرۆکایەتی نەگونجاوە بۆ تورکیا. تورکیا هێشتا وەکو سیستەمی سیاسی نەگەشتۆتە رێچکەی مێژوویی خۆی، زۆر بابەت و پرسی گرنگ لە تورکیا

هەیە کە هێشتا هەڵواسراو ماونەتەوە. بۆ نمونە حکومەتی خۆجێی یاخود خۆبەڕێوەبەری خۆجێی لە تورکیا چۆن دەبێت؟ ئایا وەکو وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا ئەمە لە تورکیا بەڕێوە دەچێت؟ ئایا هەڵبژاردنی والیەکان و پارێزگارەکان، وەکو ئەمەریکا و ئەوروپا لەرێگای هەڵبژاردنی راستەوخۆی گەلەوە دەبێت، یان هەر سەرۆک خۆی ئەوانیش وەک فەرمانبەرێکی گوێڕایەڵ دادەمەزرێنێت؟ ئایا ئەم دەسەڵاتە لەگەڵ سەرۆک بەش دەکەن؛ یان هەر دەبێ چاوەڕێی مەرحەمەت و بڕیارەکانی سەرۆک بن؟ ئەم پرسە هەڵواسراوانە کە لە تورکیا یەکلا نەبوونەتەوە، بێگومان وڵات دووچاری کێشەی زۆر دەکەن ئەگەر سیستەم بگۆڕدرێت بە سەرۆکایەتی.

سیستەمی سەرۆکایەتی لەسەر مۆدێلی ئەردۆگان:

ئەو دەستورەی ئێستای تورکیا بە دەستوری کودەتا ناوی دەبرێت کە لە ساڵی ١٩٨٢بەدواوە کارپێکراوە. وەک ئەوەی ئەکەپە ستراتیژی قوڵی هەبووبێت بۆ گۆڕینی دەستور و سیستەمی وڵات، لەیەکەم رۆژی دەسەڵاتی خۆیەوە بە هێواشی کاری لەسەر گۆڕانی دەستور کردووە. بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتی ئەکەپە ئەم دەستورە بەهێواشی بەرێژەی ٦٣٪ گۆڕانکاری لەسەر کراوە، گرنگترین گۆڕانکاریش کە پێشتر بە نەخشەی ئەکەپە ئەنجامدراوە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بوو بە دەنگدانی راستەوخۆی گەل لەدەرەوەی پەرلەمان. بەڵام بەشی دووەم لە نەخشەکەی ئەکەپە ئیتر بەبێ شەرم و دوودڵی دەیەوێت بە تەواوی دەستوری کۆنی عەلمانی و کەمالی بگۆڕێت. کێ دەزانێت رەنگە لەدوای ماوەیەکی دیکەی دەستبەکاربوونی سوڵتان ئەردۆگان، قۆناخی سێیەم لە گۆڕانکاری دەستور ئیتر بە ئاسانی بتوانێت دەستورێک بنوسێتەوە کە مۆرکی تەواوی عوسمانی هەڵبگرێت. ئەو دەستورە تازەیەی کە ئەردۆگان و ئەکەپە بەنیازن لە ریفراندۆمدا، دەنگی (بەڵێ) شەرعیەتی یاسایی و جەماوەری بداتێ، لە هەژدە مادەی جیاوازدا گۆڕانکاری بەسەرداکراوە، چەندین خاڵی

”
**ئەو دەستورە تازەیە به تەواوی تورکیا دەگوێزێتەوە بۆ دەسەڵاتی تاکە کەسی و دیکتاتۆری**

زۆرگرنگ لەخۆ دەگرێت کە دەکرێت بە جێبەجێکردنی روخساری کۆماری تورکیا بە تەواوی بگۆڕێت.

یەکەم- لە رووی جێبەجێکردنەوە:

ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەرز دەکرێتەوە بۆ ٦٠٠ نوێنەر. تەمەنی خۆکاندید کردن لە ٢٥ ساڵانەوە نزم دەکاتەوە بۆ ١٨ ساڵ. ویلایەتی سەرۆک بۆ یەک خول ٥ ساڵ دەبێت و دەتوانێت بۆ یەک جار تازەی بکاتەوە بۆ دوو خول. هەروەها پۆستی سەرۆک وەزیران نامێنێت و سەرۆک کۆماردەتوانێت یەک جێگر یاخود زیاتر بۆ خۆی دیاری بکات و وەزیرەکانیش هەمووی خۆی دەستنیشانیان دەکات، هەرخۆشی دەتوانێت بیانگۆڕێت یاخود دەریانبکات. سەرۆک بۆ هەر شتێک کە بەگرنگی بزانێت بڕیاری تایبەتی خۆی دەبێت و لەم بارەوە مەرسومی کۆماری دەردەکات. هەروەها وەزیرەکان لە دەرەوەی پەرلەمان دیاری دەکرێن و پەرلەمان ناتوانێت لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات. سەرۆک دەبێت تەصدیقی بڕیارەکانی پەرلەمان بکات، هەروەها مافی ڤیتۆی هەیە لەسەر بڕیارەکانی پەرلەمان. هەروەها بۆی هەیە پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە و سەرۆکەکەشی لابەرێت.

دووەم- لەرووی دەسەڵاتەوە:

ئەو دەستورە تازەیە بە تەواوی تورکیا دەگوێزێتەوە بۆ دەسەڵاتی تاکە کەسی و دیکتاتۆری. سەرۆک دەسەڵاتی بەسەر حزبەکەی خۆیدا دەمێنێتەوە، ئەمەش مانای ئەوە دەبێت کە هەمیشە حزبێک هەیە بەدەستی سەرۆکەوە بتوانێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی بەکاری بخات، وێڕای ئەوەش سەرۆک کۆمارێک لە ناو حزبێکدا، رێگا لە بوونی هەرجۆرە دەنگێکی نارەزایی لە دژی ئەو لەناو حزبەکەدا دەگرێت. سەرۆک جگە لەوەش فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی وڵاتە. بەڵام هەروەک ئاگادارین هێزە چەکدارەکانی تورکیا، بەتایبەت هێزەکانی سوپا و ژەندرمەو پۆلیس و میت و فەرمانگەی جەنگی تایبەت، زۆر دەمێکە دەستەمۆ کراون و خراونەتە ژێر کۆنترۆڵی ئەردۆگانەوە، بۆیە لەم دەستورەدا پۆستی وەزیری بەرگری نامێنیت و ئەردۆگان خۆی ئەو کارە دەکات.هەروەها سەرۆک مافی راگەیاندنی باری نائاسایی (رەوشی ئاوارتە)ی هەیە، بێگومان ئەگەر مەرجە یاساییەکان لەگۆڕێدا بن، بەڵام لە مۆدێلێکی لەو جۆرەی دەسەڵات،

بەدەستهێنانی مەرجی یاسایی زۆر قورس نابێت. دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت، بەتایبەت بەڕێوبەرایەتی و دەستەکان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر ڕەحمەتی سەرۆکەوە. دادگای دەستوری یەکێکە لەو دامەزراوانەی کە هەمیشە لە تورکیا ڕۆڵی هەبووە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی دەستوری لە نێوان حیزب و دەسەڵات و پەرلەمان و سەرۆکی وڵات، بەڵام بە گوێرەی ئەم دەستورە ئیتر ئەم دادگایەش ڕۆڵێکی ئەوتۆی نامێنێت، چونکە لە کۆی ١٥ دادوەری ئەم دادگایە سەرۆک بۆ خۆی ١٢ کەسیان دەستنیشان دەکات. هەروەها سەرۆک بۆی هەیە (سەرفەرماندارى گشتى سوپا، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری، سەرۆکی زانکۆکان، نیوەی ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای دادوەرەکان و داواکارانی گشتی دامەزرێنێت). پەرلەمان دەتوانێت سەرۆک بە ٣٦٧ دەنگ بانگ بکات بۆ لێپێچینەوە، بەڵام دەبێت٤١٣ دەنگ هەبێت بۆ ئەوەی ڕەوانەی دادگای باڵای دەستوری بکرێت. بەمجۆرە ئەردۆگان دەسەڵاتی ڕەها بۆخۆی دابین دەکات. لە ئیستادا ئەو تەمەنی ٦٣ ساڵە، بەڵام دەتوانێت هەتا ١٨ ساڵی تر، واتە هەتا تەمەنی ٨١ ساڵی دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت، چونکە بەشێوەیەک لەشێوەکان دەتوانێت جارێکی دیکەش ماوەی سەرۆکایەتی تازە بکاتەوە و هیچ بەربەستێکی یاسایی بوونی نامێنێت. بەمجۆرە ئەگەر لە ساڵی ٢٠٠٢ ئەژماری بکەین هەتا ساڵی ٢٠٣٤ کۆی ماوەی دەسەڵاتی ئەردۆگان دەگاتە ٣٢ ساڵ. ئۆپۆزیسیۆن تورکیای نوێ بە نمونەی کۆریای باکور ناودەبات. واتە دەسەڵاتی تاکە حیزب و دیکاتۆریەت و حوکمی تۆتالیتاری، کەواتە لێرەدا ئەردۆگان سیستەمی سەرۆکایەتی وەک ئاسانترین و خێراترین سیستەم بەکار دەهێنیت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی ڕەها بە دەستەوە بگرێت و وەک دیکتاتۆرێک حوکمی وڵات بکات.

بڕیاری سیاسی:-

سیستەمی سەرۆکایەتی لە تورکیا پرۆسەی بڕیاری سیاسی لەو وڵاتە دەخاتە ژێر گومان و پرسیارەوە. لە کاتێکدا دروستکردنی بڕیاری سیاسی یەکێکە لە پرسە هەرە گرنگەکانی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی ململانێ سیاسییەکان، بە هاتنە گۆڕێ سیستەمی سەرۆکایەتی لە

> **ئەگەر ئەردۆگان ئامانجی گەڕانەوەی هەیە بۆ خەونی عوسمانگەرایی، ئەوە دەبێت بزانین لە مێژوودا پێگەی کورد لەناو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا چۆن بووە**

تورکیا ئەم پرسە تەواو دەبێتە پرسێکی مەترسیدار بۆ سەر گەلانی تورکیا و ناوچەکە، چونکە ئەو شێوازە لە پیادەکردنی دەسەڵات کە ئەکەپە و خودی ئەردۆگان کار بۆ دروستکردنی دەکەن، جگە لەوەی ڕۆل و جێگایەک بۆ دامەزراوە دەستوری و یاساییەکانی وڵات ناهێڵێتەوە، بازنەی بەشداربوونی سیاسی و دروستکردن و بڕیاردانی سیاسیش لە بۆتەی تەنها یەک کەسدا کە خودی سەرۆک خۆی دەبێت، تەسک دەکاتەوە. لە سیستەمی سەرۆکایەتی ئەردۆگاندا، جگە لەوەی سەرۆک دەتوانێت ڤیتۆی هەموو بڕیارەکانی پەرلەمان بکات، دەشتوانێت لە هەموو ئانو ساتێکدا، سەرۆکی پەرلەمان دەربکات و پەرلەمانیش پەک بخات. هەروەها بوونی سەرۆکێکی حزبی لە تورکیا، واتای ئەوە دەگەیەنێت کە جگە لە حیزبی سەرۆک (هاوتای حیزبەکەی سەدام و موبارەک و بن عەلی)، هەمیشە حزبەکانی دیکە لەدەرەوەی دەسەڵات و بەشداری سیاسی دەمێننەوە، ئەگەریش بەشداریان پێبکرێت ئەوە تەنها لە شکلیات و فۆرمی کارتۆنیدا دەمێنێتەوە. ئەوە جگە لەوەی کە خودی حیزبەکەی خۆشی لەبەردەم سەرۆکێکی ستەمکاردا دووچاری ئیفلیجی دەبێت.

گرفتێکی دیکەی ئەو سیستەمە سەرۆکایەتیە، لە چوارچێوەی کەسایەتی و توانای خودی سەرۆکدا ڕەنگ دەداتەوە. ستراتیژی بیرکردنەوە لە پرۆسەی بڕیاردان و دروستکردنی بڕیاری سیاسی، ڕۆڵی زۆر گرنگی هەیە، دانایی ستراتیژی (Stategic Intelligence) یەکێکە لە کۆڵەکە هەرەگرنگەکانی ستراتیژی بیرکردنەوە یاخود پێکهێنانی ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت، لە سیستەمی دیموکراتیدا دامەزراوە دەستوری و یاسایی و ڕێکخراوە مەدەنی و حیزبەکان و میدیاکان ئەو ڕۆڵە دەگێڕن و نایەڵن کەلێن بکەوێتە نێو جەستەی دەوڵەت، بەڵام لە سیستەمی تازەپیاکەوتووی کۆماری و ئەردۆگانیدا جگە لەوەی ئەو دامەزراوانە وجودیان نەماوە و پەراوێزخراون، بەڵکو خودی سەرۆک خۆی لەماوەی ڕابووردوودا سەدان بەڵگەی ئەوەی بەدەستەوەداوە کە خاوە

هیچ جۆرە دانایيەکی ستراتیژی نیە.

کاریگەری سیستەمی سەرۆکایەتی لەسەر کورد:

ئەگەر ئەردۆگان ئامانجی گەڕانەوەی هەیە بۆ خەونی عوسمانگەرایی، ئەوە دەبێت بزانین لە مێژوودا پێگەی کورد لەناو ئیمپراتۆریای عوسمانیدا چۆن بووە. باکوری کوردستان لە ئیستادا دووچاری دڕندانەترین شاڵاوی پاکتاوکردن بۆتەوە. هادەپ کە تاکە حیزبی نوێنەری کوردی باکورە، سیستەماتیک کاربۆ سڕکردن و پەراوێزخستن و پاسیفکردنی دەکرێت و هاوسەرۆک و کەسانی دیاری ئەو پارتە هەرهەموویان لە زیندان توند کراون. لەخۆرئاوای کوردستانیش جەنگێکی خوێناوی لە نێوان نوێنەرانی تورکیا (داعش و بەرەی نوسرەو فەتح و ئەحرارو هاوشێوەکانیان) و کورد بوونی هەیە و تورکیا بەهەموو توانایەکی سەربازی و هەواڵگری و دیبلۆماسی لەدژی کوردی خۆرئاوا دەجەنگێت. دەسەڵاتی تاک لایەنەش لە باشور، کوردستانی کردۆتە ناوچەی تامپۆنی تورکیا. ئەم سێ بەشەی کوردستان بەر لە سەد ساڵ یەک کوردستان بوون کە کوردستانی عوسمانی بوون، ململانێی سیاسی بەردەوام، زۆربەی جارانیش خوێناوی، خەسڵەتی هەرە دیاری ئەم پەیوەندیە بووە. بۆیە ئەگەر قسە لەسەر گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی بێت (ئەگەر ئەمە تەنها وەکو خەیاڵ و نوستالیژاش بێت)، ئەوە لەو چوارچێوەیەدا ململانێ لەو سێ بەشەی کوردستاندا دەچێە قۆناخێکی ئاڵۆزتر، کە پێدەچێت توندوتیژی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت. ئەردۆگان لە خەیاڵی خۆیدا زیاتر دەستکراوە دەبێت بەرامبەر بە کورد، ئەگەر دوگمەکانی هەڵسوڕاندنی سیستەمی سەرۆکایەتی بەدەست خۆیەوە بێت. رەنگە لە بارودۆخێکی وەک ئێستادا نەک تەنها هادەپ بەڵکو پارتی جەهەپەش نەتوانێت بەرامبەر بە ئامادەسازیەکانی ئەکەپە و ئەردۆگان بۆ دەنگی «بەڵێ» زۆریان لەدەست بێت و بتوانن رێگری لەو ریفراندۆمە قەڵبە بکەن، چونکە لە راستیدا نەک تەنها ئەکەپە و ئەردۆگان، بەڵکو ئیسلامی سیاسی پرۆسەی دیموکراسیەتیان تەنها لە سەندوقی دەنگداندا پێویستە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان بکەنە دەسەڵاتێکی شەرعی و یاسایی.

دەرەنجام:

گرفتی هەرە سەرەکی ئەوە نیە کە وڵاتێک بڕیار دەدات سیستەمی سیاسی خۆی بگۆڕێت بە دانەیەکی دیکە، بەڵکو لە ساتەوەخت و سیاقی کارەکەدایە. گوێزانەوەی سیستەم لە سەروبەندی کودەتایەکی سەربازی شکستخواردوودا، لەدژی سەرۆکێکی ستەمکار، لە سەروبەندی یاساکانی رەوشی ئاوارتە جێگای گومانە. ئامادەکاریەکان بۆ گۆاستنەوەی ئەو سیستەمە هەنگاوێک نین بەرەو گۆڕانکاری راستەقینە لە ئیدارەی وڵاتێکدا، بەڵکو کودەتایەکی ترسناکی سیاسی و سەربازیی ئەوتۆیە کە نەک تەنها تورکیا، بەڵکو هەموو ناوچەکە دەخاتە بەردەم مەترسی برەو سەندنی فاشیزم لەفۆرمێکی ناسیۆنالیستی – ئیسلامی تورکیدا، کە ناوچەکە زیاتر دەخاتە نێو دەستاڕی جەنگی خوێناوی. بە گواستنەوەی سیستەم لە تورکیا نەک دیموکراسیەتە کزو لاوازەکەی تورکیا بەتەواوی دەخنکێت، بەڵکو دیکتاتۆرێکی هاوشێوەی سەدام و موبارەک و قەزافی لە ناو دڵی خۆرهەڵات قوت دەبێتەوە. دروستکردنی چەندین سەربازگا تایبەت بۆ تیرۆرستانی وەکو داعش و نوسرەو ئیگۆڕەکان لەناو تورکیا، ئەردۆگان وەک سەرکردەیەکی سەربازی مەست و مەلهوڕ دەخەملێنن. دروستکردنی سوپایەکی سێبەر لە سادات و ئەسودوڵا، ئەوە دەسەلمێنێت کە لە تورکیای سیستەمی سەرۆکایەتی – بەمۆدیلی ئەردۆگان- تەنها فەرهەنگی جەنگ و زمانی زبر و قرمژنی فیشەک رەسمی سیاسەتی ناوچەکە دەکەن. ئەم گۆڕانکاریە لە سیستەمدا پێداویستی ئەکەپە و رەوتی ئیسلامگەرای سونەیە لە ناوچەکەدا، کە دەخوازن تورکیا بەتەواوی دەستیکراوە بێت لەنێو ئەو بەرەیەدا. نزیکبوونەوەی زیاتری ئەردۆگان لە دەوڵەتانی کەنداو دوورکەوتنەوەی زیاتر لە ئێران ئەو راستیە دەسەلمێنن. ئەو سیستەمەی کە ئەردۆگان دەخوازێت بە زووترین کات لە تورکیا بنیادی بنێت، سیستەمێکە تورکیا لە عەلمانیەتەوە دەگوێزێتەوە بۆ سیستەمێکی ئیسلامی – سوننە مەزهەبی، موتوربەکراو بە فاشیزمی ئیسلامی. لەو جۆرە سیستەمەدا جەنگ و ململانێ ی تایفی و مەزهەبی نەک بەردەوام دەبن، بەڵکو خوێناویتر دەبن.

> **دروستکردنی سوپایەکی سێبەر لە سادات و ئەسودوڵا، ئەوە دەسەلمێنێت کە لە تورکیای سیستەمی سەرۆکایەتی – بەمۆدیلی ئەردۆگان- تەنها فەرهەنگی جەنگ و زمانی زبر**

# نەتەوەیی بوون لە نێوان بانگەشە و حەقیقەتدا



ئازادیی کۆمەڵگە
دیارغەریب

نەتەوە یا نەتەوەیی بوون یاخود کۆنگرەی نەتەوەیی و بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەو دەستەواژانەن کە لە دە ساڵی رابردوودا لە باشووری کوردستان و سەرجەم کوردستانیشدا زۆر بەکار دەهێندرێت.

بە تایبەتی لە هەندێک کات، جێگە و بوونەدا دەبینیت کە کێبڕکێ دروست دەبێت لەسەر زیاتر بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە و بەشێک لە رۆشنبیران و گرووپ و پارتی سیاسی پێیان وایە چەندە ئەو دەستەواژانە بە کار بهێنن، ئەوندە زیاتر نەتەوەیین. بێگومان ئەمەش وا دەکات کەبەزەحمەت مرۆڤ بتوانێت کەسانی نەتەوەیی و ئەوانەی کە نەتەوەو نەتەوەیی بوون بۆ بانگەشە بەکار دێنن لە یەکتر جیا بکاتەوە. دیارە بەبێ جیاکردنەوەی کەسانی نەتەوەیی و ئەوانەی بانگەشەی نەتەوەیی بوون دەکەن یاخود نەتەوەییبون وەکو بانگەشە بەکاردێنن، ناکرێت نە کۆنگرەی نەتەوەیی ببەسترێت، نەستراتیژی نەتەوەیی ببێتە ستراتیژی هەموومان و نە گەلی کورد دەتوانێت وەکو نەتەوەیەک ببێتە خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی.

لێرەدا دەمەوێت هەندێک لە سەر ئەم بابەتە بدوێم، بۆ ئەوەی سادە قسە بکەم یان بنوسم، دەمەوێت لەوەوە دەست پێ بکەم کە کێ نەتەوەییەو بەکێ دەگوترێت نەتەوەیی راست؟ دیارە هەروەکو چۆن لە ناولێنانی بنەماڵەگەری، عەشیرەتگەریی و ئاینگەرایی دا عەقڵیەتی خوێندنەوەی بنەماڵە ، عەشیرەت و ئایین بۆ دیاردە و رووداوەکان و خزمەتکردنی ئەو پێکهاتانە دەبنە پێوانەی سەرەکی و هەرکەسێک لە ناو بنەماڵەدا بە عەقڵی بنەماڵە سەیری دیاردەو رووداوەکان نەکات و خزمەتی بنەماڵە نەکات، ئەوا لەلایەنی بنەماڵەوە نەخوازراوەو دەکەوێتە بەر رەخنەو فشاری بنەماڵە و هەندێک جار پێ بەری دەکرێت لەبنەماڵە. هەروەها ئەم پێوانە لە لایەنی عەشیرەت و خێڵیشەوە پەیڕەوی لێ دەکرێت. دیارە ئەم پێوانە لە ناو ئایین و مەزهەبەکاندا توندترو وشکترەو زۆر کات حوکمی دەرچوون لە بەرنامەو پەیڕەوی ئایین کوشتنە و ئەوەتا لە ئێستاشدا هەندێک جار رووبەڕووی رووداوی لەم چەشنە دەبینەوە.

سەدەی رابردووش چەمکی نەتەوەو دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بووە پێوانەو خولیاو تاکەکان هیوایان لەسەر ئەو چەمکە هەڵچنی و لەو روانگەیەوە سەیری ژیان و تێکۆشانیان دەکرد. واتە نەتەوەییبوون بەوە پێناسە کرا کە مرۆڤەکان لە روانگەی نەتەوەوە جیهان و ژیان ببینن و کردەوەکایشیان لەو چوارچێوەیەدا رێکبخەن. ئەوەش وەکو بەرپرسیارێتییەکی ژیانی و ئەخلاقی سەیری دەکرا. لەم روانگەیەوە پێویست بوو تاکی هەر نەتەوەیەک بە یەک چاو سەیری هەموو تاکەکانی نەتەوەکەی خۆی بکات و جیاوازی نەخاتە نێوانیانەوە. خۆی بەرپرسیار ببینێت بەرامبەر کێشەو نارەحەتیەکانیان و ئامادەی خزمەت و لە خۆ بووردووی بێت بۆ نەتەوەکەی. واتە هەر کاتێک کەسێک جیاکاری کرد لە نێوان تاکەکانی نەتەوەکەیدا. یان لە نێوان بەشێک لە نەتەوەکەی و بەشەکانی تری دا، یاخود لەرووی کردارییەوە خۆی بە بەرپرسیار نەبینی بەرامبەر کۆی نەتەوەکەی یان بەشێک لە نەتەوەکەی ئەوا ناکرێت بەو کەسە بگوترێت نەتەوەیی، یان ئەوەتا نەتەوەییبوون تێ ناگات یان ئەوەتا دەخوازێت نەتەوە بوون بکاتە بانگەشەو بۆ خزمەتی خۆی بەکاری بهێنێت.

ئەوەی تایبەتە بە کوردەوە زۆربەی رۆشنبیران و مێژوونوسانمان رەخنەی ئەوە دەکەن کە لە کۆتایی سەدەی

نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕێبەرو سەرکردە کوردەکان نەیانتوانیوە سنوری عەشیرەت، ناوچە و ئایین تێپەڕ بکەن، لەبەر ئەوە نەیانتوانیوە یەکێتی نەتەوەیی دروست بکەن و کورد یەك بخەن. دیارە میللەتانی تر، ئەوانەی یەکێتی خۆیان دروست کرد یان دەوڵەتیان بۆ خۆیان دروستکردووە، سەرەتا توانیویانە لە هزری خۆیاندا نەتەوە دروست بکەن و دوای ئەوە کاریان بۆ کردووە، دیارە بەشێکیان بە ڕێککەوتن و بەشێکیشیان بە بەکارهێنانی هێز توانیویانە ئەو هزرو بیرکردنەوەیە لە واقیعدا پێکبێنن. دیارە سەرکردەو ڕێبەرانی کورد لە بەر ئەوەی زهنی نەتەوە بوونیان لە کەسایەتی خۆیاندا بەرجەستە نەکردووە، نەیانتوانیوە هەنگاوی دووەمیش بهاوێژن، دیارە ئەمە بەو واتایە ناڵێم کە سەرکردەو ڕێبەرانی کورد نەیانخواستووە کە بۆ کورد خەبات بکەن، بەڵام خەبات کردن جیاوازەو دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانی خەباتێکی سەرکەوتوو جیاوازە. هەڵبەتە پارچەکردنی کوردستان لە دوای پەیمانەکانی لۆزان، برۆکسل و ئەنقەرە ئاستەنگیەکی تری زیاد کرد بۆ گەشەکردنی بیرۆکە و چەمکی نەتەوەییبوون. ئیتر بەشێکی سیاسەتمەدار و پارتی سیاسی سنوورە دەستکردەکانیان دەکردە بیانوی ئەوەی کە ناکرێت کار بۆ سەرجەم نەتەوە بکرێت و دەیانگوت کە ناتوانین خۆمان لە بەرامبەر هەموو نەتەوەدا بەرپرسیار ببینین، چونکە یاسا نێودەوڵەتیەکان و سنوورە نێودەوڵەتیەکان ڕێگە نادەن. هەر ئەمەش وایکرد ئیتر لەسەر ئاستی پارچەکانی کوردستان پارت و ڕێکخراو دروست ببن یان دروست بکرێن، بە تێپەڕبوونی کاتیش ئەمە بووە فەرهەنگ و لە ئێستادا بەشێکی زۆری پارتە سیاسیەکانی کوردستان و ڕۆشنبیران و کۆمەڵەکان بەو فەرهەنگە بیر دەکەنەوەو کار دەکەن. دیارە هەروەکو چۆن بنەماڵەگەریی، عەشیرەتگەریی و ناوچەگەریی ڕێگرن لە بەردەم نەتەوەییبووندا، سیاسەتکردن لەسەر ئاستی پارچەیەکی کوردستانیش

**حکومەتی هەرێم (١٥٠) پێشمەرگەی نارد بۆ کوبانێ. دیارە هەرچەندە درەنگ بێت یاخود کەم بووبێت، ئەو هەڵویستەش دلخوشکەربوو**

ئاستەنگە لە بەردەم نەتەوەبووندا. هەر بۆیە دەبێت ئەو ڕاستیە بزانیت کە هەر پارت گرووپ و کەسێك لە ڕوانگەی پارچەیەکەوەو بە موڵککردنی پارچەیەك بۆ هەندێك گرووپ و دەستەو پارتەوە سەیری دۆزی کورد بکات، ئەوا تەنیا خزمەتی پارچەکردنی کورد و کوردستان دەکات، دەکرێت ئێمە بە دوای میکانیزمەی باشتر و سەرکەوتوتردا بگەڕێین بۆ دروستکردنی زهنیەت و عەقڵییەتی نەتەوەیی و سەرخستنی دۆزی نەتەوەییمان، بەڵام ناکرێت لە ژێر ناوی کوردستانی خۆمان و کوردستانی خۆیاندا خۆمان بەرپرسیار نەبینین، بەرامبەر بەگەلەکەمان لە بەشێکی کوردستان و ڕێگە نەدەین هەندێك کەس یان پارتی تریش ئەو بەرپرسیارێتییە پێکبێنن. بەتایبەتی لە بارودۆخێکی وەکو ئەمڕۆدا کە سنورە دەستکردەکان بێ ڕۆڵ بوون و کاڵبوونەتەوە و زلهێزەکان و هێزە ناوچەییەکان خۆیان ئەو سنورانە بن پێ دەکەن کە دروستیان کردووە.

لێرەوە دەمەوێت بێمە سەر هەندێك ڕاستی کرداری. لە ساڵی ٢٠١٤ دا باشوور و ڕوژئاوای کوردستان کەوتنە بەر هێرشی داعش، هیچ کەس و لایەنێك داوای لە پەکەکە (کەجەکە) نەکرد، بەڵام کەجەکە بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی بەپێی پێویست هێزی خۆی نارد بۆ ئەو جێگایانەی کە پێویست بوون. ئەوە لە کاتی خۆی دا زۆر بووە جێگەی دەستخوشی و دڵخۆشی گەلی کورد و دۆستانی، چونکە زۆربەی تاکەکانی کوردستان پێیان وابوو کە خەونی نەتەوەییبوونیان هاتۆتە دی و سنوورەکان سڕاونەتەوە. هێزە هەرێمی و نێو دەوڵەتیەکانیش پێشوازیان لەو هەڵوێست و هەنگاوە کرد. هەر ئەو کەش و هەواو بارودۆخە بوو کە فشارێکی جەماوەری لەسەر حکومەتی هەرێم دروستکرد و بە بڕیاری پەرلەمان دوای مانگ و نیوێك لە هێرش بۆ سەر کوبانێ حکومەتی هەرێم (١٥٠) پێشمەرگەی نارد بۆ کوبانێ. دیارە هەرچەندە درەنگ بێت یاخود کەم بووبێت، ئەو هەڵویستەش دلخوشکەربوو. بەڵام دواتر و بەبێ ڕەچاوکردنی داخوازی گەلی کوبانێ و بەڕێوەبەرێتی کانتۆنی کوبانێ، حکومەتی هەرێم لە بەهاری ٢٠١٥ دا هێزەکەی کێشایەوە. پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەمیشە ئەمە وەکو چاکەیەك و نمونەیەك دەدات بە ڕووی پەکەکەدا و لە سەر ئەو بنەما دەخوازێت

کە پەکەکە لە شەنگال دەربکەوێت. ئەوەی جێگای نیگەرانیە بەشێکی رۆشنبیران هەتا بەشێك لەو رۆشنبیرانەی کە لەسەر بابەتی نەتەوەیی رەخنە لە پارتی دەگرن، بە زمانی پارتی قسە دەکەن و رەخنە لە پەکەکە دەگرن و دەڵێن دەبێت پەکەکە لە شەنگال دەربکەوێت و پەکەکە بۆی نیە موداخەلەی کاری ئێمە بکات، دیارە رەخنەش لە پارتی دەگرن لەسەر لێدوانەکانیان و دەڵێن پێویستە پارتی بە شێوازی توند قسە نەکات و بەزمانی نەرم پەکەکە لە شەنگال دەربکات. ئەوانیش وەکو پارتی دەڵێن چۆن پێشمەرگە چووە کوبانێ و کە ئەرکەکانی تەواو بوو گەڕایەوە، پێویستە پەکەکەش بگەڕێتەوە و شەنگال چۆڵ بکات. لێرەدا دەمەوێت بە پێوانەی نەتەوەیی سەبارەت بە شەنگال و هەڵوێستی پەکەکە و پارتی و بەشێك لە رۆشنبیرانی کوردستان هەندێك روونکردنەوە بکەم ، ئیتر دوای ئەوە جەماوەری کوردستان بۆ خۆی سەرپشك بێت لە بڕیاردانادا.

١. بەو پێیەی کە شەنگال بەشێکی کوردستانە و گەلی شەنگالیش بەشێکی کوردستانە مافی هەر پارت و رێکخستنێکی کوردستانە خەباتی بۆ بکات و ئەرکی هەمووشمانە بیپارێزین، ئەم بابەتە ئەگەر رەتبکەینەوە ئەوا نەتەوەییبوونمان دەخەینە بن پرسیارەوە. بێگومان ئەم هەڵوێستە بۆ هەموو لایەك و بۆ هەموو جێگەیەك راستە، واتە پارتی و یەکێتی و حزبی تریش دەتوانن بچن لە باکور یان رۆژئاوا یاخود رۆژهەڵات خزمەت بکەن و بەرپرسیارێتی خۆیان جێبەجێ بکەن، ئەگەر پەکەکە دەچێت لە شەنگال یان کەرکوك خزمەت دەکات، بەڵام پارتیەکی تر ناچێت بۆ باکور یان جێگەیەکی تر ئەوە دەبێت نەکرێت بە کەموکورتی بۆ پەکەکە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو پارت و رێکخراوانەی تر رەخنە بکرێت کە ئەرکی نەتەوەییان جێبەجێ ناکەن.

٢. باس لەوە دەکرێت کە شەنگال و کوبانێ وەکو یەکەو چۆن پێشمەرگە چووە کوبانێ و گەڕایەوە پێویستە گەریلاش لە شەنگال بگەڕێتەوە. دیارە لێرەدا بەراوردێکی هەڵە هەیە. چونکە کوبانێ خاوەنی هێزی بەرگری و ئیدارەی خۆی بوو (٤٦) رۆژ بوو بەرەنگاری داعش دەبویەوە کە پێشمەرگە چوونە کوبانێ و بەڕێوەبەرێتی کانتۆنی کوبانێش لەناو بەرگریدا بوون و پێشمەرگە چوون بەشداری ئەو بەرگریە

> **گەریلاکانی پەکەکە بۆ خۆیان نەیانخواست خەڵك بەڕێوە ببەن، بەڵکو رێگەیان خۆشکرد بۆ ئەوەی خەڵك خۆیان ئیدارە بکەن**

بوون کە لە کوبانێ دا هەبوو. ئەمە دەکرێت هاوشێوەی چوونی گەریلا بۆ کەرکوك سەیری بکرێت، گەریلاش چووە کەرکوك و مەخمور بەشداری ئەو بەرەنگاریە بویەوە کە هەبوو. بەڵام بارودۆخی شەنگال جیاواز بوو، بەرپرسانی ئیداری و سەربازی شەنگال، شەنگالیان بەجێ هێڵا، گەریلا بە تەنیا خۆی چوو بۆ پاراستنی گەلی شەنگال. واتە لە شەنگالدا گەریلای پەکەکە بەرپرسیایێتی هەڵسوکەوتی کرد بەرامبەر ئەو بارودۆخە.

گەریلاکانی پەکەکە بۆ خۆیان نەیانخواست خەڵك بەڕێوە ببەن، بەڵکو رێگەیان خۆشکرد بۆ ئەوەی خەڵك خۆیان ئیدارە بکەن، لەم چوارچێوەیەدا خەڵکی بەرخۆدانقانی شەنگال هێزی بەرگریان بۆ خۆیان دروستکرد و یەکینەکانی بەرخودانی شەنگال YBŞ و یەکینەکانی ژنانی شەنگال YJŞ یان دروستکرد و لە ١٤,٩,٢٠١٥ دا ئەنجومەنێکیان بۆ خۆبەڕێوەبردنی ناوچە ئازادکراوەکان دامەزراند. ئەم کارە پێویست بوو لەلایەن پارتی و رۆشنبیرانی کوردەوە. بەڕێز و سوپاسەوە وەربگیریایە، بەڵام پارتی ئەو هەنگاوەی وەکو دابڕاندنی شەنگال لە باشور پێناسە کرد و هەندێك کەس و لایەنیش شتەکانی پارتیان دووبارە دەکردەوەو پەکەکەیان بە دەستێوەردان لە کاروباری باشور تومەتبار دەکرد. بێگومان لێرەشدا دەبوو سوپاسی پەکەکە بکرێت کە هاوکاری خەڵکی ناوچەی کردووە بۆ ئەوەی بۆشایی ئیداری و پاداشتی خۆیان پڕ بکەنەوە نەك بچن هێرش بکەنە سەر پەکەکە و تۆمەتباری بکەن.

٣. پارتی دیموکرات و هەندێك رۆشنبیری سەر بە پارتی یان بێ ئاگا لە سیاسەت و بارودۆخی شەنگال دەڵێن ئەگەر پەکەکە بۆ هاوکاری چووەتە شەنگال ئەوا دەبێت بەگوێرەی ئیدارەی ئەوێ هەڵسوکەوت بکات و دەبێت لە چوارچێوەی بەرنامەی حکومەتی هەرێمدا کار بکات، کەئەمەش دەگوترێت مەبەست ئەوەیە کە دەبێت بە گوێرەی دەسەڵاتی پارتی دیموکرات هەڵسوکەوت بکات و تەنسیقی هەبێت لەگەڵ فەرماندارى پێشمەرگەدا. دیارە پەکەکە لە کەرکوك، داقوق، مەخمور هەیە و بەبێ تەنسیق لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێم

و فەرماندارى پێشمەرگە لەو ناوچانە نەجوڵاوەتەوە. لە شەنگالیش بە تەنسیق لەگەڵ ئیدارەی شەنگال و فەرمانداری پاراستنی ئەوەێدا جولاوەتەوە. دیارە ئەو ئیدارە و فەرمانداریيەی کە دوو ساڵە زیاتر لەوێ بەرخۆدان دەکەن و رێگەیان خۆشکرد کە پارتی دیموکراتیش بگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچانە، نەك ئەو ئیدارەی کە شەنگال و گەلەکەی بەجێ هێڵا. ئەوەی کە بە تەنسیق هەڵسوکەوت ناکات هێزی پارتی دیموکرات و ئەو کەسانەن کە لە دهۆك دانیشتوون و خۆیان بە بەرپرسی شەنگال دەزانن. بێگومان ئەگەر هەڤاڵی پەکەکە و گەریلای پەکەکە نەبوونایە، خەڵکی بەرخۆدەری شەنگال بەهیچ شێوەیەك رێگەیان نەدەدا پێشمەرگەی پارتی و ئیدارەی پارتی نزیکی شەنگال ببێتەوە.

لێرەدا لە جێگەی ئەوەی کە پارتی و ئیدارەکەی رێز لە ئیدارەی شەنگال و خەڵکی ئێزیدی و ئەو هێزە ئێزیدیانە بگرن کە خۆیان و ناوچەکەیان پاراستووە، دەخوازن هەموو شتێکی ئەو خەڵکە وەکو پێش ٢٠١٤،٨،٣ کۆنترۆڵ بکەن. ئەمەش لەلایەنی خەڵکی شەنگالەوە پەسند ناکرێت. دیارە لێرەدا ئەوەی رەخنە بکرێت پارتی و دەسەڵاتی پارتیە نەك پەکەکە. ئەوەی حساب بۆ کەس ناکات پارتیە. سادەترین نمونەش ئەوەیە کە هەر کەسێك دەزانێت کە هێزەکانی YBŞ و HPG رۆڵی سەرەکیان هەبوو لە گرتنەوەی شەنگالدا و بەشێکی زۆری شارەکەش ئەوان رزگاریان کرد، کەچی مەسعود بارزانی گووتی پێشمەرگە بە تەنیا شەنگالی رزگار کردووە، بێگومان ئەمەش لەلایەنی ئەنجومەنی شەنگال و YBŞ و YJŞ دوە پەسند نەکرا و ئەو هەڵوێستە بەتوندی رەخنەکرا. هەر بۆیە دەبێت لایەنەکانی ترو رۆشنبیرانی باشور فشار بخەنە سەر پارتی بۆ ئەوەی ئیدارەی شەنگال و هێزە بەرخودانەکانی شەنگال پەسند بکات و بە تەنسیق لەگەڵ ئەواندا کار بکات و لە سنوری ئیدارەی شەنگالدا سەربەخۆ هەنگاو نەنێت.

٤. پەکەکە هەمیشە گوتویەتی هەرکاتێك مەترسی لەسەر شەنگال نەما ئێمە هێزەکانمان لە شەنگال دەکێشینەوە

**خەڵکی ئێزیدی پێیان وایە لە ئێستادا پێویستیان بە گەریلاکانی پەکەکە هەیە بۆ ئەوەی هاوکاریان بکەن**

بۆ ئەمەش گوێ لە خەڵکی ناوچەکەو ئەنجومەنی شەنگال دەگرێت و هەر کاتێك خەڵکی ئەو ناوچە پێیان وابوو کە مەترسیان لەسەر نەماوە و دەتوانن بە ئاسودەیی بژین، ئەوا پەکەکە هێزەکانی خۆی دەکێشێتەوە بێگومان لێرەدا دەبێت پارتی و خەڵکی هەرێمی کوردستان رەچاوی بارودۆخی شەنگال و خەڵکی ئێزیدی بکەن، بەڵام لە ئێستادا بەشێکی زۆری ناوچە ئێزیدی نشینەکان بە دەستی داعشەوە ماوەو رزگار نەبووە، کەچی پارتی دیموکراتی کوردستانیش هاوکارنابێت بۆ رزگارکردنیان و لەلایەکی تریشەوە رێگە لەو خەڵکە دەگرێت کە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان کە ئازاد بووە. ئەمەش نیگەرانی لای ئەو خەڵکە ئێزیدیە دروستکردووە کە ئێستا لە شەنگال و دەوروبەری دەژین، هەر بۆیە داوا دەکەن کە پەکەکە بەجێیان نەهێڵێت. دیارە ئەمەش بۆ پەکەکە دەبێتە ئەرکێکی ئەخلاقی و ویژدانی.

خەڵکی ئێزیدی پێیان وایە لە ئێستادا پێویستیان بە گەریلاکانی پەکەکە هەیە بۆ ئەوەی هاوکاریان بکەن لە رزگارکردنی ناوچە رزگار نەکراوەکاندا، هاوکات باوەڕیان بە بەرپرسانی پارتی دیموکرات و پێشمەرگەی پارتی دیموکرات نەماوە کە هاوکاریان بن بۆ خۆپاراستن و خۆبەڕێوەبردن. ئەمەش نیگەرانیان دەکات. دیارە پەکەکەش بە بەرپرسیاێتی هەڵسوکەوت دەکات و هەرئەمەش هۆکارێکی ترە بۆ مانەوەی گەریلاکانی پەکەکە لە شەنگال.

دیارە مانەوەی گەریلاکانی پەکەکە لەسەر ئەو بنەمایانەیە کە باسمان کردو بارودۆخی ناوچەیش ئەو دەرفەتەی رەخساندووە کە پەکەکە ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، دەبوایە پارتی و رۆشنبیرانی سەر بە پارتی بەمە خوشحاڵ بونایە. نەك ئەوەی کە داگیرکەرانی کوردستان بۆیان ناکرێت و ناتوانن لە ئێستادا بیکەنە ئاستەنگ بۆ جێبەجێ کردنی بەرپرسیارێتی نەتەوەیی، ئەوان وەکو بیانوو نیشان بدەن و بخوازن لەو رێگەیەوە پەکەکە رەخنە بکەن.

وەکو ئەنجام گەلی کوردستان و دڵسۆزانی نەتەوەیی دەکەینە دادوەر و با دادوەری خۆیان بکەن. بەهەر حاڵ لە ئێستادا زەمینەیەکی لەبار لەرووی نێودەوڵەتی و هەرێمیەوە رەخساوە بۆ گەلی کورد و چەمکی نەتەوە بوونیش لەناو کۆمەڵگەکەماندا پەرەی سەندووە، با پێکەوە دەرفەت بۆ یەکێتی نەتەوەیی و سەکۆی نەتەوەیی دروست بکەین و ئەرکە نەتەوەییەکانمان جێبەجێ بکەین، نەك چەمکی پارچە و حیزب زاڵ بکەین بەسەر ئەرك و کارەکانماندا.

# بایەخ و ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی



ئازادیی کۆمەڵگە
پ. د. سالارباسیرە

(بەشی یەکەم)

- **پێشەکی:**

بواری ئاسایش و ئاسایشی نەتەوەیی دیاردەیەکی نوێ نی یە لە ژیانی مرۆڤدا، بەڵام بوارێکی گرنگ و بایەخدارە. لەم زاراوەیەدا ئاماژە بە چەندین لە بوارەکانی ئاسایش دەکرێت کە ئاسایشی ناوخۆ و ئاسایشی نێودەوڵەتییش دەگرێتەوە. ئاسایشی نەتەوەیی بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگا و دەوڵەت و باری سەقامگیریە لە وڵاتدا. ئاسایشی نەتەوەیی بە تەنیا بواری سەربازی و هەواڵگری ناگرێتەوە، بەڵکو ئەمڕۆکە سەرجەم بوارەکانی ژیانی وڵات و کۆمەڵگەی گرتۆتەوە. لەم توێژینەوەیەدا جگە لە باسی لایەنی تیۆری بابەتەکەو ئاسایشی نێودەوڵەتی و بواری ژینگە وەک یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی ئاسایشی ناوخۆ و نێودەوڵەتییش، کەمێکیش تیشک دەخەمە سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان.

- **باسی یەکەم**

- چەمک و گرنگی و سەرهەڵدانی ئاسایشی نەتەوەیی:

زاراوەی ئاسایش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی و دەکۆلیەوە لە چۆنیەتی بە دەستهێنانی ئاسایش و دوورکەوتنەوە لە جەنگ و لە ئەنجامەکانی، بەڵام دواتر بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵگەی گرتەوەو ئەمڕۆکە دەوڵەتان کاری پێدەکەن و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییان دروستکردوە کە سەرجەم بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازی و ستراتیژی و ژینگە، هەروەها سیاسەتی دەرەوەش دەگرێتەوە، بەواتا هەموو ئەو بوارانەی وڵات و ژیانی کۆمەڵ کە پەیوەندییان بە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانیەوە هەیە . لەسەر ئاستی گشتی وەکو پێناسەو شوناسێکی گشتگیر دەتوانین بڵێین مەبەست لە چەمکی ئاسایش: ئەو توانایەیە کە دەوڵەت لە ڕێگایەوە دەتوانێت دابینکردنی سەرچاوەکانی بەهێزکردنی دەوڵەت و نەتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی بپارێزێت. سیاسەتی ئاسایش وەک بەشێکی بواری سیاسی، سەرجەم بوارەکانی ئاسایش و ئاشتی، ناکۆکیەکان و چارەسەری قەیران و جەنگ لە نێوان یان بەرامبەر دەوڵەت و هێزە نا دەوڵەتیەکانیش دەگرێتەوە هەروەک چۆن سیاسەتی ئاسایش سیاسەتی دەرەوەش دەگرێتەوە .

هەر لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانەوە هەڕەشەو مەترسی و ترسی دەرەکی بۆ سەر مرۆڤ بۆتە هۆی دروستبوونی بیرۆکەی خۆپاراستن. مرۆڤ هەموو هەوڵێکی سەرەتایی داوە بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی و خۆپاراستن و دڵنیایی بەرامبەر بە ترس و هەڕەشە هەمەلایەنەکانی سەر ژیان لە هەڕەشەکانی سروشت و گیانلەبەرە دڕندەکان و تەنانەت زەبروزەنگی مرۆڤ دژ بەیەکتر. لێرەدا لە ژیانی مرۆڤە سەرەتاییەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی تاک کاردانەوە غەریزیەکان ڕۆڵی بینیوە. خۆشاردنەوە لە ئەشکەوتەکان و خڕبوونەوەیان لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵی بچووک لەو میتۆدانە بوون کە مرۆڤەکان دڵنیایی و ئاسایشی پێ بەدەستبهێنن. پێشتر بەشێوازی تاک ژیاون، بەڵام دواتر بەو هۆیانەی سەرەوەوە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دروستبوون. کەواتە چەمکی ئاسایش

له مێژووی ژیانی مرۆڤایەتیدا چەمکێکی دێرینەو لەگەڵ بوونی مرۆڤدا ئەمیش بوونی هەبووە، بەڵام کۆمەڵگە لە شێوازێکی سادەوە گەشەی کردوە بۆ شێوازێکی ئاڵۆزتر .

ئاسایشی نەتەوەیی بریتیە لە بربڕەی پشتی کۆمەڵ و دەوڵەت و باری سەقامگیری. بەکارهێنانی زاراوەی ئاسایش وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، لە کاتێکدا کە شەپۆلێک لە ئەدەبیات دەرکەوت و دەکۆڵیەوە لە چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئاسایش و دوورکەوتنەوە لە جەنگ و ئەنجامەکانی. لە دیدی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە چەمکی ئاسایش ئەوەی کە وڵاتەکان هەست بە هیچ مەترسیەکی هێرشی سەربازی و گوشاری سیاسی یان ئابوری نەکەن و توانای ئەوەیان هەبێت بە ئازادی بە پیر پێشکەوتن و گەشەکردنەوە بچن .

« لە خوێندنەوەمان بۆ مێژووی مرۆڤایەتی دەردەکەوێت کە ئاسایش دیاردەیەکی کۆنەو بیرۆکەیەکی نوێ نیە« لە ژیانی سیاسی وڵاتان و گەلاندا، بەڵام مێژوویەکی نوێیە لە زانستە سیاسیەکاندا. ئاسایشی نەتەوەیی بوارێکی گرنگ و بایەخدارە بەزۆری لەلایەن سیستەمە سیاسیەکان و حکومەتەکانەوە بەکار هێنراوە، بەڵام کاریگەرتر لەسەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییدا بایەخی گرنگتری بەخۆوە گرتووە بەتایبەت دوای جەنگی دووەمی جیهانی بە شێوەیەکی رەها. لە بواری ئاسایشی جەنگ و تیرۆرەوە بوارەکانی ئاسایشی ئابوری و ژینگەو کشتوکاڵ و لایەنەکانی کۆمەڵایەتیشی گرتۆتەوە لەناو ئەم سیستەمی ئاسایشەدا. وڵات و نەتەوەو کۆمەڵێنی وڵاتێک پێویستی بە ئارامی و ئاسایش هەیە بۆ ناوخۆ کە گشت ئاستەکان دەگرێتەوە، لە هەڕەشەی دەرەکیش. هەروەها ئازادی سیاسی و ئابوری ، مافی مرۆڤ (مافی تاک و کۆمەڵ) ، لێبوردەیی ئاینی، بەڵام سنوردانان بۆ فەناتیزمی ئاینی و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی رەگەزپەرستی. پەیڕەوکردنی ئەو تیۆرەش کە ئازادی سیاسی ئاسایش دروستدەکات، بەڵام بەپێی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵات و دەوڵەتە. ئاسایشی نەتەوەیی بەواتا ئاسایشی تاکەکانی کۆمەڵیش دەگرێتەوە. کێشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە لێکۆڵینەوەی ناوەرۆکەکەیەوە دەستپێدەکات .

- **باسی دووەم**

- رەهەندەکان و بنەما بنچینەییەکانی ئاسایش:

بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ئاسایش گرنگە لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لە رەهەندەکان و بنەما بنچینەییەکانی ئەو بوارە بدرێت کە بریتین لە رەهەندی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ژینگە، هەروەها رەهەندی ئایدیۆلۆژی.

یەکەم: رەهەندی سیاسی: پارێزگاریی لە کیانی سیاسی دەوڵەت دەکات.

دووەم: رەهەندی ئابوری: کەش و هەوای گونجاو بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی گەل و تەوفیر کردنی رێگای پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی بۆی .

سێیەم: رەهەندی کۆمەڵایەتی: مەبەستی رەخساندنی ئاسایشی هاوڵاتیان و گەشەپێدانی هەستکردن بەوەی کە سەربوون و پشتیوانیکردن زیاد دەکات و هەستکردن بە ئینتیمابوون.

چوارەم: رەهەندی ئایدیۆلۆژی: ئازادی هزر و بیروباوەڕەکان زامن دەکات و داب و نەریت و بەهاکان دەپارێزێ.

پێنجەم: رەهەندی ژینگە: زامنکردن دژی مەترسیەکانی ژینگەو پاراستنی، بەتایبەتی دەربازبوون لە شتی بێکەلکی بێسوود کە دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە.

بەڵام داڕشتنی ئاسایش لەبەر رۆشنایی چوار بنەمای بنچینەیی ساز دەبێت کە بریتین لە:

یەکەم: پەی بردن بە هەڕەشەکان جا دەرەکی بن یان ناوخۆ و ئامادەکردنی سیناریۆ و کار رایی بۆ رووبەڕووبوونەوەی.

دووەم: وێناکردنی ستراتیژیەت بۆ گەشەپێدانی هێزەکانی دەوڵەت و پێویست بوون بەرەو دەرچوونی زامنکراو.

سێیەم: رەخساندنی توانای رووبەڕووبوونەوەی دەرەکی و ناوخۆ بە بونیادنانی هێزی چەکدار و هێزی پۆلیس کە توانای بەگژداچوون و رووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڕەشانەی هەبێت .

- **باسی سێیەم**

- واتای ئاسایش لە سیستەمی سیاسیدا:

لە دیدی وەزیری پێشوی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هێنری کیسنجەر ئاسایشی نەتەوەیی بەواتای هەر کردارێکی کۆمەڵ کە بەڕێگایەوە تێدەکۆشێت بۆ پاراستنی مافی خۆی بۆ مانەوە . یەکێک لەو کەسە ناسراوانەی کە دەربارەی ئاسایش نوسیویەتی بریتیە لە (رۆبێرت مکنمارا) وەزیری بەرگری پێشوی ئەمریکی و یەکێکە لە

بیریارە مەزنەکانی بواری ستراتیژی. لەکتێبەکەیدا (جەوهەری ئاسایش) ، دەنوسێت: «ئاسایش بەواتای گەشەیە کە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگرێتەوە لە پاَل پاراستنی ئەزمون» .

ئاسایشی راستەقینەی دەوڵەت لە مەعریفە قوڵەکەیدا بۆ ئەو شتانە هەلدەقولێت کە هەڕەشە لە توانا جۆراوجۆرەکان دەکات، ئەو شتانەی کە دەیەوێ گەشە بەتواناکان بدات لە سەر ئاستی سەرجەم بوارەکاندا بۆ ئێستەو بۆ ئایندە. ئاسایش دەبێت فاکتەری نەهێشتنی ترس بێت، ترس بەواتا گشتیەکەی لە بوارەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئیتر بۆ سەر ئاستی ناوخۆ بێت یان دەرەکی بۆ ئەوەی مرۆڤ ناچاری ئەوە نەبێت پەنا بەرێتە بەر زەبروزەنگ بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی. بەپێی توانا دووركەوتنەوە لە فکری جەنگ و تیرۆر بۆ ناوخۆو بەرامبەر دراوسێکانیش. ئەمانە هەمووی بابەتی ئاسایشن و کاریگەریی خۆیان هەیە لەسەر بواری ئاسایش. نەتەوەیەک ئاسایشی هەیە ئەگەر بەرژەوەندیە شەرعیەکانی خۆی نەکاتە قوربانی. توانای نەتەوەیەک کە بەها ناوخۆیەکانی خۆی لەبەردەم هەڕەشەی دەرەکیدا بپارێزێت. بۆ پاراستنی ئازادیە سەرەکیەکان و مافەکانی گەل پێویستە رەچاوی زامن کردنی پێکەوە ژیانێکی ئاسایشانەی هەموو مرۆڤەکان بکرێت. هەروەها زامن کردنی ئاسایشی دامودەزگاکانی وڵات و بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤ کوژیی. ئەم ئامانجانە پێویستە بەهۆی نەهێشتنی لاوازی و کەموکوڕیەکان لە سیستەمی ئاسایشی ناوخۆ بەدەست بهێنرێن. بەواتا ئاشتی لە ئاسایشدا.

لە ئەنجامی گۆڕانکاریەکان لە هەیکەلی سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتی لە فراوانبوونی بۆ دەوڵەتان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، هەروەها فراوانبوونی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و سەربازیی دەوڵەتەکان و پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا لە گشت بوارەکانی ژیان چیتر بەتەنیا هێزی سەربازیی دەوڵەت کاریگەر نەبوو، بەڵکو جگە لەوە توانای ئابوری و سیاسیش رۆڵی کاریگەری بینیوە. فاکتەرە سەرەکیەکانی پشت ئەم ئاڕاستەیە دەرئەنجامی جەنگی دووەمی جیهانی و پێشکەوتنە



رۆبێرت مکنمارا وەزیری بەرگری پێشوی ئەمریکا

زانستیەکانی سەردەم بوو، کە بووە هۆی دروستبوونی گرفتی ئاسایشی هاوبەش و گۆڕینی ئەرکی دەوڵەت لە دانانی بەرنامە بە ئامانجی پارێزگاری کردن لە کیانی سیاسی و ئابوری ناوخۆ، هەروەها میحوەرەکانی جەنگ و ئاشتی و بازرگانی نێودەوڵەتی ئەمەیان وەک میحوەری دەرەوە. سیستەمی دوو جەمسەریی لە ئەنجامی جەنگی دووەمی جیهانی لە نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بە پێوەری باڵادەستیی تەکنیکی و پیشەسازی و توانای سەربازی و سەیتەربوونی سیاسی و بەرفراوانبوونی جوگرافی و چڕی دانیشتوان دەناسرایەوە. بواری ئاسایش بەپێی ئەم بۆچوونە ئاسۆیەکی پەرەپێدانی فراوانی گرتەخۆ.

یەکێک لەوانەی پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکات بریتیە لە رۆبێرت مکنمارا کە باوەڕی وایە بەتەنیا هێزی سەربازیی نابێتە دەستەبەر کردنی ئاسایشی دەوڵەت. لەناو دەوڵەت ئاسایش و سەقامگیری ناوخۆ نایەتەدی بەبێ پێشکەوتنی ئابوری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی کە ئەمانەش دەبنە هۆی بونیادنانی هێزی سەربازیی بەهێز کە بتوانێت لەکاتی پێویست بەکار بهێنرێت بۆ خۆپاراستن، چونکە هێزی سەربازیی بریتی نیە تەنیا لە جبە خستن. ئاسایش بریتیە لە پەرەپێدان و بێ ئەم هیچ مەودایەک نیە بۆ باسکردن لە ئاسایش. بەڵام ئاسایش بە تەنیا بریتی نیە لە پەرەپێدانی سەربازیی، بەڵکو ئەوە تێگەیشتنێکی فراوانەو زۆر لایەن دەگرێتە خۆ، لەوانە ناوخۆ، دەرەوە، ئابوری، هەروەها لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و سەربازیی. ئاسایشی راستەقینە ئاسایشی مرۆڤەکانە کە بریتیە لە بنەمای ئاسایشی کۆمەڵ و ئەوەش پەیوەستە بە توانای دامودەزگا سیاسیەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیری ناوخۆ، هەروەها سەربەخۆیی وەک دیوی دەرەوە. ئەم بۆچوونە ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەڵگە بریتیە لە ناوەڕۆکی دەوڵەت و سەرچاوەی بوونی. هەربۆیە پاراستنی کۆمەڵگە لە هەر هەڕەشەیەک لە ریزی پێشەوەی ئامانجە ستراتیژیەکانە.

بۆیە ناتوانرێت باس لە ئاسایشی دەوڵەت بکرێت ئەگەر ئاسایش بۆ کۆمەڵگە دەستەبەر نەکرێت کە پەیوەستە بە سنوری سیاسی و یاسایی کە بەسترابێتەوە بە پەیوەستبوون (وەلا) بۆ نەتەوە ئەوەش نایەتە دی ئەگەر ئاسایشی تاک نەیەتە دی کە بریتیە لە کۆمەڵگە. کەواتە بۆئەوەی دەوڵەت ئاسایشی هەبێت دەبێت تاکی کۆمەڵگە هەست بە ئاسایش بکات لە ڕێگای چاکسازی لە باروودۆخی ماددی و مەعنەوی. هەر بەم شێوەیە وەلای تاک بۆ کۆمەڵگەکەی سەرکەوتوو دەبێت، ئەوەش بەستراوەتەوە بە توانای دامودەزگاکان بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی سیاسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو گرفتانەی تووشی کۆمەڵگە دەبنەوە .

- **باسی چوارەم**

- دۆخی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەرئەنجامەکانی:

لە سەردەمی جەنگی سارددا و کێبرکێی چەکی ئەتۆمی نەک بەتەنیا هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەڵکو تەواوی ئاسایشی جیهان لە مەترسیدا بوو. ئاسایشی مرۆڤەکانی جیهان لەبەردەم جەنگی ئەتۆمیداو هەڕەشەی داگیرکردنی وڵاتان و بەرپاکردنی جەنگ و تیرۆر و قەیرانی ئابوری و ژینگەو ئەنجامەکانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەموو ئەمانە پەیوەندی بە بواری ئاسایشی نێودەوڵەتیشەوە هەیەو چارەسەرکردن و تەشەنە نەکردنی ئەرکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بووە بەپێی یاسا نوسراوەکانی و هەروەها دەوڵەتە ئەندامەکان تێیدا .

سەبارەت بە ئاسایشی نێودەوڵەتی لێرەدا ئاماژەیەکی کورت ئەدەم بەباری دانیشتوانی سەر گۆی زەوی و قەیرانی ژینگەو ئەنجامەکانی بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی.




دابەشبوونی زەوی بە پێت بەسەر دانیشتوانی زەوی لە ماوەی ١٩٥٠ - ٢٠٥٠ .

سەرچاوە: گۆڤاری شپیگل ، ژمارە ٣١، ٢٠٠٩

خشتەی ژمارە ١

ژمارەی دانیشتوان لەساڵی ١٩٥٠، ٢،٥ ملیار مرۆڤ بوە کە هەر مرۆڤێک ٥٦٠٠ مەتردوجا زەوی بەرکەوتوە. لە ساڵی ٢٠٠٠ ژمارەی دانیشتوان گەیشتۆتە ٦،١ ملیار و هەر مرۆڤێک ٢٣٠٠ مەتردوجا زەوی بەرکەوتوە. بەپێی ئامارەکان لە ساڵی ٢٠٥٠ ژمارەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی دەگاتە ٩،١ ملیار مرۆڤ ، هەر مرۆڤیک ١٥٠٠ مەتردوجا زەوی بەردەکەوێت. بەواتا لە سی و پێنج ساڵی تردا زەوی دەبێت نزیکەی (٣) ملیار مرۆڤ زیاتر بگرێتە خۆی وەک لەوەی ئەمڕۆکە هەیە. لە ٢٠ ساڵی ئایندە پێویستی خواردن بۆ جیهان بەرێژەی ٥٠٪ بەرز دەبێتەوە . لە وڵاتێکی وەک چین کە دانیشتوانەکەی زیاتر لە یەک ملیار مرۆڤە دەبێت ¾ ی دانیشتوانەکەی لەسەر ¼ ی ڕووبەری چین بژی، چونکە تەنیا ئەم ناوچەیە گونجاوە بۆ کشتوکاڵ و کێلاندن و بەکشتوکاڵ کردنی زەوی. بە باران نەبارینێکی دوو ساڵە دەکرێ برسیەتی لەم دەوڵەتە گەورەیەدا ڕووبدات. هەموو ئەمانە بۆ ئاسایشی ناوخۆو نێودەوڵەتییش و ئاسایشی خۆراک قەیران دروستدەکات و بێ ئەنجام نابێت. لێرەدا ئاسایشی دانیشتوان و ئاسایشی خۆراک و ژینگەش دەبنە بەشێک لە ئاسایشی نێودەوڵەتییش.

زەوی کشتوکاڵ بەتایبەت لە ئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە کەمبوونەوەدایە، هەروەها نرخیشی گرانترە. لەبەر ئەوە وڵاتە دەوڵەمەندەکان لە وڵاتە هەژارەکان زەویەکی زۆر بە نرخی هەرزان دەکڕن و خواردنی لەسەر بەرهەم دەهێنن و دەینێرنەوە وڵاتەکانی خۆیان و نرخی کەمتر دەکەوێت ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو وڵاتە هەژارانە خۆیان بەدەست هەژاری و کەم خواردنیەوە دەناڵێنن. «حکومەتی سودان بۆ ماوەی ٩٩ ساڵ، ملیۆن و نیوێک دۆنم لە باشترین زەوی کشتوکاڵی فرۆشتوە بە دەوڵەتەکانی کەنداو، بەڵام ئەوەی ناکۆکە بەخۆی لێرەدا ئەوەیە سودان گەورەترین وەرگری یارمەتی دەرەکیەو ژیانی ٦ ملیۆن مرۆڤ بەندە بەیارمەتی خۆراکی دەرەکیەوە» . لە وڵاتە هەژارەکان وەک هیند و بەنگلادش وەک لە زۆرێکی تری هاوشێوەی ئەم وڵاتانە دیاردەی کۆچ و ڕەو هەیە لە گوندەوە بۆ شار. دیاردەیەک کە بێ ئەنجام نی یە بۆ سەر ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی خەڵکی وڵات. هەموو ئەمانە کاریگەریی خراپی



وێنەی کاری کاتێری ئاسایش!

خۆی هەیە لەسەر ئاسایشی خۆراکیش.

- **باسی پێنجەم**

- ئاسایشی نێودەوڵەتی لەژێر هەڕەشەدا:

لە ٢٠٠ ساڵی ئەم دواییەی مێژوودا مرۆڤایەتی زەوی و ژینگەی بەقەد ئەو چەند ملیۆن ساڵەی پێشووی خۆی وێرانکردوە کە لەسەری ژیاوەو جەنگێکی بێبەزەیی بەرامبەری هەڵگیرساندوە. مرۆڤایەتی بە جۆرێک لەگەڵ زەوی و ژینگە رەفتار دەکات هەروەک ئەم دوا نەوەی سەر زەوی بێت . سەرجەم مێژووی مرۆڤایەتی شەڕ و تێکۆشان بووە لە پێناوی ژیان و مانەوەی لەسەر ژیان. چارلس داروین لێکۆلینەوە زانستیەکەی (خەبات لە پێناوی مانەوە) وەک بوونی پرەنسیپێکی سروشت دۆزیەوەو ئەنجامدا. مرۆڤیش لەم پرەنسیپە بەدەر نی یە. مرۆڤ هەمیشە لەبارودۆخی جەنگدا بووە. پێشەکی جەنگێک بووە دژ بە مەترسیە سروشتیەکانی ژینگە، وەک دوژمنێک بەرامبەر مرۆڤ ، بەڵام جەنگێک بووە لە هەلوێستی لاوازیەوە بۆ مانەوەی خۆی، بەڵام دواتر بۆتە جەنگی مرۆڤ دژ بە یەکتر لە پێناوی زەوی و کەرەسەی خاودا. لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی بەتایبەت لە ساڵی ١٩٤٥ وە جەنگێکی سەرانسەری مرۆڤ هەیە دژ بە رووتاندنەوەی زەوی و ژینگە. ئەم شتە هەناسەیەکی دا بەمرۆڤ، بەڵام هەناسەیەکی گەورەی لەزەوی دایک بڕی. ئەمەیان بێدەنگترین جەنگە مرۆڤ دژ بە ژینگە ئەنجامی ئەدات، بەڵام کاردانەوەکانی دواتری ژینگە قورس دەبێت لەسەر مرۆڤایەتی. هەربۆیە ئەوە بە مەترسیدارترین جەنگ دەبینرێت، چونکە کە زەوی و ژینگە وێران بوو بەواتا بنچینەو سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ خۆیشی و لەگەڵیشیدا ئاسایشی نەتەوەییش وێران دەبێت و مەترسیە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتیش .

——

تێبینی / بەشی دووەمی وتارەکە بۆ ژمارەی داهاتووی گۆڤاری ئازادی کۆمەڵگەی تایبەت دەبێت بە ئەنجومەنی ئاسایش لە هەرێمی کوردستان ...

# کۆمین



ئازادیی کۆمەڵگە
هەدیە یوسف

ڕێبەر ئۆجالان دەڵێ» حەقیقەت ئەشقە، ئەشقیش ژیانی ئازادە» ژیانی ئازاد وەک دەزانن ژیانێکە کە زۆر پرەنیسپ و بنەمای سەرەکی پێویستە یەک لەوانە ژیانی کۆمین-هەرەوەزی و کۆمەڵگەبوونە. بەر لە مێژووی دەسەڵاتداری کە بەر لە دە هەزار ساڵ دەبێت و بەر لە مێژوویی نوسراو ژیانی کۆمەڵگەیی و ئارام کە لە دەوروبەری ژن بونیادنرا، یاسای نەنوسراوی ژیان بوو. هەموو کەس مافی ژیان و پاراستنی هەبوو، وەک ژیانێکی سروشتی و خۆڕسک بێ ئەوەی کە مولکەیەت هەبێ و لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی پێکەوە ژیان بووە. ژیان هەم لە ڕووی زهنیەوە و ڕۆحیەوە پێکهاتەیەکی نوێی کۆمەڵگەیی بووە و دوور لە دەسەڵاتداری بووە. هەموو بەڵگەی شوێنەوارناسیەکان پێیمان دەڵێن کە توندوتیژی و سەردەست و بن دەست و چینایەتی نەبووە و ئەو ژیانە کۆمیناڵە-پێکەوەییە لەسەردەمی دایکسالاری – سەردەمی نیۆلۆتیک لەسەر بنەمای یەکسانی بووە لە سێ بواری سەرەکی ژیان کە پاراستن، زۆربوون و تێرکردن. تەنانەت یۆتۆپیاکانی بەهەشت کە تا ئێستاش جێی باسە لەو ژیانە نمونەییەوە ئیلهامی وەرگرتووە. سیستەمی پیاوی دەسەڵاتدارکە لەبەرامبەر سیستەمی سروشتی دایک و کۆمەڵگەبوونەکەی کەوتە ململانێوە، سیستەمی خۆی بونیادنا. ئەو ململانێیە هەموو ئەفسانە و داستان و سەرچاوە مێژوویەکان دەیسەلمێنن کە ململانێیەکی سەخت بووە و هەروا ئاسان ژن و سیستەمەکەی دەستبەرداری نەبوون. ئەو ململانێیەی ٢ هەزار ساڵ بەردەوام بووە، زهنیەتی پیاوسالاری زاڵ بوو و لەو کاتەوە تائێستا ئەو هاوسەنگیە لە کۆمەڵگەدا تێک چووە. هەموو واتا و هاوکێشەکانی ژیان لە نێوان ژن و پیاودا لاسەنگ بوو، دواتر هەموو واتاکانی ژیان بەرەو ئاراستەیەکی جیاواز چوو.

> **بە زاڵبوونی زهنیەتی پیاوسالاری پەرە بە پلەداری دەدرێ و دەوڵەت-شارەکانیش بەو زهنیەتە سەرهەڵدەدەن**

بە زاڵبوونی زهنیەتی پیاوسالاری پەرە بە پلەداری دەدرێ و دەوڵەت-شارەکانیش بەو زهنیەتە سەرهەڵدەدەن، بۆ ڕێگرتن لە ژیانی هەرەوەزی کۆمەڵگەیی لەبەرئەوەی پەرە بە سیستەمی دەسەڵاتداری و چینایەتی و دەزگای دەوڵەت دەدرێت. دوای ئەوەی کە سیستەمی دەسەڵاتداری سەردەکەوێت گۆڕانکاری ڕشت و بنەڕەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا ڕوودەدەن. بەو پێیە کۆمەڵگەی کۆن کە نەریتی کۆمیناڵی خۆی هەبووە لە کۆمەڵگەدا گۆڕانکاری ڕیشەیی ئەنجام دەدات، دەسگرتن بەسەر بەهاکانی سیستەمی ژن-دایک و زێدەبەرهەم ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لەو گۆڕانکاریەدا. ئەو زهنیەتە ناوەڕۆکی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێوەری ژیانی شار دادەڕێژێت و وەک پێشکەوتنێکی گەورە نیشانی دەدەن کە کۆمەڵگەی پێ ئاراستە دەکەن و ئەو گۆڕانکاری زیاتر نەک لە ناوەڕۆک، بەڵکو لە پێکهاتە و شێواز و ڕووکەشی ژیان دا لە شارنیشینی، چینایەتی دا هەڵئاوسانێکی گەورەی لێدەکەوێتەوە.

بونیادی کۆمەڵگەی چینایەتی کرایە جانەوەرێک کە هەرشتێکی بەردەست کەوتووە هەڵیلوشیوە کە لە ئاینە ئیبراهیمەکان دا وەک «لەڤی ئاتهان» بەناو کراوە. ئەم دۆخەی ئێستای کۆمەڵگەی تێدایە لە ئەنجامی ئەو دۆخەیە کە پێی دەڵێن بەجانەوەربوونی هێزە دەسەڵاتدارەکانی سیستەم.

ئەو ژیانەی کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەسەری هەڵکشا و جێکەوتەی کردووە وەک تەڵەیەکە کە ژنی گەمارۆداوە. ئەو سیستەمی دایکسالاریەی کە درێژترین سەردەمی مێژوو بووە، بەڵام لەسەردەمی سیستەمی سەرمایەداری دا ژن وەک کاڵایەک دەفرۆشرێت، وەک هێزێکی کاری هەرزان نەک تەنیا لە ماڵ دا، بەڵکو بۆ هەموو سیستەمی بەرژەوەندی دەسەڵاتدار و بۆ ئەوەی ئابوری خۆی پێ بەهێز بکات سیستەم بۆ هەرچی هەرزانترکردنی هێزی کار و قازانج، ژن وەک ئامێرێک بەکاردینێت. ژن نەک بۆ ئەوەی کە ئابوری خۆی پەیدا بکات، بەڵکو هەموو پێشکەوتنە پیشەسازیەکان دا ژن وەک بەهێزکردنی دەسەڵاتداریێتی سیستەم، پیاوسالاری و هێزی زیاتری ژێندەریی پیاو فەراهەم دەکات. ژن وەک ئامێرێکی وەچەخستنەوە درێژە بە بەردەوامی نەوەکانی سیستەمی دەسەڵاتداری

**ئەو سیستەمە بۆ ئەوەی کە هەرچی زیاتر کۆمەڵگە پارچە بکات قوڵکردنەوەی رۆحی تاکڕەوی لە رێی پەروەردەوە لە نێو تاکەکان دا چاند**

دەدات چ لە ناو خێزان و تەنانەت خانەدان و ئیمپراتۆرەکان دا بووە ئامێر و پایەی سەقامگیرکردنی دەسەڵات. ژن بووە ستون بۆ دەسەڵاتی ئەوانەی کە دەسەڵاتیان نیە، ئەوەش لە پێناوی سەپاندنی دەسەڵاتداری بەسەر هەموو کۆمەڵگەدا بەکارهێنرا.



کۆمەڵگە ئەمڕۆ وەک منداڵێکە کە پێشوەخت بەساڵاچووە و لەلایەکی تر بە ژنکراوە واتە تەواوی کۆمەڵگە خراوەتە ئەو دۆخەی کە ژنی تێخزێنراوە. بە واتاییەکی تر کاتێ ژن پێگەی خرا، لە راستی دا لە کەسایەتی ئەودا هەموو کۆمەڵگە خرا، چەند ئەو دۆخە پەرەیسەند ئەوەندە بەو ئاستەش کۆمەڵگە زیاتر خرا. نەخۆشیەکانی نێو کۆمەڵگە وەک نەخۆشی شێرپەنجەی لێهات، چەند بواری پزیشکیش پێشکەوتوو بێت، بەڵام لە ئاستێکدا نیە کە دەرەقەتی چارەسەری ئەو نەخۆشیە بێت. ئەنجامێکی کە لێی کەوتەوە سیستەمی سەرمایەداری ئیتر کۆمەڵگەی لە نێو زەڵکاوی ئەو نەخۆشیانەی کە تیمار ناکرێت نغرۆ کرد و ئەو نەخۆشیانە بووە بناخەی بونیادی ئەو کۆمەڵگەیانە، سیستەمی سەرمایەداری بۆ ئەوەی خۆی جێکەوتە بکات لە نێو کۆمەڵگەدا، سیستەمی پەروەردەی بۆ بەتاکڕەوکردنی ژیانی کۆمەڵگە بە بنەما گرت. ئەو سیستەمە بۆ ئەوەی کە هەرچی زیاتر کۆمەڵگە پارچە بکات قوڵکردنەوەی رۆحی تاکڕەوی لە رێی پەروەردەوە لە نێو تاکەکان دا چاند. بە تاکڕەوێتی چەمکی هاوڵاتێتی لە نێو دەوڵەت دا بونیادنا. لە سیستەمی پەروەردەی خوێندنگەکان دا تاک بە پرۆسەیەکی مێشک شوشتنەوە و ئاسیملاسیۆن دا تێپەڕێنرا. پەروەردە و زانست بۆ لەناوبردنی کۆمەڵگە بەکارهێنرا نەک بۆ پێشخستنی کۆمەڵگە یان بۆ ئازادکردنی تاک.

ژیانی مرۆڤ خەسڵەتێکی کۆمەڵگەیی

هەیە. بەر لە پرۆسەی شارنیشینی، دەوڵەتداری و مێژوویی شارستانی، کۆمەڵگە هەبووە. کۆمەڵگەی تیرە کە زۆر جار بە مەبەستەوە ئەرێنیانە ئاماژەیان پێناکرێت، بەڵام بۆ سەردەمێکی درێژی مرۆڤایەتی کە ملیۆنان ساڵ دەکات ژیانیان پێکەوە گوزەراندووە بێ بوونی شار، دەوڵەت و شارستانی.

شتێک لە ژیانی مرۆڤ گرنگتر نیە، مرۆڤ ناتوانێ بێ کۆمەڵگە بژی. کۆمەڵگەبوون بناخەی هەبوونی مرۆڤە. نەتەوەی دیموکراتی بۆ ئەوەی ئەو سیستەمەی باسمان کرد تیپەڕێنێت لە پێناوی مرۆڤ دا کۆمەڵگەبوون بەبنەما دەگرێت، مەگەر بە کۆمەڵگە بوون لە دژی سیستەمی سەرمایەداری راوەستێ بە دروشمی یان کۆمەڵگە یان هیچ.

لە روانگەی ئێمەوە بە نەتەوەی دیموکراتی هاوڵاتێتی ئازاد بونیاد دەنرێت و دەبێتە ئەلتەرناتیفی ئەو سیستەمە ستەمە کۆمەڵایەتیە. کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەلتەرناتیفی سیستەمی چینایەتی و دەسەڵاتخوازیە. کاتێ نەتەوەی دیموکراتی لەسەر ئاستی ژیانی کۆمیناڵ (هەرەوەزی) شیکاری دەکەین چەمکی نەتەوەی دیموکراتی مەرجی یەکەمینە بۆ ژیانێکی تەندروست و رێگا لە ئیستیغلال کردنی کۆمەڵگە دەگرێت لەلایەن سیستەمی دەوڵەتیەوە کە هەوڵی لەناوبردنی رۆحیی دەدات. چەمکی پەروەردە و زانست لە نەتەوەی دیموکراتی دا ئامانجی ئەوەیە کە کۆمەڵگەبوون و هاوڵاتێتی ئازاد بونیاد بنێت، ئەگەر نا کۆمەڵگەیەکی ئازاد مەحاڵە.

فەلسەفەی ئۆجالان کە ئەزمونەکەمان پشتی پێدەبەستێت ئامانجی هێنانە ئارای ئیرادەی کۆمەڵگەبوونە لە نێو خۆسەری دیموکراتی دا. لە سیستەمی خۆسەری دیموکراتی دا، کۆمەڵگە دەتوانێ هەموو کێشەکانی خۆی چارەسەری بکات و هەر خۆشی هەموو پێوەرە ئەخلاقیەکان جێکەوتە دەکات کە ژیانێکی کۆمیناڵە. نەتەوەی دیموکراتی کۆبوونەوەی ئەو تاکانەیە لە دەوری یەک کە خاوەن ئیرادەیەکی ئازادن و کار بۆ ئامانجێکی هاوبەش دەکەن. بێ ئەوەی زمان، مێژوو و جوگرافیا و ئایین بەبنەما بگرێت ئامانجی هاوبەشی ئیرادەی ئازادە و لەسەر ئەو بنەمایەش

> **کۆمین باشترین و گونجاوترین جێگەیە کە تاک دەتوانێ نوێنەرایەتی ئیرادەی ئازادی بکات**

کۆمەڵگەی خۆی بونیاد بنێت. کۆمەڵگەیەک لەسەر ئەو بنەمایە بێت دەتوانێ بەردەوامی بە ژیانی بدات و نوێنەراتی نەتەوەی دیموکراتی دەکات کە ژیانی ئازاد فەراهەم کراوە و مافی پێشخستنی زمان، کلتور و ئاینی خۆی هەیە. لە هەموو بوارەکانی نەتەوەی دیموکراتی لەسەر بنەمای ئامانجێکی هاوبەش و یەکگرتوانە ژیانێکی ئازاد و بەها نوێیەکانی خۆی بونیاد دەنێ، پرەنسیپی سەرەکیشی دەبێتە ئەو رێیەیە تێیدا ژیانی خۆی دەپارێزێت و هاوسەنگی نێوان تاک و کۆمەڵگەش دا بە چەمکی نەتەوەی دیموکراتی ئازادی خۆی فەراهەم دەکات.

کۆمین باشترین و گونجاوترین جێگەیە کە تاک دەتوانێ نوێنەرایەتی ئیرادەی ئازادی بکات لەبەرئەوەی کە هەیکەلیەت و پێکهاتەی بونیادی ئەو سیستەمە نوێیەیە کە ژێر بۆ ژوور و لە هەموو بوارەکان دا تاک خۆی تێدا دەبێنێتەوە، باوەڕی بەوەشە کە بۆ دەستەبەرکردنی ژیانی کۆمیناڵ دەبێ تاک ئازاد بێت، خێزان ئازاد ببێت و بە تایبەتی ژن دەبێ ئازاد بێت. بەو پێیە سیستەمی کۆمین لە دەوروبەری ژن پەرەدەسەنێت.

ئەزمونی رۆژئاڤای کوردستان لەسەر بنەمای رێکخستنکردن و پەروەردەکردنی تاکی ئازاد و ژن بە چەمکی ئازادی و رێکخستن کردنی ژنە . لە نێو کۆمین دا ژن و گەنجان بە تایبەتی و هەموو کۆمەڵگە کە لە نێو کۆمین دا دەتوانن بە چەمکی ژیانی ئازاد ژیانی خۆی رێک بخات دەتوانن ببنە خاوەن بڕیار. ئێمە لە رۆژئاڤای کوردستان ئەو جۆرە ژیان و رێکخستبوونەمان بەبنەما گرت. ئەزمونی رۆژئاڤای کوردستان لە ئاستێکی بەرز دا ئەو چەمکەی چەسپاندووە و کاری گرنگی بۆ کردووە و تا ئێستاش کاری بۆ دەکات بۆ ئەوەی کە ژیانێکی دیموکراتی و ژیانێکی کۆمیناڵ بونیاد بنێت. وەها دەتوانین لەو پاشماوەیەی کە سیستەمی سەرمایەداری وەک بارێک خستویە سەر کۆمەڵگە رزگارمان بێت، کە دەوڵەت-نەتەوەیە و دەرهاویشتە و کاریگەریەکانیەتی.

هدیە یوسف ئەندامی ئەنجومەنی دامەزرێنەری فیدرالی دیموکراتی باکوری سوریا

# ئەنجومەنە دیموکراتیەکان لە بوکچینەوە بۆ ئۆجالان



ئازادیی کۆمەڵگە
جانیت بیل
لەئینگلیزیەوە: نەسرین عەباس

تیۆریسیانی کۆمەڵایەتی ئەمەریکی موری بوکچین کە بە یەکێک لەو کەسایەتیانە هەژمار دەکرێت کە هەمیشە هەوڵی قاڵبونەوەو هەوڵی بە پیت کردنی بیری چەپی داوە بە هزرە دیموکراتیەکان لەسەربنەمای ئەنجومەنەکانی دیموکراتی، گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگە و ئیکۆلۆژی وەک دوو بنەمای زیندوو و بەرهەڵستکاری هیرارشی (پلەداری) بووە. لە رابردوودا بۆ ماوەیەکی درێژە ئەو بیرۆکانە باو و بنەماکانی بەرهەڵستکاری سەرمایەداری و دەوڵەت-نەتەوەی دەستەبەر دەکرد.

ئەم هەوڵانەی موری بوکچینی پێشکەتنخواز بۆ تێگەیشتن و خۆناساندن بە کۆمۆنیست لە ساڵانی ١٩٣٠ لە نیویۆرک دەستی پێکرد کە لە سەردەمی خۆی دا نەخوازراو بوو. لە ساڵانی ١٩٤٠کان دا بیروباوەڕی لینینیزم و مارکسیزمی رەتکردەوە و پێی بوو کە نەک تەنیا دەسەڵاتە، بەڵکو وەهمە و لە دواییش دا پرۆلیتاریا بیرۆکەیەکی شۆڕشگێڕی نیە، بەڵکو سیاسەتێکی رادیکاڵ بەربەست دەکات ئەویش وەک هەموو هاوڕێکانی بەکاری هزریەوە سەرقاڵ بوو بە کارکردن لەسەر پرۆژەیەکی شۆڕشگێڕانە. لە ساڵانی ١٩٥٠ ەوە درکی بەوە کرد کە چەپی نوێ دەبێ لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و ئیکۆلۆژی بێت.

لە لێکۆلێنەوە و خوێندنەوەی بۆ هزری گریکی(ئەغریقی) کۆن گەیشتە ئەو باوەڕییەی کە کۆمەڵگە دەتوانێ لەڕێی ئەنجومەنەکانی هاوڵاتیەوە بەشێوەیەکی دیموکراتیانە خۆی بەڕێوەبەرێت. بوکچین ئیلهامی لێوەرگرت و گەیشتە ئەو ئەنجامەی دەکرێت دەوڵەت-نەتەوە وەلاوەنرێت و هێزەکەی بۆ ئەنجومەکانی گەل بگوازرێتەوە. ئەگەر کۆمەڵگە سەردەمانێکی زوو توانیبێتیان لە ژێر سایەی حوکمی خۆجێی دا بژێوی ژیانیان راگرن و خۆیان بەڕێوەببەن، ئەوە ئەمڕۆش دەتوانن ئەوە بکەن.

موری بوکچین هەرزوو درکی بە مەترسی کاریگەری سیستەمی سەرمایەداری و ململانێیەکانی لەگەڵ سروشت کردبو. کە لە دوایی دا دەبێتە هۆکاری هەڵایسانی قەیران. ئەو یەکەمین مانیفێستی لەسەر ئیکۆلۆژی رادیکاڵ نوسی و داکۆکی لە ناناوەندێتی « لامەرکەزیەتی» شارەکان دەکرد بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە هەرێمێکی بچوکیش دا بێت، بتوانێت ژیانی بۆ خۆی مسۆگەر بکات بە گەڕانەوە بۆ کاری کشتوکاڵی و بەکارهێنانەوەی سەرچاوەکانی وزەی سروشت لە بژێوی رۆژانەی دا. چەند دەیەی دواتر موری بوکچین ئەم بیر و هزری خۆی بۆ پرۆگرامی کۆمەڵگەیەکی ئیکۆلۆژی، دیموکراتی و ناهەرەمی non hierarchical بە ناونیشانی ( ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی) نوسی.

لە ساڵانی ١٩٦٠ دا هەوڵی دا بیروباوەڕی چەپە نوێیەکان، خوێندکارانی شۆڕشگێڕ، بزووتنەوەکانی دژی شەڕ بۆ لای بیرۆکەی ئەنجومەنەکانی شار راکێشێت، بەڵام ئەوان زیاتر مەیلیان بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نێونەتەوەیی پرۆلیتاری بوو و هاوپشتی گیڤارا، کاسترۆ و هو و ماو بوون. ساڵانی ١٩٧٠ کان سەردەمی برەودان بوو بە گەشەکردنی ئایدیۆلۆژی و پێشکەوتنی هزری ئیکۆلۆژی بوو لە رێی دامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزی و بوژاندنەوەی کێڵگە ئۆرگانیەکان و پاڵپشتی لە ئاشتی و لەلایەکی تر دەربڕینی نارەزایی دژی فراوانبوونی بەکارهێنانی وزەی ئەتۆمی. ئانارشیزم لە نێو خەڵک دا برەوی پەیدا دەکرد و ئەوەش بە فراوانی لە سایەی بوکچین دا بوو. ویستی مەیلی ئەنارشیستەکان بەلای ئەنجومەنەکانی هاوڵاتیان دا راکێشێت کە دەزگای سیاسەتی سروشتیە، بەڵام ئەنارشیستەکان ئەو دیموکراسیەتان نەویست بە پاساوی ئەوەی گوایە ئەم هەوڵانە پرۆسەی دەنگدان و قەبوڵکردنی خواستی زۆرینە دەگرێتەوە.

سەربارى ئەو نوشوستيە، لە ساڵی ١٩٨٠کان دا بوکچین کەوتە داڕشتنەوەی سەرلەنوێی بەرنامەی دیموکراتیزەکردنی لەسەر ئاستی گوند و شار و شارۆچکەکان، ئەوەی لە ئێستادا پێی دەگوترێت شارەدارێتی ئازاد. ئەو بڕوایەی کە خۆسەری و خۆجێی شارۆچکە و گوندەکان دەکرێت ببێتە بنکەیەکی پتەو بۆ مەیدانێکی شۆڕشگێڕانە. داکۆکی لەوەش دەکرد بە دیموکراتیزەکردنی شارەوانیەکان بۆ ئەنجومەنەکانی گەل و پاشانیش بە گژاداچوونی دەوڵەت-نەتەوەو سەرمایەداری لەلایەن ئەنجومەنەکانەوە. هەروەها دەکرێت هەیکەلیەتی شارەکان لە ناناوەندی « لامەرکەزی»ەوە بۆ پێکهاتەی ئەنجومەنی گەڕەکەکان بگۆڕدرێت و هۆکارە تەکنەلۆژیەکان لەسەر بنەمایەکی ژینگەیی دابەش بکرێتەوە، پێشنیاری شارەدارێتی ئازاد شارەکان و وڵات بە گشتی لەنێو هاوسەنگیەکی خولقکار دا رادەگرێت.

لەگەڵ سەرهەڵدانی بزاڤی سەوز لە ئەمەریکای باکور و ئەوروپا لە ساڵانی ١٩٨٠کان دا موری بوکچین هەوڵی دا ئەم بزاڤە رازی بکات بە پیادەکردنی پرۆگرامەکەی، بەڵام ئەوان زیاتر سەرقاڵ بوون بە دامەزراندنی پارتی سیاسی نەریتی ژوور بۆ ژێر. سەرباری سەرجەم ئەو تەنگژە و نائومێدیانەی موری بوکچین، بەڵام ئەو هەرکۆڵی نەدەدا، تا لە کۆتایی ساڵانی تەمەنی و لە ساڵی ١٩٩٠ کان دا جارێکی بانگی ئەنارشیستەکانی بۆ ئەنجومەنگەلێک لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبەری هەرەوەزی و پێکەوە بوون لە کۆنفیدرالیەک دا کرد، بەو بەڵگەیەی کە ئەم کۆمەڵە هەرەوەزیانە بەشێکە لە پرۆسەی سەربەخۆییان بۆ ئایندە، بەڵام جارێکی تر ئەو بیرۆکەیان رەتکردەوە و بانگەشیان کرد کە ئەم کۆمەڵگە هەرەوەزی و خۆسەری شارەوانیانە چیتر نیە جگە لە نمونەیەکی بچوککراوەی دەسەڵاتی دەوڵەت-نەتەوە و لە روانگەی ئەوانەوە چ توانستێکی رزگاریخوازی تێدا نەبوو. بوکچین جێگەی نەبۆوە لە رێبازەکەی ئەوندا و ئەویان وەک «کەسێک نەخوازراو» لەقەڵەم دا. بۆ ئەوەش دەستی لەکاری سیاسی کێشایەوە ئیتر لەو دەمەوە بوکچین هەستی بە تێکشکان کرد تا دەهات بەرەو نشێوی دەچوو، بەڵام سەربازی هەموو ئەو تێکشکاویانە بوکچین هیوای نەبڕی و لەو بڕوایەدا بوو رۆژێک لە رۆژان لە داهاتوودا بزاڤێک سەرهەڵدەدات بڕوای بە بیرۆکەکانی ئەو لەسەر «ئەنجومەنەکانی هاوڵاتیان « بێت و بە شێوەیەکی جدی وەربیگرێت. ئەگەر ئەوە ببوایە ئەوە نوسینەکانی ئامادەبوون و چاوەرێ بوو. بیرۆکەکانییشێ هەمیشە



بوکچین



عەبدوڵڵا ئۆجالان

ئامادەیە بۆ گفتوگۆ و پراکتیزەکردن. هەر ئەو کاتانە بوو کە ع.ئۆجالان لە زیندانە تەنیاییەکەی لە دوورگەی ئیمرالی نامەی بۆ نوسی.

لە پاش دارمانی بلۆکی رۆژهەڵات لە یەکێتی‌سۆڤیەتی‌پێشوو،ئۆجالان‌گەیشتبووە ئەو دەرەئەنجامەی بەرپرسیارێتی گەلی کورد کرد بۆ پێداچوونەوە لە ئاست ئەو وەرچەرخانە مێژووییەدا. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩١ بانگەشەی بۆ چاکسازی لە بەرنامەی مارکیسیەت لە نێو پارتەکەی دا کرد. لە ساڵی ١٩٩٩ دا لە دادگای ئیمرالی دا ع.ئۆجالان بانگەشەی بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆماری تورکیا کرد. کۆمارێکی دیموکراتیخوازی ئەوتۆ کە نەک تەنیا گەلی کورد لێ سودمەند و بەشداری بێت، بەڵکو شانبەشان لەگەڵ گەلی تورک دا هاوبەش و هاوشان لە بەڕێوەبردنی ژیانێکی سیاسی هاوچەرخ دا بێ گوێدانە جیاوازی رەگەزی، نەتەوەیی، ئایینی یان مەزهەبی. ئەم بانگەوازیەی ئۆجالان نەک هەر گوێی پێنەدرا و نەخرایە بواری پراکتیزەکردنەوە، بەڵکو دەوڵەتی تورکیا تاوانباریشی کرد بە خیانەتکار.

لەو کاتەدا ع.ئۆجالان لە زیندانە تەنیاییە دابڕاوەکەی دا بۆی هەبوو هەفتەی جارێک یەک کاتژمێر پارێزەرانی ببینێت. لە کاتی سەردانەکان دا لە ٢٠٠٠ کان ئۆجالان هەمیشە داوای لە پارێزەرەکانی دەرکرد کە راسپاردەی لە هاورێیانی بۆ بپرسن لەسەر خوێندنەوەی جۆری کتێبەکان. پارێزەرانی ئەو کتێبانەیان بۆ دەبرد کە سەبارەت بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و چەند بابەتێکی تر. لەسەر رۆشنایی بابەتی ئەو کتێبانە ئۆجالان کەوتە نوسینی نامیلکە دەستنوسە سەرەتاییەکانی خۆی لە زیندان دا.

یەکێک لە پارێزەری ئۆجالان ئۆلیڤەر کۆنتنی چەند دەستنوسێکی وەرگێڕاو و گفتوگۆی لەسەر کاریگەریە سیاسی و فەلسەفیەکانی کرد و گەیاندیە ئۆجالان. راسپاردەیان بۆ ئۆجالان ئەوە بوو کە کتێبی زیاتری وەک فۆکۆ بخوێنێتەوە. لە هەمان کات دا، کەسێکی تر پێشنیاری خوێندنەوەی تێزە وەرگێڕدراوەکانی موری بوکچینی بۆ سەر زمانی تورکی کردو و داوای لە ئۆجالان کرد کە بیاخوێنێتەوە، کە نازانم کێ بوو.

لە پاش هێنانی کتێبەکانی بوکچین بۆ ئیمرالی و خوێندنەوەیان، ئۆجالان ئەو شێوازە بیرکردنەوەیەی بەلاوە نامۆ نەبوو و وەک هاوشێوەی بیرکردنەوەی خۆی بینی. لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە ئۆجالان لە نوسینەکانیەوە لە ئیمرالی وتی « پشێنیارم دەکەم کە ئەم کتێبە شارەوانیەکانیش بیخوێننەوە» دواتر داوای کتێبی زیاتری کرد و بۆی برا. پاشان روون بۆوە کە ئەو لەسەر گۆڕینی پارادایم دەنوسێت کە پشت بە ئیکۆلۆژی کۆمەڵایەتی و شارەدارێتی ئازاد دەبەستێت. داوای کرد کە هەمان شت لە نێو پەکەکە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەڵام لە سەرەتاوە ئەو بیرۆکەیە تا ئاستێک مایەی تێگەیشتن و قبوڵ نەبوو.

لە ساڵی ٢٠٠٤ ئۆلیڤەر کۆنتنی و پارێزەرێکی تر رایمان هایدەر نامەیەکی ئەلەکترۆنیان بۆ موری بوکچین نارد کە تێیدا رادەی گرنگی پێدانی ع.ئۆجالانیان تێدا نوسیبوو سەبارەت بە خوێندنەوەی کتێبەکانی. لەپاش چەند رۆژێک لە ناردنی ئەو نامەیە بوکچین بەهەمان شێوە بە نامە پێزانینی خۆی دەربڕی بەو بایەخدانە بە خوێندنەوەی کتێبەکانی لە لایەن ئۆجالانەوە و سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی کە سەرۆکی پەکەکە کتێبەکانی خوێندۆتەوە، هەروەها وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی تورکی و نەیزانیبوو کە ئۆجالان کێبەکانی خوێندۆتەوە.

لە مانگی گوڵانی ٢٠٠٤ دا هەردوو پارێزەرەکە ئۆجالان، کۆنتی و هایدەرەوە نامەی دووەمیان بۆ موری بوکچین نارد کە تێدا نوسرابوو : « ئۆجالان تێگەیشتنێکی تەواوی هەیە سەبارەت بە بۆچوون و بیرۆکەکانت، ئەو خۆی بە خوێندکارێکی باشی تۆ دەزانێت لەو بوارەدا و هەوڵەکانی لە برەودایە بۆ پەرەدان و پیتاندنی ئەو شێوازە بیر و بۆچوونانەتان لە ئاستی فراوانکردنی زیاتر تێگەیشتن لە کۆمەڵگەیەی ئیکۆ- دیموکراسی بونیادنراو لەسەر بناخەکانی ژینگە و خۆسەری شارەوانیەکان لە کوردستان، هەروەها رایگەیاندووە کە بزووتنەوەی ئازادی کوردستان ئامادەیە بۆ پشتبەستن بە بیرۆکەکانی بەشێوەیەکی سەرکەوتوو.

چەند رۆژێک دواتر بوکچین وەڵامی نامەکەی ئۆجالانی لە رێی راسپێدراوەکانی دایەوە و نوسیبووی کە خۆی بە بەختەوەر دەزانێت ئۆجالان برەو بە بیرۆکەکانی ئەو دەدات لەسەر شارەوانێتی ئازاد کە هاوکار دەبێت بۆ بیرکردنەوەی لە ئایندەیەکی باش لە پێکهاتەی سیاسەتی کوردی دا.... ئەگەرچی من لە حاڵەتێکدا نیم کە بە بەردەوام و چڕی لە را گۆڕینەوەدا بم لەگەڵ ئۆجالان بەهێندەی ئەوەی کە حەزم دەکرد، بەڵام هیوادارم کە گەلی کورد رۆژێک بە ئامانجەکانی خۆی بگات لە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازادی چالاک لە تێدا بتوانرێت زیاتر برەو بە توانا زهنیەکانی خۆی بدات. لە راستی دا گەلی کورد دەبێت بەرختەوەربن بەوەی کە زیرەکی و توانای زهنی رێبەرێکی وەک ئۆجالانیان هەیە.

کاتی وەرگرتنەوەی ئەم نامەیەی بوکچین هەردوو پارێزەری ئۆجالان کۆنتنی و هایدەر لە ئوتێلێک بوون لە ئوردن بەرەو بەغداد دەچوون و پاشانیش بەرەو قەندیل

بۆ بەشداری کردنیان لە کۆنگرەی گەل. لە کاتی چاوەڕونیان دا لە فرۆکەخانە نامەکانی بوکچینیان کۆپی کرد لە کاتی گەیشتنیان بە قەندیل نامە ئالۆگۆڕکراوەکانی نێوان ئۆجالان و بوکچینیان خستە پێش چاوی ئەندامانی کۆنگرە و پێشنیاریان کرد کە نامەکان بە دەنگ بخوێنرێتەوە، تا بتوانرێت گفتوگۆی لەسەر بکرێت. خوێندنەوەی نامەکان بووە هۆی خولْقاندنی گفتوگۆیەکی گەرم. لە نێوان ئامادەبوان دا دەنگێک بەرز بویەوە و وتی: « ئێمە توانای پشتیوانیەکی بەهێزترمان هەیە لە ئەمەریکا، کێ گوێ بە ئەنارشیستێکی پەراوێزخراو دەدات بە ٥٠ شوێنەکەوتووەوە؟. کۆنتنی هاتە وەڵام و وتی : ئەمە داوای ئۆجالان خۆیەتی لە چالاکوانە کوردەکان، بۆچی ئەم نامەیەی بوکچین نابێت بخوێنرێتەوە؟. پاشان نێردەی بزووتنەوەی ئازادی ژنان کە ئەرکی کردنەوەی کۆنگرەیان لە ئەستۆ بوو ئەرکی وەرگێڕانی نامەکەیان بۆ هەردوو زمانی تورکی و کوردی گرتە ئەستۆ و بە دەنگێکی بەرز لە کۆنگرەکەدا خوێندرایەوە.

دەرەئەنجام پێشوازیەکی گەرم و پشتگیریەکی بەهێزی لێکرا. لە پاش چەند مانگێک لە ٢٧ ی تشرینی یەکەم دا ع.ئۆجالان دووبارە لە رێی پارێزەرانیەوە لە زیندانی ئیمرالی لە تێبینیەکانی دا رەزامەندی لەسەر بۆچوونەکانی بوکچین دەربڕی و پێشنیاری پیادەکردنی ئەو بۆچوونانەی کرد. لەو رێیەوە و بەردەوام دەستی دایە پرۆسەی پەرەپێدانی بەرنامە دیموکراتیەکانی بۆ بزووتنەوەی ئازادی کورد. لەساڵی ٢٠٠٥ جاڕی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی کوردستانی دا کە « پشت بە پێکهاتەی کۆمیناڵی دیموکراتی کۆمەڵگەی سروشتی دەبەستێت». لەو رێیەوە بانگی بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی گوند، شارۆچکەکان و شارەکان کرد و متمانە بە ئەندامان و نوێنەرانیان دەدا کە لە پرۆسەی راستەقینەی بڕیاردان دا بەشدارن کە کۆمەڵگە خۆی بڕیاری لەسەر شێوازی بونیادنانی خۆی دەدات» ئەو دەزگا دیموکراتیانە فراوان دەکات، پشێنیار دەکات کە پرۆسەی دیموکراتیزەبوونی نەک تەنیا بۆ کورد، بەڵکو بۆ سەرجەم تورکیایە. ئەو ئەنجومەنانە دواتر سنورە نەتەوەییەکان دەرباز دەکەن و شارستانی دیموکراتی نەک تەنیا بۆ تورکیا، بەڵکو ئازادی دەستەبەردەکات لە چوارچێوەی کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی بۆ هەموو رۆژهەڵاتی ناوین.

لە دوای کۆچی دوایی بوکچین لە تەموزی ٢٠٠٦ پارتی کرێکارانی کوردستان ستایشی رۆڵی بوکچینی کرد و وەک « یەک لە گەورەترین زانایانی زانستی کۆمەڵایەتی سەدەی ٢٠ ی لەقەڵەم دا» و لە پەیامێکی دا رایگەیاند کە بوکچین» نیشانی دا چۆن سیستەمێکی دیموکراتی نوێ دەبێتە راستیەکی حەشاهەڵنەگر» و پێداگری کرد کە ئەو بەڵێنە لە بواری کردەیی دا بەجێ بێنێ لەسەر وەک کۆمەڵگە سەرەتایی، سیستەمێکی نوێی دیموکراتی بەرجەستە بکەن».

لەساڵی ٢٠٠٧ پارتی یەکێتی دیموکراتی لە سوریا پرۆژەی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتی لە رۆژئاڤای کوردستان پەسند کرد» و دەستی بە سازکردنی رێکخستنە نهێنیەکانیان بۆ بناخەدانانی سیستەمێکی کۆنفیدرالی دیموکراتی کە شایانی جێبەجێ کرد بێت.

لە تەموزی ٢٠١١ کۆنگرەییەکی ناوازە لە ئامەد بەسترا و لەوێ خۆسەری دیموکراتی راگەیەنرا. دواتر لە شار و ناوچەکان رێکخراو و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هاتنە مەیدان، ئەنجومە، کۆمیتەکان و کۆمەڵە هەروەزیەکان دامەزران. لە ئاستی هەرێمی دا خۆبەڕێوەبردن بونیادنرا. ئەم سیستەمە نوێیە شانبەشانی دەسەڵاتی تورکیا بەڕێوەدەچوو. لە پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵ لە مارتی ٢٠١١ راپەڕینی سوریا دەستی پێکرد. هەنگاوەکانی بزووتنەوەی ئازادی گەلی کورد گوڕی پێدرا. لە سەرجەم گوند، ناوچە و هەرێمەکانی رۆژئاڤای کوردستان دا لە تەموزی ٢٠١٢ دا بە تێپەڕبوونی کات دەزگاکانی رژێمی ئەسەد وەلاوەنران و ئەنجومەنەکانی فیدڕالی پشتگیری جەماوەری بەدەستهێنا.

ئەگەر بوکچین بمایە بۆ بینینی ئەو هەموو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەی کە روویداوە لە کانتۆنەکانی رۆژئاڤای کوردستان هەستی بە دڵخۆشیەکی گەورە دەکرد.

پێموایە بوکچین ئەگەر بمایە، هەستی بە خۆشحاڵی دەکرد لە ئاست ئەو پێشکەوتنە لە دوو بەشی کوردستان و هەرچۆن من کاتێ لە مانگی ١٢ی ٢٠١٤ دا سەردانی رۆژئاڤای کوردستانم کرد. لە رۆژهەڵاتی ناوین بێ یان هەرجێیەکی تر پرۆسەی بونیادنانی ئەنجومەنەکان پرۆسەیەکی ئەخلاقی بوو بەلای بوکچینەوە. هەروەک چۆن خۆی لە ناوەڕاستی ٨٠کان دا نوسی – شارستانی بێ شار، « ئازادیمان وەک تاک پشتبەستبوونێکی گەورەی بە کۆمەڵگەبوونێکی لەسەر بنەمای دەزگابوون و هاوپشتی دەبەستێت» ئەوەی ئێمە وەک بوونێکی کۆمەڵایەتی جیا دەکاتەوە و هیوادارم کە لەسەر بنەمای دەزگابوونێکی ئەقلانی بێت، توانستی هاوپشتیمانە لەیەکتر بۆ چەسپاندنی ئاڵوگۆڕی گەشەپێدانی خۆییمان و بەدەستهێنانی ئازادی لەچوارچێوەی برەودان بە کۆمەڵگەیەکی بەهرەمەند و دەزگای دەوڵەمەندی هەروەزی.

# ئاینگەرایی و عەلمانیەت - ئایین و دەوڵەت



ئازادیی کۆمەڵگە
رۆژدا یلدرم

ئایین بابەتێکی زۆر ئاڵۆزە و، تا ئێستاش بایەخی خۆی لە دەست نەداوە و لەهەمانکاتدا لە تەواوی جیهان دا بابەتێکی رۆژانەییە، چونکە لە سەردەمێکدا دەژین لە سەر ناوی ئایین و لە دەڤەری جیاوازی دونیا با بانگەشەی فەرمانی خودا تا ئاستێکی وەحشیانە مرۆڤ دەکوژرێن و لە جێ جیاوازی جیهان بەناوی ئایینەوە مرۆڤ لەناودەبرێن و سەردەبرێن. دەبێ زۆر بەبایەخەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتی ئایین بکەین و بەبایەخەوە شیبکەینەوە، چونکە ئایین لە رۆژی ئەمڕۆدا بۆتە گرێکوێرە. لە کاتێکدا کە ئایین خۆی کێشە نیە، بەڵام کراوەتە مەیدانێکی کێشە ئامێز. هەر بۆ ئەوەشە دەبێ بە جەسارەتەوە گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکەین و راوەستەی لەسەر بکەین. گفتوگۆ و نیشاندانی هەڵوێستێکی تەندروستانە لە ئاست ئەو گرێکوێرە گرنگە، لە پای ئەوەی کاتێ قسە لەسەر ئایین دەکەین، ئەوە قسە کردنە لەسەر ژیانی کۆمەڵگە، کاتێ قسە لەسەر ئایین دەکەین قسەیە لەسەر هەبوون و نەبوون، قسە لەسەر شتێک دەکەین کە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر دونیای مرۆڤ و کۆمەڵگە هەیە و قسەیە لەسەر ئەو میکانیزمانەی راستەوخۆ بڕیار لەسەر ژیانی مرۆڤ دەدات. کاتێ باس لە ئایین دەکەی هەندێک کەس هەن کە وەک بابەتێکی ترسێنەر یان هەندێکی تر زیاتر بە پەرۆش و بایەخەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، بەڵام بۆ ئێمەی ژن قسەکردن لەسەر ئایین گرنگیەکی زیاتری هەیە. پێدەچێ لە بەرئەوەیە کە ئێمەی ژن گەورەترین قوربانی و گیرۆدەی ئاینێکی دەسەڵاتبووین یان ئەو ئایینەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەکاردەهێنریت.

کاتێ باس لە مێژووی ئایینەکان دەکرێت دەبێ بە پێداگریەوە خۆمان لە هەڵەیەک لابدەین. ناهەق ناکەین کە کاتێ جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو ئایینەی وەک پێویستیەکی کۆمەڵگە هاتۆتە ئاراوە لەگەڵ ئەوەی کە بۆتە ئامێری دەسەڵاتداری. کاتێ ئایین هەڵدەسەنگێنین، هەڵگری هەرچی باوەڕیەک بین ، بۆ ئێمە زۆر مەسەلەیەکی ژیانی و جێ بایەخە کە بگەڕێین بە دوای وەڵامی پرسیاری، ئایین چیە؟. لە ئەبستمۆلۆژی زانستە کۆمەڵایەتیە کلاسیکەکانەوە لە قسەکردن لەسەر مێژووی ئایینەکان، هەر چۆن زانستی پۆزەتیڤیزم مامەڵەی لەگەڵ مێژووناسی کردووە، دەیانەوێ ئایین لە چوارچێوەی دەوڵەت و دەسەڵاتداری دا دانێن و هەڵیسەنگێنن. زانستە کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەتی چەمکی پۆزەتیڤیزم رۆڵیان هەیە لە هەڵە شیکردنەوەی ئایین و روانگەشیان خاوەن رۆڵێکی کاریگەر بووە. ئاماژەکردن بەو روانگەیە بە رای من سودمەندە. لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئایین دا نە هەڵوێستێکی قەبەی ماتریالیستیانە کە هەندێ پێیان وایە ئایین سەفسەتەیە یان بڵێن خودا نیە و وەها بەسەری دا تێپەڕین یان هەڵوێستێکی ئایدیالیستانە کە هەندێک پێیان وابێ خودا هەموو شتێکە، خودا رەهایە، خودا راستە و بەو پێیەش ئایین بکەنە ئامرازێکی خۆسەپاندن. ئەو دوو هەڵوێستە دوو جۆرە زێدەڕۆیی هەمان شتە و هەردووشی بە باوەڕی من هەڵەیە. هەندێک هەن کە باسی ئایین دەکرێت وا لێکی دەدەنەوە ئایین = دواکەوتوویی یان پێچەوانەکەی پێی وایە کە ئایین تاکە راستیە، راستیەکی رەهایە، هێزێکی خوداییە و دەیکاتە بناخە بۆ هەموو رەهاییەکان. لە ئەنجام دا بینینی ئایین وەک دواکەوتوویی یان بینینی وەک راستیەکی رەها خۆی لە خۆی دا دوو دیدی جیاوازە کە سەرچاوەکەی هەمان

زهنیەتە. لە هەندێ جێگە دەبیستن کە ئایین هیچە، بەڵام ڕووەکەی تری ئایین دۆگماتیزمە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا کاریگەریەکانی بەبەرچاوەوەیە.

لە نێو کۆمەڵگەدا؛ لە جێی ئەوەی ئایین لە هەلومەرجێکی دژبەری ڕەتکردنەوەی قەبەدا بێت، ئەگەر هەڵوێستێکی تەندروستانەتر لەگەڵ ئایین و پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵگە و پەیوەندی ئایین و سروشت لێک بدرێتەوە دەکرێت ئەنجامێکی تر باشتر و راستتر بەدەست بێنین. ئایینەکان لە مێژوویی مرۆڤایەتی دا ڕۆڵ و جێیەکی گرنگیان بینیوە لە پرۆسەی بە مرۆڤبوون دا، چونکە ئایین وەک پێویستیەکی کۆمەڵگە هاتۆتە ئاراوە، ئایین لە پرۆسەی مرۆڤبوون دا، یەکەمین قۆناخی پێکهاتەی ئەقڵ بووە. ئایین لە مێژووی مرۆڤایەتی دا لە هێزی واتا و لێگەڕی حەقیقەت دا، یەکەمین قۆناخی ئەقلە. لە هەمانکاتدا ئایین یەکەمین شێوەی ناسنامەی کۆمەڵگەبوونی مرۆڤە. بەر لە بونیادنانی شارستانی چینایەتی کە تەمەنی پێنج هەزار ساڵە، لە پرۆسەی بە مرۆڤبوونی مرۆڤ دا، لە پرۆسەی بە کۆمەڵگەبوونی مرۆڤ، وەڵامدانەوەی نەزانی مرۆڤی لە ئاست سروشت و گەردوون و لە وەڵامدانەوەی پرسەکانی مرۆڤ و لە شێوەگرتنی هەبوونێکی میتافیزیکیای مرۆڤ دا ئایین ڕۆڵی بینیوە. بۆ ئەوەش ناتوانین ئایین لە پرۆسەی بە کۆمەڵگەبوونی مرۆڤ جیابکەینەوە. لەبەرئەوەی کە بەر لە شارستانی چینایەتی واتە لە ئاینی سروشتی - ئانیمیزم دا مرۆڤ خۆی بەشێک لە سروشت بینیوە، بە تەوتەمیزم خۆی لە شێوەی تیرەدا ڕێکخستووە کە پاشتر بە شێوەی قەبیلە، خێل، قەوم و نەتەوە خۆیان ڕێکخستووە، لەو قۆناخانەدا ئایین ڕۆڵی لە شێوەگرتنی ناسنامەی ئەو پێکهاتانە و قۆناخەکانی زهنیی مرۆڤ دا هەبووە.

باوەڕی و پەیوەستبوون مرۆڤ دەکاتە هەبوونێکی مەعنەوی، لە مێژووی فەلسەفەکان دا ماوەیەکی درێژە گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا کە ڕۆح گرنگە یان مادە لەوە واوەتر دەبێ داکۆکی لەوە بکرێت مرۆڤ هەم هەبوونێکی میتافیزیکە و واتە هەم ڕۆحە و هەم مادەیە و دەبێ وەها هەڵسەنگێنرێت و ناشێ دژبەرەکەی زەق بکرێتەوە، ئەوە مامەڵەیەکی ژیانییە و دەبێ دیدمان لەوەدا ڕاست بکەینەوە کە مرۆڤ هەبوونێکی میتافیزیکە، ئەو کات دەکرێت بناخەی پەیوەندییەکی تەندروستتر لەنێوان مرۆڤ و ئایین دارێژین.

خستنەڕووی پرسیارێک سودمەندە؛ بەو تێڕوانینەی ئەمڕۆ داخۆ ئایین شەڕخوازە؟ ئایین ڕوخێنەرە؟ ئایین هۆکاری شەڕەکانە؟ ئایا لە جێیەکی ئایین هەیە شەڕ، خوێن ڕشتن یان بەرهەمهێنانی بەردەوامی دژبەرەکەی لە سروشتی ئایینەکان دایە؟ دەکرێت ژمارەیەکی زۆر لە پرسیاری هاوشێوە بکرێت، بەڵام دەکرێت وەڵامەکەی وەها هەبێت. لە ڕاستیدا هیچ ئاینێک خۆبە خۆ شەڕخواز نیە، چونکە هیچ ناسنامەیەک لەسەرەتای سەرهەڵدان و هەبوونی دا لەسەر بنەمای دژبەری ناسنامەیەکی تر شێوە ناگرێت. هەموو ناسنامەکان ئاشیخوازن. هەموو ناسنامە کۆمەڵایەتیەکان لە کاتی بونیادنانیان دا ئاشیخوازن و لەگەڵ سروشت و هەموو بونەوەرەکانی دەوروبەری کاتێ خۆی بونیاد دەنێت ئاینیش بەشێکە لەوان. بەو پێیە بەڕاستی ئایین شەڕخواز، ڕوخێنەرە یان دەگۆڕدرێت بۆ ئامرازێکی شەڕ و ڕوخاندن. لە کۆمەڵگەی سروشتی دا ئایین هەرگیز شەڕخواز و ڕوخێنەر نەبووە، بەڵکو دەتوانین بە سادەیی بڵێین کە ڕۆڵی هەبووە لە بە کۆمەڵگەبوونی مرۆڤ دا. ئەوەی کە ئایینی کردووە بە شەڕخواز و ڕوخێنەر دەزگاکانی دەوڵەت و دەسەڵاتداریە. لە سەرهەڵدانی شارستانی چینایەتی دا واتە سەرهەڵدانی دەسەڵاتداری و دەوڵەت، ڕۆڵی ئایین لە لێگەڕینی حەقیقەت دا دەکەوێتە پلانی دووەم و لەوەش زیاتر بە دۆگماکردنی ئایین پەرە بە سزادان و لێپێچینەوەی مرۆڤ دەدرێت. دەوڵەت و دەسەڵاتداری فەراهەم کردنی زەمینەی شەڕخوازی و دەستوردانی ئایینە. مێژووی شارستانی چینایەتی لە هەمان کات دا دەوڵەت و دەسەڵاتداری بە ستەمکاری و زەوتکاری، ئایینیان کردە ئایدیۆلۆژی ئاینگەرایی، ئاینگەرێتیشیان وەک پەردەیەک بۆ شاردنەوەی ستەمکاری و سیستەمی دەسەڵاتدارێتییان بەکارهێنا. گرنگە کە ئاماژە بەو ڕاستیە بکرێت.

لە هەڵکشانی شارستانی چینایەتی دا چەندە خوداکان بەرەو ژوور (ئاسمان) هەڵدەکشێنران و خودا وەک پلەداریەک دەچەسپێنرا، بە هێندەی ئەوەش دەسەڵاتداری و دەوڵەتیان لە سیستەمی ستەمکاری سەر زەویش دا سەقامگیردەکرد. شا-خوداکانیش لە نێو خۆیان دا پلەداری(هیرارکی)یان هەبووە، هەر چۆن جیاکاری لەنێوان خودایەک و یەکێکی تر دا هەبووە، ئەوە بەرەو ژووریش (ئاسمان) لەگەڵ هەر قاتێکی کە بەرز دەبۆوە، قاتێک لە ژێر یان قاتێک لە ژوور دروست دەبوو، جیاوازیەکان کە وەک قاتی ژوور و ژێر وەک یاسایەکی گەردوونی بوو کە ئەگەر هەر شت ژێر و ژووری هەبێت، ئەوە لە نێوان

مرۆڤەکان و پۆلێن کردنی چینایەتی دا ، هەم چینی ژێر و هەم ژوور هەیە. ئیتر دەوڵەت و دەسەڵاتداری بە شێوەیەکی روون خودای لە ئاسمان نیشان دا و بەهەمان شێوە روویەکی پیرۆزیان بۆ کەسە ئایینەکانیش نەخشاند. لە راستی دا خودا روویەکی نادیار و کەسایەتیە ئاینیەکانیش وەک رووی دیار دەست نیشان کران.

خاڵێکی تر لە کاتێکدا کە پلەداری و دەوڵەت بونیادنرا لە کۆمەڵگەی باڵادەستی پیاوسالاری دا خانەدان کرانە شا-خوداکان و ، کۆمەڵگەش مێروولەئاسا کاریان پێکرا. ژن کرایە یەکەمین کۆیلە و ئایینە نوێیەکەی دەوڵەتیش کە بە میتۆلۆژی قایم کرا زیاترین رەوایی بەو کۆیلایەتیەدا و ژن بووە گەورەترین قوربانی فەرمانەکانی خودا و ژنان بووە چینی زەوتکراو و کۆیلەکراو. فرعەون و نەمرود دوو نمونەی شا-خوداکانی رۆژهەڵاتی ناوین. شا-خودا داهێنانی رۆژهەڵاتی ناوینە، لە کەسێک واوەتر دەزگا و کلتورێکە. جیاکاری نێوان شا-خودا و ئەو کۆمەڵگەی کراوەتە «ئەوی تر» بە زیادەوە زێدەڕۆیی تێداکراوە. بەو پێیە دوو بنەچە دەست نیشان کران یەکەم شا-خوداکان وەک نەمر و دووەمیش مرۆڤەکانیش وەک مردوو پێناسە کران. نەمری شا-خوداکان یەکسان کران بە نەمری دەوڵەت. کاتێ دەوڵەت بە تەواوی خۆی بە دەزگا کرد ئەو کاتە خوداکانیش نەمر کران. دەوڵەت و سەرەتای مێژوو پێکەوە هەڵدەسەنگێنرێت، وەک ئەوەی کە مرۆڤ هەر چاوی کردبێتەوە هاوشانی ئەوەش دەوڵەت دامەزراوە. ئەبەدیەت و ئەزلیەتی دەوڵەت پەیوەستە بەو هەڵوێستەوە، لە کاتێکدا کە لەسەرەتاوە دەوڵەت نەبووە، بەڵام وا لێک دەدرێتەوە کە لە سەرەتاوە هەبوو و هەتا دونیا دونیایە دەوڵەت هەر دەمێنێت. ئەڵبەتە نەک بەناوی ئەوانەی کە دایدەمەزرێنن و بەڕێوەی دەبەن، بەڵکو وای نیشان دەدرێت کە دەوڵەت بۆ کۆمەڵگە دادەمەزرێنرێت. دەوڵەت چەند ستەمکار و تۆقێنەرە، خوداش بە درێژایی مێژووی شارستانی چینایەتی، پێناسەیەکی هاوشێوەی بە بەر بڕدرا.

دەوڵەت کە هێشتا لە منداڵدان بووە لەگەڵ ئایین ئاوێتە کرا، لەبەرئەوەی راهیبەکانی سومەر و شارستانیەکانی دواتر یەکەمین شا-خوداکان بوو، لەبەرئەوەش پیرۆز کردنی دەوڵەت بە پیرۆزکردنی خوداوە لە زهنیەتی مرۆڤ و قۆناخەکانی پەرەسەندنی مێژوویی هاوکاتی یەکن. تەواوی ئەو شەڕانەی بە ناوی ئایینەوە دەکرێت لە راستیدا بۆ شاردنەوەی ستەمکاریە و زۆر باش دەزانین کە دەوڵەت و دەسەڵاتداری چۆن ئایینی بەکارهێناوە و چۆن ئایینی وەرچەرخاندۆتە ئامرازێک. پاپاکان لە قۆناخەکانی رابردووی مێژوودا تاجیان لەسەر شاکان ناوە، ئەو شا و ئیمپراتۆرانەی کە پاپا تاجی لەسەر نەناون بە گومانەوە سەیریان کراوە و خۆبە خۆ شای لەو جۆرە دەگمەنن. بە راشکاویی لە مێژوودا هەیە کە شاکان لە ئاست پاپادا چەند دەستەوەستانە. لە کەسایەتی شا هنری چوارەم دا دەبینرێت کە سێ شەو و رۆژ لە ژێر باران دا راگیرا، دوای داوای شفاعەت لە پاپای حەوتەم گریگۆریۆس رێی پێدرا بێت و تاجی لە سەر بنێت و وەهاش رەوایی بە شا دا. هەروەها لە چیرۆکی عەزیز تۆماس کە خاوەن تیۆری جوت شمشێرە، کە شمشێرێکیان بەدەست پاپا و ئەوەی دیکەیان بە دەست پادشاوەیە. هەمووشمان دەزانین ئەوە رەمزێکە لە پەیوەندی نێوان ئایین و دەوڵەت دا کە هێنراونەتە دۆخی یەکترتەواو کردن و ئاوێتەبوون بەیەک.

لە رۆژهەڵاتی ناوینیش دا، لە سەردەمی خەلیفەکان، ئەو شەڕانەی بەناوی ئایینەوە کراوە و ئەوەی ئەمڕۆش لە رۆژهەڵاتی ناوین روودەدات بە درێژایی پێنج هەزار ساڵە تەمەنێتی کە بەناوی ئایینەوە ستەم و زەوتکاری دەکرێت. هەرچی لە سەردەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریش دا ئایین وەک کاڵایەک کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت، بەپێیە هەست و مۆراڵ کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکرێ. ئەمڕۆ لە رۆژهەڵاتی ناوین روویەکی ئایین و رووەکەی دیکەی مۆدێرنیتەی سەرمایەیە کە خۆی نیشان دەدات. ئەوەی لە نمونەی داعش دا دەبینرێت، مەیدانێکە کە بە ناوی ئایینەوە، ئایدیۆلۆژی ئاینگەرێتی لە بەرزترین ئاست دا خۆی دەنوێنێت. داعش ئیمپریالیزمی پیاوی دەسەڵاتدارە و لە لوتکەشدا لە ژێر ناوی ئاینگەرێتی ئایدیۆلۆژی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریە. لە پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەی عەلمانیەتیش دا، ئەوەی ئەمڕۆ لە ژێر سێبەری دەوڵەت-نەتەوەدا بەناوی عەلمانیەتەوە دەکرێت تەنیا وەک دابڕینی پەیوەندی ئایین بە دەوڵەتەوە دەخرێتەڕوو، بەڵام لەبەرئەوەی شیکردنەوەی قوڵی لەسەر سەرهەڵدانی دەوڵەت نەکردووە، نەیتوانیوە پەیوەندی ئایینی بە دەوڵەت و پەیوەندی ئایین بە کۆمەڵگەوە یەکلابکاتەوە. بۆ ئەوەش دەکرێت کە چەند پێشنیارێک و خاڵی گرنگ بخەینە روو؛ یەکەم بە دڵنیایەوە دەبێت کە ئایین لە کۆنترۆڵی



بەشێک لە ئاینەکان

دەوڵەت دەرهێنرێت، دووەم دووبارەی دەکەمەوە کە ئایین وەک پێویستیەکی کۆمەڵگە سەریهەڵداوە، بۆئەوەش بە نەبوو حسابکردن و نکوڵی لێکردنی راست نیە و تەنانەت مەحاڵیشە، سێیەم ئایین کلتورە، بەڵام ئاینگەرێتی ئامرازێکی دەسەڵاتداریە و لە هەموو کردەکانی دا ئایین وەک ئامرازێک بەکاردەهێنێت. ئەگەر ئاینگەرێتی، رەگەزگەرێتی —سێکسیزم-، نەتەوەپەرستی و زانستگەرێتی پێکەوە شیکربێتەوە و هەڵسەنگێنرێت و تێپەڕێنرێت، ئەوە ئایین لەوە دەردەخرێت کە ئامرازێکی گوشارهێنان بێت. ئەگەر دەمانەوێ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی بونیاد بنێین ئەوە ناچارین لە بەرامبەر دۆگماتیزمی ئایینی تێبکۆشین کە بۆتە ئامرازێکی دەستی دەسەڵاتداران.

وەک ئەنجام ئێمەی ژنان کە گەورەترین قوربانی دەوڵەچێتی، ئاینگەرێتی، نەتەوەپەرستی و زانستگەرێتین پێم وایە کە بە شیکردنەوەی ناکۆکی ژێندەری و تێکۆشان، گرێکوێرەی ئایین دەکەینەوە. لە رۆژی ئەمڕۆدا دونیا هەموو دەبینێت کە ژنان چۆن لە بەرامبەر داعشێکی لە لوتکەدا گوزارەیە لە کۆی ئایدیۆلۆژی ئاینگەرێتی، تێکۆشانیان کردووە و چۆن ئەو ژنانە مۆدێلی ژیانێکیان پێشکەش بە ئێمە و مرۆڤایەتی کردووە. لە سەردەمێکداین کە لەبەرامبەر ئەوانەی لە پێناوی چوونە بەهەشتەوە جیهانیان کردۆتە دۆزەخ تاکە رێگە بونیادنانی مۆدێرنیتەی دیموکراتیە. ئەوانەی کە هاواریان دەکرد « هەمووومان شارلی ئەبدۆین»لە راستی دا هاواریان بۆ ویژدانی مرۆڤایەتی دەکرد. ئەگەر بۆ دەقەیەکیش بێت ئەم جیهانە چارەسەری کێشەکان بداتە دەست ژنان دڵنیام لەوەی ئێمەی ژنان پەیوەندی ئایین بە ئازادییەوە، پەیوەندی ئایین بە کۆمەڵگەوە زۆر بە باشی یەکلادەکەینەوە و چارەسەری دەکەین. وەک هەموو کێشەکانی تر لە دژی ئاینگەرێتی، نەتەوەپەرستی، رەگەزگەرێتی و زانستگەرێتی تێکۆشان دەکەین، لەبەرئەوەی کە ئازادی ژن ئازادی هەموو کۆمەڵگە و جیهانیشە.

رۆژدا یلدرم : نوسەر و کۆمەڵناس. لەسەر کاروباری سیاسی ماوەی ١٠ ساڵ لە لایەن دەوڵەتی تورک دا زیندانی کرا و ئێستاش چالاکڤانێکی ژنە و درێژە بە کاروخەبات دەدات لە نێو بزووتنەوەی ژنی کورد-ئەوروپا. چەندین لێکۆڵینەوەی لە بواری ئایین و باوەڕیەکان دا هەیە

# چاوپێکەوتن لەگەڵ یای سیلەی غەففار وتەبێژی حیزبی هەمبەستەگی ئەفغانستان

ئازادیی کۆمەڵگە

چاوپێکەوتن: حەسەن قازی



وێنەی سیلەی غەففارو حەسەن قازی

**قازی: پێمخۆشە لە سەرەتاوە ئەگەر دەکرێ هێندێک باسی خۆتمان بۆ بکەی. من دەزانم خەڵکی ویلایەتی « فراه « ی لە ئەفغانستان، کە لەوێ لە رووی نەتەوەییەوە هەم پەشتووەکانی لێن، و هەم تاجیکەکان، هەروەها بەلووچەکانیش و پێموایە هێندێکیش ئوزبەک لەو ویلایەتە دا دەژین. ئەوەی کە سەرنجی منی زۆر راکێشاوە زۆر ژنی کە خەڵکی ئەو ویلایەتەن لە رووی سیاسییەوە هەڵوێستی زۆر رادیکاڵ و شۆڕشگێڕانەیان هەیە و دەمەوێ بزانم کە تایبەتمەندی ئەو ویلایەتە چییە؟ ئەگەردەکرێ ئەم دوو پرسیارە بەیەکەوە وەڵام بدەنەوە هەم هێندێک لە سەر ژیانی خۆتان و هێندێکیش لە سەر ویلایەتی « فراه «؟**

یای سیلەی غەففار: هەر وەک ئێوە گوتتان ئەمن لە ویلایەتی « فراه « لە دایک بووم، بەڵام بەداخەوە سەردەمێک چاوم بە دنیا هەڵێنا کە ئەفغانستان لەلایەن شوورەوییەوە»یەکێتی سۆڤیتی جاران» داگیرکرابوو، شوورەوی پێشوو و باوکم لە ریزی ئەو تێکۆشەرانەی ئەو دەمی دابوو کە بەدژی داگیرکرانی ئەفغانستان شەڕیان دەکرد. ئەو ناچار بوو وڵات بەجێ بێڵێ و بۆ ماوەیەک چووینە ئێران و چەند ساڵ لە ئێران بووین و لە ئێرانەوە دیسان گەڕاینەوە پاکستان وماوەیەک لە پاکستان بووین و دیسان چووینەوە ئەفغانستان و لەوێ درێژەمان دا بە ژیانمان. ئەو کاتەی خوێندنی خۆم تەواو کرد لە پاکستان، یانی خوێندنی سەرەتایی، ئامادەی و زانکۆ، و دیسان گەڕاینەوە ئەفغانستان. بەڵام لەو سەردەمەی دا کە لە ئاوارەیش بووم هەمیشە سەفەرم دەکرد بۆ ئەفغانستان، دەچوومە ئەفغانستان لە ناو خەڵک دا بووم و لە ویلایەتی ″ فراه ″ و لە ویلایەتەکانی دیکەی ئەفغانستان بە تایبەتی لە زەمانی دەسەڵاتی تالیبانەکان بەرنامەی زۆر و زەوندمان رێک دەخست بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری لە ناوژنان دا و هێندێک بەرنامەی دیکەم هەبوو کە زۆر جار دەچووینە ناوئەفغانستان ولەهەمانکات دا راپۆرتمان ئامادە دەکرد لە سەر وەزعی ژنان و بەتایبەتی لە گوندەکانی ئەفغانستان، لە ولوسوالییەکان ( شار و شارستانەکان) ی ئەفغانستان. چونکە ویلایەتی ″ فراه“ یەکێک لە کەلاکەوتووترین و دواکەوتووترین ویلایەتەکانی ئەفغانستانە بە بەراورد کردن لە گەڵ کابول و مەزاری شەریف و..

**قازی: لە ئێران نزیکە وایە ؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ، هاو سنوورە لەگەڵ ئێران. زۆر جار زۆر شێوە لەو جینایەت و خیانەتانەی کە لەگەڵ

خەڵک کراون وەک زۆربەی ویلایەتە دواکەوتووەکانی دیکەی ئەفغانستانیش کەمتر لە ڕێگای چاپەمەنییەوە بڵاو کراونەتەوە و مێدیایی کراون، لە بەر ئەوە ئێمە راپۆرتمان ئامادە دەکرد سەبارەت بە ویلایەتی " فراه " و خەڵکی دیکەی ئەفغانستان بۆ ئەوەی کە بیروڕای گشتی زیاتر بزانن لەوێ چ رادەبرێ، بۆ ئەوەی چلۆنایەتی راستەقینەی ئەفغانستان باشتر بزانن. دیارە بەدەم ئەو چالاکییانەوە لەگەڵ رێکخراوی جۆر بە جۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی کارم کردووە و دەتوانم خۆم وەکو چالاکێکی سیاسی و چالاکێکی مافی ژنان لە ئەفغانستان بە ناوبکەم کە لە ڕێگای حیزبی هەمبەستەگی یەوە دەمەوێ دەنگی خەڵکی ئەفغانستان، خەڵکی مەینەت چێشتووی ئەفغانستان بەرز بکەمەوە و لە هەمان کاتدا بەدژی داگیرکاری و بنچینەگری و لە پێناو ئەفغانستانێکی ئازاد و سەربەخۆ و سەربڵند دا تێبکۆشم و دەمەوێ خەبات بکەم بۆ رزگاریی ژنان لە کەڵەوەێ سەرەڕۆیی و زۆر و ستەمی زۆر و زەوەند کە هەموو رۆژێ لە هەموو لایەکەوە لێیان دەکرێ و لەو بوارە دا بتوانم زیاتر کاربکەم.

**قازی: باشە ئەو کاتەی کە ئێوە لە پاکستان بوون لە کامە شاربوون؟ لە کام زانکۆ؟**

یای سیلەی غەففار: ماوەیەکیش لە کەمپی پەنابەران دا دەژیاین.

**قازی : دەمەویست بزانم لە چ بوارێک دا خوێندووتانە ؟**

یای سیلەی غەففار: لە بواری ئابووری دا خوێندوومە، دیارە لە «راولپێندی و پیشاوەر» و خوێندنم لەوێ تەواو کرد.

**قازی: لەوێ لەخوێندن فاریغ بووی**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ لەوێ فاریغولتەحسیل بووم.

**لە هەر نەتەوەیەک بن وەک " ئەفغان " بیر لە خۆیان دەکەنەوە و دەڵێن خەڵکی ئەفغانستانین**

**قازی: باشە، زمانی خوێندن لە ئاستی زانکۆ لە پاکستان دیارە زمانی ئینگلیسی حەتمەن هەیە، بەڵام زمانی ئۆردوو پێشتر دەتزانی یان لەوێ ناچاربووی فێری بی؟**

یای سیلەی غەففار: نا، وەک زۆربەی ئەفغانەکانی ئێمە کە پەڕیوەی وڵاتانی جۆر بە جۆر بوون، توانیان لە دەرفەتەکانی ئەوان کەڵک وەربگرن فێری زمان بن و ئەگەر دەرفەتی ئەوەش بایە کە بتوانن درێژە بە خوێندنی خۆیان بدەن ئەوەشیان دەکرد. بەڵام زۆربەی ئەفغانە ئاوارەکان لە پاکستان ئەو دەرفەتەیان نەبوو، لە کەمپ دابوون. بۆ وێنە لە کەمپەێک کە ئێمەی تێدا دەژیاین لەلایەن رێکخراوی جۆر بە جۆرەوە مەدرەسە کرابوونەوە کە من لەوێ ماوەیەکیش بە فارسی خوێندم، بەڵام خوێندنم زیاتر بە زمانی ئینگلیسی بوو وزمانی ئۆردووش لەبەرئەوەی لە پاکستان بووین و زیاتر لە ناو خەڵک دابووین و سەروکارمان لەگەڵیان هەبوو و لەبەر ئەوە مرخم لێ بوو زمانی جۆر بەجۆر فێربم ئۆردوش فێربووم.

**قازی: ئێوە زمانی دایکی تان پەشتووە ؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ، زمانی دایکیم پەشتوو یە، هەم بە پەشتوو و هەم بە فارسی قسە دەکەین، چونکە هەر دووکیان زمانی رەسمی ئەفغانستانن، زمانی نەتەوەیی ئێمەن، بە هەر دووکیان قسە دەکەم.

**قازی: زیاتر دێینە سەرزمانەکان، ئێوە ئێستا گوتتان " ئەفغانەکان" ی ئێمە دەمەوێ بزانم مەبەست لە " ئەفغان " کاتێک ئێوە زاراوەی ئەفغان دەکار دەکەن، مەبەستتان چییە؟ خۆ ئێمە لەوێ نەتەوەیەکی تایبەتیمان بە ناوی ئەفغان نییە، هەمانە؟**

یای سیلەی غەففار: نا، نییە.

**قازی: یانی ئەو ناوە بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەوێ دەژین بەکاردێنن؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ ئێمە لە زمانی هەرەمەی خەڵک دا بە هەموو شارومەندانی ئەفغانستان دەڵێین : " ئەفغانەکان " کە ئەوە هەموو نەتەوەکانی ئەفغانستان وەبەردەگرێ.

**قازی: یانی هەموو نەتەوەکان ئەو شەقڵەیان پێ قەبووڵە؟ ئەو زاراوەیە پەسند دەکەن؟**

یای سیلەی غەففار: خەڵکی ئەفغانستان سەربە هەرئێتنیک، هەرێم و زمانێک بن، لە هەر نەتەوەیەک بن وەک " ئەفغان " بیر لە خۆیان دەکەنەوە و دەڵێن خەڵکی ئەفغانستانین، بەستراوینەوە بە ئەفغانستان، بەڵام بەداخەوە ئەمرۆ ڕووناکبیری ئەوتۆ هەن ئەو لایەنە هەرێمی و زمانییانە گەورە دەکەنەوە و بە تایبەتی لایەنی ئێتنیکی، لە جیاتی ئەوەی کە بە گیروگرفتە سەرەکییەکانی خەڵکی

ئەفغانستان رابگەن، زیاتر هێندێک وشە و زاراوە دەهێننە گۆڕێ کە ئەوە بە زمانی فارسی نییە، فڵانە بە زمانی پەشتوو یە، فڵان بە زمانی دەری یە، فیسار بە زمانی ئوزبەکی، تورکەمەنی یە و دەبێ ئاوا بێ و ئاوا نەبێ و ئەو گەورەکردنەوەی لایەنی ئێتنیکی، هەرێمی و زمانی زیاتر لەبەر ئەوەیە کە ئەوانە دەیانەوێ دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵک دا بسەپێنن و بەو شێوەیە بە خەڵکی بدەنە قەبوڵ کردن و لەهەمانکاتدا خەڵک هەتەڵە بکەن لەو مەسەلە سەرەکی و ڕۆژانەیانەی کە هەیانە. لە روانگەی خەڵکەوە گوتنی "ئەفغان " زۆر وشەیەکی ئاسایی یە و دەکاری دەکەن و دەڵێن ئێمە هەموو ئەفغانین سەر بە هەر کام لە نەتەوەکان بن.

**قازی: دەگەڕێینەوە سەر ئەو جۆرواجۆرییەی کە لە کۆمەڵی ئەفغانستان دا هەیە. دەزانین لەو وڵاتانەش کە بەشێک لە خاکی کوردستانیان تێ کەوتووە ئەو مەسەلەی جۆراوجۆرییە هەیە چ لە رووی ئێتنیکی، چ لە رووی زمانی و چ لە رووی کلتورییەوە. هەر چۆنێک بێ ئێوە لە قەبوڵ و دادن پێدانان بەو جۆراوجۆرییانە دا باوەڕتان بە یەکێتی یە نەک یەک کردنی هەموویان؟ بۆ نموونە لە ئەفغانستان ئێوە لایەنگری ئەوە نین کە هەموو خەڵک بە زمانی پەشتوو قسە بکەن؟**

یای سیلەی غەففار: بە هیچ جۆر. ئێمە باوەڕمان وایە کە ڕێگای چارەسەری ئەفغانستان بۆ ئەوەی بتوانین ئەفغانستانێکی تاقانەمان هەبێ ئەوەیە کە یەکێتی هەموو ئێتنیکەکانی ئەفغانستان دابین بکرێ، ئەوە بریتیە لە یەکێتی هەموو نەتەوەکانی ئەفغانستان و ئێمە دەبێ بەبێ دەمارگرژیی نەتەوەیی، ئێتنیکی، هەرێمی و زمانی بتوانین بەیەکەوە بژین. ئێمە دەبێ جیاوازی لە نێوان تاجیک و پەشتوون و تورکەمەن و ئوزبەک و هەزارە دا نەکەین، هەمووومان دیسان پێشتر گوتم ئەفغانین لە پێناو ئەفغانستانێکی ئازاد دا دەبێ خەبات بکەین و بۆ گەیشتن بەو ڕۆژە دەبێ هەمیشە یەکێتیی هەبێ و ئێمە وەک حیزبی هەمبەستەگی ئەفغانستان هەمیشە هەوڵ دەدەین تەنانەت زمانە ناوچەییەکانیشمان گەشە بکەن و خەڵکی ئێمە بتوانن بە زمانەکانی خۆیان دەرس بخوێنن. بۆ نموونە " پەشەیی " یەکێک لەو زمانانەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان لە چەند ولوسوالی ( شارستان ) دا قسەی پێ دەکرێ.

**بە تەواوی. هەمووان لە یەکێتی و تەبایی دا دەبێ بژی**

**قازی: یەک لە زمانەکانی نزیک لە " پەشتوو " یە؟**

یای سیلەی غەففار: نا، بە تەواوی جیاوازە، بەڵام لە ناوچەکانی پەشتوو نشین وەکو "جەلال ئاباد " و " کونەر " و ئەوانە زیاتر لە ناوچەگەلی پەشتوو نشینی ئێمەن، لەوێ خەڵکی پەشەیی ئێمەی لێن کە ئێستا ڕێنووسی خۆیان ئامادە کردووە و دەیانەوێ کتێبەکان بە " پەشەیی " وەربگێڕن، لەوێ لە خوێندنگەیەکان دا بە زمانی پەشەیی دەرس بگوترێتەوە. ئێمە لایەنگری ئەوەین. ئێمە دەمانەوێ هەموو زمانە ناوچەییەکان گەشە بکەن، بەڵام لە هەمانکاتدا دژی ئەوەین لە ژێر ناوی زمان، یان لە ژێر ناوی نەتەوە دا کەڵکی خراپ وەربگیرێ و خەڵک لەگیانی یەکتری بەر دەین، بەڵام داوای یەکێتی هەموو ئێتنیکەکانی ئەفغانستان دەکەین.

**قازی: ئەو مەسەلەیە تا ڕادەیەک نازانم سەبارەت بە ئێوە چۆنە. بەڵام ئەگەر ئێران یان تورکییە لە بەرچاو بگرین لە راستیدا ئەوە جۆرە ئارگومێنتێکە لەلایەن خاوەن دەسەڵاتانەوەش، بۆ وێنە سیاسەتمەدارێکی تورک جارێک لە پارلەمان گوتی ئەگەر ئێمە قەبوڵ بکەین کوردەکان بە زمانی دایکی خۆیان دەرس بخوێنن، ئێمە لە تورکییە زیاتر لە ١٨ زمانمان هەیە بەو پێیە دەبێ ڕێگا بدرێ بە خوێندنی ١٨ زمان. یانی قسەکەم بە خراپ وەرمەگرە، بەڵام ئەو ئارگومێنتەی ئێوە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەو بابەتە هێندێک هەستاوی یە. دەبێ لە پێشدا جیاوازییەکان قەبوڵ بکرێ و دوایە بە قەبوڵ کردنیان لایەنگری بکرێ لە یەکێتی دڵخوازانە. بۆچوونی ئێوەش ئاوایە؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ بە تەواوی. هەمووان لە یەکێتی و تەبایی دا دەبێ بژین.

**قازی: واتە لە سەربنەمای ویستی خەڵک خۆیان؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ. ئەوە ڕاستە کە زمانە نەتەوەییەکان پەشتوو و دەری ن، چونکە زۆربە بەو زمانانە قسە دەکەن.

**قازی: باشە ئەگەر دەکرێ هێندێک زانیاری بدەن لە سەر زمانەکان: ئەو ڕەسمییەت پەیدا کردنی دوو زمان داخودا دیاردەیەکە لە زەمانی سیستەمی پادشایەتییەوە وبەرلە گۆڕانی سیستەم و**

**هاتنی شوورەوی ودوایە هاتنی تالیبەنەکان لە پەنجا ساڵی رابردووەوە ؟ هەم ناوی زمانەکان بڵێن و هەم هەڵکەوتیان لە رووی جوگرافیاییەوە کە لە کوێ بەکار دەهێندرێن تا ئەو جێگەیەی کە هەڵبەت ئێوە دەزانن؟**

یای سیلەی غەففار: دیارە ئەوە مەسەلەیەکی زەحمەتە کە من بتوانم سەبارەت بەهەموو زمانەکانی ئەفغانستان قسە بکەم، بەڵام وەکو ئەفغانێک کە لەوێ دەژیم، تەبعەن هەمیشە لە پەنجا ساڵ لەمەوبەرەوە مەسەلەی زمانی لە ئەفغانستان گەورە کراوەتەوە، هەر لایەنێک کە دەسەڵاتدار بووە و حاکمییەتی هەبووە یان ویستوویە حاکمییەت وەدەست بهێنێ هەوڵی داوە ئەو جۆرە مەسەلانە لە نێو خەڵک دا زیاتر گەورە بکاتەوە و ئەو جیاکارییە نەتەوەیی و زمانی و هەرێمییانە هەتا بڵێی لە ئەفغانستان بەتایبەتی لەوچل ساڵەی رابردوو دا تائێستا زۆر وەبەرچاو دێ. گوایا ئەو رێبەرانە، ئەو جینایەتکارانەی کە دەرحەق بە خەڵکی ئەفغانستان جینایەت و خیانەتیان کردووە ئەوانە هەمیشە لە ژێرناوی زمان و لە ژێرناوی ئێتنیک خەڵکیان دە گیان یەکتری بەرداوە، یانی ئەگەر ئەمرۆ پەشتوو زمانی رەسمی بێ یان دەری زمانی رەسمی بێ ، یا دوو زمانی رەسمیمان هەبێ، یا سەرنج نەدرێتە سەر زمانەکانی دی ئەوە مەسەلەیەکی زۆر سەرەکی نییە، ئێمە بە هەر زمانێک کە ئاسوودە بین دەبێ بتوانین قسەی پێ بکەین، بەهەر زمانێک کە ئێمە پێمان وابێ ژمارەیەکی زۆر لە بەردەنگەکانمان لە قسەکان تێ دەگەن دەبێ قسەی پێ بکەین. ئەوە مەسەلەیەکی هێندە سەرەکی نییە کە ئەگەر پەشتوونەکان زۆربەن دەبێ زمانی پەشتوو زمانی نەتەوەیی بێ، چونکە زۆربەن ولەوانەیە زۆربەی خەڵک بتوانن تێ بگەن دەبێ زیاتر قسەی پێ بکرێ و بۆیەش بووە بە زمانی نەتەوەیی.

**قازی: دەکرێ باس بکەن لە رووی ژمارەی قسەکەران، قسەکەر بە هەرکام لەو زمانانە؟**

یای سیلەی غەففار: ستاتێستیک و ژمارەی جۆر بەجۆر هەیە.

> **شەهرستانان، کە ئێمە پێی دەڵێن ولوسوالی. بۆ وێنە ویلایەتی " فراه" بە ٩ ولوسوالی دابەش کراوە**

**قازی: بە تەقریب؟**

یای سیلەی غەففار: تا ئێستا سەرچاوەیەکی جێی باوەڕی کە ئێمە بە ووردی بتوانین بڵێین باوەڕپەو سەرچاوەیە دەکەین کە ئەو دابەشبوونە زمانییە روونکاتەوە لە گۆڕێدا نییە، بەڵام بە تەقریب دەگوترێ زیاترلە ٥٦ لەسەد یا ٥٠ لە سەدی خەڵک پەشتوونن، زیاترلە ٣٠ لە سەد تاجێکن و هەربەو شێوەیە خەڵکی هەزارە و ئوزبەکی ئێمە و دوایە تورکەمەن وکەمایەتی دیکە هەن.

**قازی: بەلووچیش؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ بەلووچیشمان هەیە، تورکەمەن و بەلووچ .

**قازی : باشە، نەتەوەی ئەوانەی بە " پەشەیی " قسە دەکەن چییە؟**

یای سیلەی غەففار: زۆربەی " پەشەییەکان " بە خۆیان دەڵێن نەتەوەی پەشەیی.

**قازی: ئەوان زیاترلە کوێ دەژین؟**

یای سیلەی غەففار: زیاتر لەلای رۆژهەڵاتی ئەفغانستانن، هەڵبەت ویلایەتیان نییە، بەڵام لە چەند ولوسوالی «شارستان» دا خەڵک بە پەشەیی قسەدەکەن لە هەرێمی رۆژهەڵاتی ئەفغانستان کە چەند ولوسوالییان سەر بە لوغمان و چەند ولوسوالییان سەر بە جەلال ئابادن.

**قازی: ئەو وشەیەی " ولوسوالی " لە فارسی ئێران دا دەبێ بە چی ؟ بەخش یا شەهرستان ؟ لە ئوستان بچووکترە وایە؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ. لە ئوستان بچووکترە. ئێمە ویلایەتمان هەن.

**قازی: ویلایەت لە فارسی دا یانی ئوستان؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ ئوستان، هەر ویلایەتێک دابەش کراوە بە وڵوسوالییەکان.

**قازی: بە شەهرستانان؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ، شەهرستانان، کە ئێمە پێی دەڵێن ولوسوالی. بۆ وێنە ویلایەتی " فراه" بە ٩ ولوسوالی دابەش کراوە.

هەر ئاوا کابول بە چەند ولوسوالی دابەش کراوە. هەر ولوسواڵێش دابەش دەکرێ بە سەر" قەریە" [ دێ] کان دا .

**قازی: ئەو وشەیەی " ولوس " بۆ من زۆر سەرنجڕاکێشە، چونکە لە زمانی**

**تورکی دا وشەیەک هەیە بە ناوی ″ ئوڵووس″ کە هەمان مانای وشەی ″ولوس ″ی پەشتووی هەیە.**

یای سیلەی غەففار: ″ ولوس″ بە خەڵک دەڵێن.

**قازی: مەردوم، میللەت. باشە ئەو زمانانە بە کارهێنانیان لە پەروەردە دا چۆنە؟ بۆ وێنە پەشتوو، تاجیکی یان دەری؟**

یای سیلەی غەففار: لە بەر ئەوەی پەشتوو و دەری زمانە رەسمییەکانی وڵاتن...

**قازی: یانی لە ئاستی پارلەمان و ئیدارە دەوڵەتییەکان دا؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ، لە هەموویان دا. لە ئاستی پەرلەمان و دەوڵەت و لە ئاستی ئیدارەکان دا پەشتوو و فارسی رەسمین، هەموو پێوەندییەکان و هەموو پەروەردە، بەگشتی لە خوێندنگەکان و لە پەهەنتوونەکان و لە ناوەندەکانی دیکە دا.

**قازی: پەهەنتوون یش یانی زانکۆ؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ یانی زانکۆ، بە دوو زمانن، چونکە ئەو دوو زمانە رەسمییەتیان هەیە. هەڵبەت خەڵک لە ویلایەتەکاندا بە زمانەکانی دیکەش قسە دەکەن، بەڵام زۆربەی ئەو کارانەی بە نووسین دەکرێن لە ئیدارە دەوڵەتییەکان دا بە زمانی پەشتوو و فارسین نەک زمانەکانی دی. بۆ وێنە ئێمە لە حیزبی هەمبەستەگی بە تەنیشت زمانی دەری و پەشتووەوە کە زمانی رەسمین و لەوانەیە ئاخێوەرانیان زۆربەی بەردەنگانی وتارەکان و بەرنامەکانی ئێمەبن، ئێستا ئێمە لە ماڵپەڕەکەمان دا زمانی ئوزبەکیمان چالاک کردووە، بەزمانی پەشەیی تا ئێستا بەلانی کەمەوە چەند بابەتمان داناوە. هەوڵ دەدەین بەزمانە ناوچەییەکانی دیکەش هێندێک بابەت بڵاوبکەینەوە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی کە ناتوانن بەزمانی پەشتوو و فارسی بخوێننەوە و کەڵکیان لێ وەرگرن، بەزمانەکانی خۆشیان لانی کەم کەڵک وەرگرن و بخوێننەوە، لەبەر هۆشیار بوونەوەی خەڵک و هەروەها بەمەبەستی گەشە کردنی زمانەکانیش کە خەڵک بتوانن گەشە بکەن، بەڵام لە هەموو ویلایەتەکان ئەو دوو زمانە رەسمییەتیان هەیە کە.

**”نوێنەرایەتی زمانە جیاوازەکان دەکەن و بەشێوەیەک دەیانەوێ بە کەڵك وەرگرتنی خراپ لەوە زوڵم لە نەتەوەکانی دیکە بکەن**

**قازی: بەڵام کەسانی خوێندەوار لە خوێندنگە و فێرگەکان دا هەر ئەو دوو زمانە دەکار دەکەن؟ زمانەکانی دیکە لە خوێندنگەکان دا ناخوێندرێن و تا ئێستاش بەکارناهێندرێن؟**

یای سیلەی غەففار: نەخێر. رەنگە بەشێوەیەکی زۆر بەرتەنگ و هەر تاقە بابەتێک لە هێندێک شوێنان هەبێ، وەکو تاقە بابەت لە بەر ئەوەی زمانە، ئوزبەکی لە ناوچەی ئوزبەک نشین بە دەرس گوترابێتەوە، لە ناوچە پەشتوو نشینەکان کە پەشەییشمان هەیە رەنگە ئەوە بەدەرس گوترابێتەوە بەشێوەیەکی زۆر بەرتەنگ، بەڵام بە ئاسایی پەروەردە هەر بە زمانگەلی پەشتوو و دەری یە.

**قازی: هێزە جیهادییەکان بۆچوونیان لە سەر زمان چۆنە، بۆ وێنە لە ناو تالیبانەکاندا چ زمانێک زیاتر بەکاردەهێندرێ؟**

یای سیلەی غەففار: لە ناو گرووپەکان چ تالیبانەکان و چ بنچینەگرەکان ئەوانە بەداخەوە ئەمڕۆ لە ناو خەڵکی ئەفغانستان وەک ئاڵاهەڵگرانی نەتەوەیی، ئاڵاهەڵگرانی زمان و ئاڵاهەڵگرانی هەرێمی دەناسرێن، چونکە ئەوان لە ژێرناوی نەتەوەیەک یان زمانێک کە سەر بەئەون بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لە زمان دەیانەوێ، دیسان دەیڵێمەوە، کە هەستی خەڵک بورووژێنن و بتوانن لە سەرکورسی دەسەڵات بمێننەوە و بەو شێوەیە حاکمییەتی خۆیان زیاتر بە سەر خەڵک یان بە سەر ئەو نەتەوانە دا هەبێ و کەڵکی خراپی لێ وەربگرن. جا بۆیە هەرکامیان نوێنەرایەتی نەتەوە جیاوازەکان دەکەن، نوێنەرایەتی زمانە جیاوازەکان دەکەن و بەشێوەیەک دەیانەوێ بە کەڵك وەرگرتنی خراپ لەوە زوڵم لە نەتەوەکانی دیکە بکەن. لە ئەفغانستان بەداخەوە لەو چل ساڵەی دوایی دا ئەو ئاڵاهەڵگرانی، نەتەوە و زمان و هەرێم و ئێتنیک نەک هەر خیانەت و جینایەتیان کردووە دەرحەق بە ئێتنیکەکانی دیکە، بەڵکو یەکەمیان خیانەتیان دەرحەقی نەتەوەی خۆیان کردووە. ئەگەر تەماشای نەتەوەی پەشتوون بکەین یان ئەو کەسانەی کە خۆیان بە ئاڵاهەڵگرانی نەتەوەی پەشتوو دەزانن یان ئێتنیکی جۆر بە جۆری کە سەر بە نەتەوەی پەشتوون ئەوانە زیاتر دەیانەوێ و دەڵێن دەبێ دەسەڵات لەدەست پەشتوونەکان دا بێ و هەزارەکان دەبێ سەرکوت بکەین، نەتەوەکانی دی، تاجیکەکان دەبێ سەرکوت بکەین، چونکە تەنێ دەیانەوێ لە ژێر ئەو ناوەدا

لە سەر دەسەڵات بمێننەوە. ئەگەر تاجیک بن هەمیشە مەسەلەی زمانی و هەرێمی گەورە دەکەنەوە و دەیانەوێ هەستی نەتەوەیی خەڵک بزوێنن، هەستی زمانی ئەوان بورووژێنن و دەڵێن ئەگەر ئێوە پەشتوونەکانتان پێ قەبوڵ بێ تاجیکەکان دەمەترسی دەکەون، تاجیکەکان دەسەڵاتی خۆیان لە دەست دەدەن و ئێمە ناتوانین دەسەڵاتی خۆمان بپارێزین. بەو شێوەیە ئەمڕۆ ئەگەر تەماشای ئوزبەکەکان بکەین، ئەوان دەسەڵاتیان بە دەست نەبووە، لە کەمایەتی دا بوون و پێیان دەڵێن ئەگەر ئێمە بمانەوێ دەسەڵاتمان هەبێ دەبێ زیاترمان هەبێ. بەو شێوەیە گوایا ئەو ڕێبەرانەی کە خۆیان بە ڕێبەرانی ئەو نەتەوانە لە قەڵەم دەدەن جگە لە خیانەت و جینایەت دەرحەق بە خەڵکی ئەفغانستان هیچی دیکەیان نەکردووە، جگە لەوەی کە دووبەرەکی و دژایەتی بخەنە ناو ئێتنیکەکانی ئەفغانستان، ناو خەڵکی ئەفغانستان، ناو نەتەوەکانی ئەفغانستان. لە ناو ئەو خەڵکەی کە بەزمانی جیاواز قسە دەکەن دووبەرەکی بنێنەوە و بەگشتی هیچ کاریان بەوە نەبووە کە خزمەت بە نەتەوەکان و زمانەکانی ئەفغانستان بکەن. ئەمڕۆ دەبینین عەبدوڵلا و قانوونی و فلان و فلان خۆیان بە ئالاهەڵگرانی ئێتنیکی تاجیک دەزانن وتێدەکۆشن تا ئەوجێگایەی کە دەتوانن لە ژێر پەردەی ئەو مەسەلەیە ئێتنیکییانە دا دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن و لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی رابردوو نیشانی دا چلۆن لە هەستی نەتەوەیی خەڵک کەڵکی خراپ وەردەگرن. بۆ وێنە دۆستوم، خەڵکی ئوزبەک بەو شێوەیە خۆی بە ئالاهەڵگری ئێتنیکی ئوزبەک دەزانێ. هەر ئاوا ڕەنگە گوڵبەدین خۆی بە ئالاهەڵگری ئێتنیکی پەشتوون بزانێ. تالیبانەکان ئەگەر ئەمڕۆ زۆربەیان دەڵێن کە سەر بە ئێتنیکی پەشتوونن، بەڵام لە ڕیزەکانیان دا خەڵکی سەر بە ئێتنیکەکانی دیکەش هەن و بەگشتی دەیانەوێ ئێتنیکەکانی دیکە سەرکوت بکەن .

**قازی: ئەوان زیاتر سونی ن وا نییە؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ، سونین .

> ”
>
> **ئەو حیزبانەی کە لە ئەفغانستان دا هەن بەشێوەی کۆنکرێت سەر بە نەتەوەیەکن**

**قازی: ئەوان لە ناو ” هەزارە“ کان دا هیچ نفووزیان نییە؟ چونکە هەزارەکان شیعەنە ؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ، هەزارەکان شیعەن، بەڵام دیسان هەن دەستەی تێرۆریستی دیکەی کە سەر بە شیعە و سونی هەر دووکیانن، جا بۆیە ئێمە لە ئەفغانستان ناتوانین بڵێین کە سونی تێرۆریستە و شیعە تێرۆریست نییە، یا شیعە تێرۆریستە و سونی تێرۆریست نییە. بەگشتی مەزهەبیش هەمیشە کراوەتە ئامرازێک لە دەست ئەو کەسانەی دا کە دەیانەوێ حاکمییەتیان هەبێ بە سەر خەڵکی ئەفغانستان دا و هێزی خۆیان بسەپێنن و لە ژێرناوی ئێتنیک و هەرێم و زمان و تەنانەت مەزهەب دا جینایەت و خیانەتەکانی خۆیان دابپۆشن .

**قازی: ئێوە هێندێکتان باس کرد سەبارەت بە ئامانج و خواستەکانی ” حیزبی هەمبەستەگی ئەفغانستان ” ، دەمەویست ئەگەر دەکرێ زیاتر شیبکەنەوە کە ئەو حیزبە کەنگێ دامەزراوە و لە چ بوارێک دا چالاکی هەیە بەو شێوەیەی کە بتوانێ ئەو ئامانجانەی هەیەتی بەکردەوە وەدی بهێنێ؟**

یای سیلەی غەففار: حیزبی هەمبەستەگی ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠٤ بە دەست کۆمەڵێک لە ڕووناکبیرانی کە باوەڕیان بە خەبات هەبوو بە دژی داگیرکاری و بنچینەگری دامەزرا.

**قازی: کاتێک کە باسی ” داگیرکاری ” دەکەی مەبەستت داگیرکاری پێشوویە یان « داگیرکاری « ئێستا؟**

یای سیلەی غەففار: داگیرکاری ئێستا. حیزبی هەمبەستەگی لە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزرا و ئامانجی ئەوە بوو لە ئەفغانستان پێویستی بە حیزبێکی سەرتاسەریی هەیە کە نوێنەرایەتی هەموو نەتەوەکانی ئەفغانستان بکا، نوێنەرایەتی هەموو ئێتنیکەکانی ئەفغانستان بکا و بەبێ دەمارگرژی ئێتنیکی، هەرێمی و زمانی، دەبێ لەهەموو ئەفغانستان گشتی وەکو مەڵبەندێک کاربکا، چونکە ئەمڕۆ زۆربەی ئەو حیزبانەی کە لە ئەفغانستان دا هەن بەشێوەی کۆنکرێت سەر بە نەتەوەیەکن، سەر بەئێتنیکێکن، یان سەر بە زمانێکن. ئەمڕۆ ئەگەرتەماشا بکەن حیزبی وەحدەت خۆی بە ئالاهەڵگری ئێتنیکی ” هەزارە ” دەزانێ. هەر سەر بە هەزارەکانە. ئەگەر چاو لە ” جەمعییەتی ئیسلامی ” بکەن ئەوە سەر بە تاجیکەکانە. ئەگەرتەماشای ” جونبیش ” بکەن ئەوە سەر بە ئوزبەکەکانە و هەر بەو شێوەیە ” سەیاف ” و فلان و فیسار سەر بە پەشتوونەکانن. جا بۆیە پێویستی بەوە هەبوو حیزبێک هەبێ کە نوێنەرایەتی

هەموو نەتەوەکانی ئەفغانستان بکا. چونکە تاقە ڕێگای چارەسەری ئەفغانستان ئەوەیە کە یەکێتی گشت نەتەوەکان و ئێتنیکەکانی ئەفغانستان پێک بێ کە بتوانن خەبات بە دژی داگیرکاری و بنچینەگری درێژە پێ بدەن.

> **ئەگەر بەرنامەکانی ئێمەتان شۆپاندبێ قەت داخوازمان لە دەوڵەت نەبووە**

**قازی: ئەگەر دەکرێ لە ڕووی ئابووریشەوە شیبکەنەوە، بەرنامە ئابوورییەکان؟**

یای سیلەی غەففار: حیزبی هەمبەستەگی بۆیە دامەزرا ئامانجە دەستبەجێیەکان و کتووپڕی ئێمە لەو سەروبەندی دا وەدی بێنێ، لەو دەمییەوە تا ئەمڕۆ ئێمە دژی داگیرکارین و ئەفغانستان بە وڵاتێکی داگیرکراو دەزانین و داوای دەرکەوتنی هەموو هێزە داگیرکەرەکان دەکەین لە ئەفغانستان. لە هەمانکاتدا دەبێ خەباتی ئێمە یان نووکی خەباتی ئێمە ڕووی لە هەموو بنچینەگرەکانی ئەفغانستان بێ کە دیارە نۆکەری ئەو داگیرکەرانەن بۆ ئەوەی ئێمە ڕۆژێک بتوانین ئەفغانستانێکی ئازاد، سەربەخۆمان هەبێ و ئێمە حکومەتێکی گەلیی مان هەبێ کە دیموکراسی راستەقینە وەدی بێ ئێمە داخوازمان ئەوەیە و لە هەمانکاتدا وەکو حیزبێکی پێشەنگی پێشکەوتوو بە ئەرکی خۆمان و هەموو حیزب و دامەزراوە و بزووتنەوە پێشڕەوکانی دەزانین کە لە تەواوی نەتەوە دەبەندکراوەکانی دنیا پشتیوانی بکەین و بە ڕێگای هاوپێوەندییەوە بتوانین لەگەڵ بزووتنەوە ئازادیخوازەکان لە سەرتاسەری جیهان لە هاوپێوەندیی دا خەبات بکەین. بەگشتی بە دژی ئەمپریالیزم کە ئەمڕۆ لە چوار لاوە بە تایبەتی ئەو بزووتنەوانەیان گەمارۆداوە. ئێمە لە ئەفغانستان ئەگەر بەکورتی باس بکەم حکومەتێکمان دەوێ لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵک، لە پێناو بەرژەوەندیی هەموو نەتەوەکانی ئەفغانستان کار بکا و پشتیوانی هەموو ئێتنیکەکانی ئەفغانستان بێ و ئەگەر بێینە سەرئابووری و ناوی بەرم کە ئێمە لایەنگری چ جۆرە ئابوورییەکین، سیستەمێکی ئابووریمان دەوێ کە بتوانێ ئەفغانستان بەپاڵپشتی سەرچاوەکانی خۆی خۆی بەڕێوەبەرێ و ئەگەریش پێوەندیمان لەگەڵ وڵاتەکانی دیکەدا هەبێ، یان هێندێک پەیمان و ڕێکەوتنیشمان هەبێ ئەوە نابێ هەربەشێوەی نێئۆلیبێرالیستی بێ کە ئەمڕۆ تەنێ دەیانەوێ لە ژێر ناوی بازاڕی ئازاد ، یان لە ژێر ناوی ئەو ئیدە نێئۆ لیبێرالیستیانەی خۆیان کە دەیانهێنن بۆ ئەو وڵاتانە کە ئەمڕۆ دنیا بووەتە گوندێک و پێویستە ئەو پێوەندیانە هەبن، ئەگەر ئێمە بمانەوێ لەگەڵ وڵاتان پێوەندی ئابووریمان هەبێ و گرێبەستیشمان لەگەڵیان هەبێ، دەبێ بەشێوەیەکی ئەوتۆ بێ کە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان دەمەترسی نەکەون. یانی زیاتر ئابوورییەکمان دەوێ کە تێیدا " ئێرووپی کۆمەڵایەتی " لەبەرچاو گیرابێ و بۆ هەموو خەڵکی ئەفغانستان بێ.

**قازی: یانی ئێوە لەو باوەڕەدان کە بەشێک لە چالاکییەکانتان و بەشێک لە داخوازییەکانتان لە دەرەوەی دەوڵەت بەڕێوەبەرن. بۆ وێنە ئێوە هیچ بەرنامەیەکتان هەیە بۆ پاراستنی ژینگە، سەبارەت بە ئێکۆلۆژی لە دەرەوەی بەرنامەی دەوڵەت یانی هەموو داخوازەکانتان لە دەوڵەت نەبێ، یانی ئەو کارانەی کە خۆتان دەتوانن لە خوارەوە ڕا، کۆمەڵانی خەڵک خۆیان دەتوانن ئەنجامیان بدەن؟**

یای سیلەی غەففار: ئێمە جارێ، ئەگەر بەرنامەکانی ئێمەتان شۆپاندبێ قەت داخوازمان لە دەوڵەت نەبووە، بە پێچەوانە گوتوومانە تا زەمانێک کە دەوڵەتی ئاوا لەسەرکاربن و حاکم بن خەڵکی ئەفغانستان ناتوانن ژیانێکی بە ئیروو و بەختەوەرانەیان هەبێ. خەڵکی ئەفغانستان ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر دەکەونە بەر توندوتیژی ئەو جۆرە دەوڵەتانە، جا بۆیە پێمانوانییە ئەو جۆرە دەوڵەتانە داخوازی خەڵکی ئەفغانستان وەدی بهێنن. بەڵام بەرنامەی ئابووری ئاوامان هەبووە کە خەڵک خۆیان بەشداری تێدا بکەن کە ئابووری ئەفغانستان گەشە بکا، لە ڕووی کشتوکاڵەوە و بتوانین لە ڕووی دیکەوە لە سەرچاوە و کانگاکانی خۆمان کەڵك وەربگرین و بتوانین لە سەرچاوە خۆڕسکییەکانی خۆمان کەڵك وەربگرین و خەڵک خۆیان تێیدا بەشداربن، بەرنامەی ئاوامان هەبووە. لە ڕاستیدا ئەگەر بێینە سەر ژینگەپارێزی، بەرنامەیەکی تایبەتیمان لەو بارەیەوە نەبووە، بەڵام لە هەرشوێنێک کە ئەندامی ئێمەی لێ بووبێ هەمیشە بۆ پاراستن و راگرتنی هاویردۆر و ژینگە، و پاکو خاوێنی ئەوانە بەشێک بوون لە بەرنامەکانی روون کردنەوە و هۆشیار کردنەوە لەلایەن ئێمەوە. بەڵام بەرنامەیەکی کۆنکرێتمان نەبووە کە چ جۆرە پلانێک دابنێین کە بیر لەو بوارانەش بکەینەوە. بەڵام وەک

بەشێک لە بەرنامەی هۆشیار کردنەوە یان پلانی کە لە پێناو هۆشیارکردنەوە بوومانە ئەو جۆرە باسانەشی تێدا بووە.

**قازی: ئێوە باسی ئەوەتان کرد ئێوە چالاکی سیاسی خۆتان بە بەرگریکردن لە مافی ژنان را دەست پێکردووە. ئەو مەسەلەیەی پشتیوانی لە مافی ژنان و هەڵکەوتی ژنان لە بەرنامەی حیزبی هەبەستەگی دا بە چ شێوەیەک رەنگ دەداتەوە یانی حیزبی هەمبەستەگی بە چ شێوەیەک پشتیوانی دەکا لە مافی ژنان؟ بەتایبەتی لە کۆمەڵێکی وەک ئەفغانستان دا کە بە داخەوە لە ئاستی جیهانی دا باسی لێوە دەکرێ کە لەوێ ژنان ستەمی چەند لایەنەیان لێ دەکرێ.**

یای سیلەی غەففار: ژنانی ئەفغانستان هەر لە چەندەین دەیە لەمەو بەرەو نا، بەڵکو بە سەدان ساڵە ستەم و زۆرداریان لێ کراوە و تاقە رێگا بۆ رزگاری ژنان ئەوەیە کە خۆیان هۆشیار ببنەوە و خۆیان بتوانن بەشان و بازووی خۆیان مافی خۆیان وەدەست بهێنن. ئێمە وەکو رێکخراوەیەکی پێشڕەوی پێشکەوتوو دەمانەوێ ژنان لەهەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی دا بەشداری چالاکانەیان هەبێ و بەبێ بەشداری ژنان لە گشت بوارەکانی ژیان دا ئێمکانی نییە بتوانین باسی ئەفغانستانێکی بە سبات و سەربەخۆ بکەین. ئەگەر ئێمە بەیانی باسی شۆڕشێکیش دەکەین کە بتوانێ حکومەتێکی گەلی، حکومەتێکی سێکولاری کە بیر لە هەموو نەتەوە و ئێتنیک و توێژەکانی ئەفغانستان بکاتەوە کە دیارە مافی ژنیش لە حکومەتێکی ئەوتۆ دا دەتوانێ وەدی بێ ئەوەیە کە ژنان دەبێ چالاک بن، ژنان دەبێ بگەنە هۆشیاریی سیاسی خۆیان و ئەو بەرنامانەی کە ئێمە لە پێش خۆمان رۆناوە بریتین لە دەورەی خوێندەوار کردن تا دەگاتە بەرنامەی هۆشیار کردنەوە، چونکە ئێمە لەو باوەڕەداین ژنان دەبێ لە سەرەتاوە بۆخۆیان بەو ئاگایی و هۆشیارییە بگەن و ئەرکی ئێمەیە ئەو جۆرە ئاگاییانەیان بدەینێ، بۆ وێنە ئێمە بەرنامەی پەروەردەی تایبەتیمان بۆ ژنان هەیە، دەورەی خوێندەوار کردنی تایبەتیمان هەیە بۆ ژنان، بەرنامەی ئابووریمان هەن کە ژنان لەو بەرنامانە دا بە چ شێوەیەک بەشداری بکەن. بەرنامەی کۆمەڵایەتیمان هەن، کە بە لانی کەمەوە ئەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتییانەی کە لە کۆمەڵ دا هەن و دێنە پێشەوە ژنان خۆیان بێن و چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە. ئەگەر لە خێزانێک دا توندوتیژییەک روو دەدا، یان ئەگەر خێزانێک ناهێڵێ منداڵەکانی بەتایبەتی کچەکانی بچنە خوێندنگە، یان بە زۆری منداڵێک بدەن بە شوو ئەو جۆرە کارانە بە رێگای ئەو دەستانەی دا کە ئێمە چالاکمان کردوون و هۆشیاریان پەیدا کردووە دەکرێ ئەو گیروگرفتانەی خەڵک چارەسەر بکەن. تەنانەت ئەگەر ئەوە پێویست بوو بگاتە ئاستی دادگە و ئەوانەش ژنان دەبێ خۆیان بتوانن ئەو کارە بکەن و گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی بەگشتی، لە هەژاری و نەدارییەوە بگرە تا گیروگرفتی دیکە، ئەوانەش ژنان بتوانن خۆیان بەشدارییان تێدا بکەن و بەشێکی چالاک بن لە کۆمەڵ دا و چالاکێکی کۆمەڵەکەیان بن و کار بکەن. بۆ وێنە لە بەرنامەی کلتوری دا ویستوومانە ژنان هەمیشە بەشداریی چالاکانەیان هەبێ، چونکە ئەگەر بەشێوەی سەرەکی چاو لە بەرنامە کلتورییەکان بکەین دیسان ژنان سەرکوت دەکرێن، چ لە موسیقی، چ لە هونەر و چ لە مەسەلەی دیکە دا کە دەگوترێ ئەوە دژی رێوڕەسم و دژی کلتوری ئەفغانستانە بۆ ئەوەی بەو قسانە ژنان لەو بوارانە دووربکەنەوە. جا بۆیە ئێمە بەرنامەی زۆرو زەوندی کلتوریمان هەبووە بۆ ئەوەی ژنان بتوانن لەوبوارەش دا چالاک بن وژنان جێی خۆیان لەهەموو بوار و ئاستێکی کۆمەڵ دا بگرن و بەرنامەی جۆر بەجۆر کە پێشتر گوتم لە پێشدا هۆشیار کردنەوە گرنگ بووە کە بتوانین ئەو هۆشیارییە لەواندا پێک بێنین. زۆرجار لە ئاستی بڕیاردان دا ئەوە بۆ ئێمە گرنگ بووە کە ئێمە هێندێک ئاڵقە ساز کەین تەنانەت لە ئاستی دێیەکاندا بە رێکخستنی جۆر بە جۆرەوە کە هەمان بووە لە ئاستی ویلایەتەکان لە ئاستی ولوسوالییەکان (شارستانەکان) کە تێیاندا ژنان بتوانن سەبارەت بە مەسەلەی جۆر بە جۆر لە کۆمیتەیەکی هاوبەش لەگەڵ پیاوان دا تەنانەت لەئاستی پرسە گرنگەکانی ئەوێدا لە بڕیاردان دا بەشداری بکەن . بەبێ ئەوەی هەر بەتایبەتی بە مەسەلەی ژنانەوە خەریک بن .

> **ژنان سەرکوت دەکرێن، چ لە موسیقی، چ لە هونەر و چ لە مەسەلەی دیکە دا کە دەگوترێ ئەوە دژی رێوڕەسم و دژی**

**قازی: ئایا ئێوە دەرفەتی ئەوەتان بووە لە ناوچەی جۆر بە جۆر چالاکیتان هەبێ؟ یان زۆربەی چالاکییەکانتان لە ناوچە ناوەندییەکان و یان لەو ناوچانەی کە خەڵک زیاتر خوێندەوارن بەرێوە دەبەن؟ مەبەستم ئەوەیە پێگەتان لە ناو توێژی خوێندەوارانە؟ لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک**

**بە چ شێوەیەک پێوەندیی دا دەمەزرێنن؟ بۆ وێنە من خوێندوومەتەوە کە جار جار رەخنەتان لێ دەگرن باسی حیجابی ئێوە دەکەن کە سەرتان دانەپۆشیوە؟**

## ئەرکی حیزبێکی پێشرەو و حیزبێک بە بیری دیموکراسیخوازانە و ئازادیخوازنەوە کە بتوانێ دیسان درێژە بدا بەخەباتی خۆی

یای سیلەی غەففار: بەڵێ، حیزبی هەمبەستەگی ئەفغانستان باوەری بەوەیە کە ئەرکی حیزبێکی پێشرەو و حیزبێک بە بیری دیموکراسیخوازانە و ئازادیخوازنەوە کە بتوانێ دیسان درێژە بدا بەخەباتی خۆی، دیسان دەیڵێمەوە، بە دژی داگیرکاری ئیمپریالیزم، ئەوەیە کە ئێمە لەلایەن کۆمەڵانی هەراوی خەڵکەوە پشتیوانیمان لێ بکرێ، لەلایەن کۆمەڵانی میلیۆنییەوە پشتیوانیمان لێ بکرێ. حیزبێک کە لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێ نەکرێ و لەناو کۆمەڵانی خەڵک دا نەبێ ئەو حیزبە ناتوانێ وەکو حیزبێکی گەلی وەکو حیزبێکی کە لە سبەی رۆژدا لە پێناو ئەفغانستانێکی ئازاد و سەربەخۆ دا خەبات بکا و پێگەیەکی لەناو خەڵک دا هەبێ. جا بۆیە ئەرکی حیزب لە رۆژی دامەزراندنییەوە تا ئێستا ئەوە بووە کە ئێمە چۆن بتوانین کە پێگەمان لە ناو کۆمەڵانی خەڵک دا هەبێ، لە ناو توێژە بێ بەشەکانی وڵات دا، لەناو توێژە جۆر بە جۆرەکانی کۆمەڵ دا و ئێمە زیاتر لەو جۆرە ویلایەتانە دا کار دەکەین کە دوورکەوتووترین و وەدواکەوتوترین ویلایەتەکانن، چونکە ئێمە باوەڕمان وایە دەتوانین لە گوندوە شۆڕش گەڵالە بکەین و بناخەی دابڕێژین. ئەو خەڵکە دەبێ ئەو ئاگایی و هۆشیارییەیان تێدا پێک بێ. زۆربەی ئەو گیروگرفتانەی کە ئەمڕۆکە خەڵکی ئێمە تووشی بە تووشیانەوە بووە؛ توندوتیژی و ستەم و فەرق و جیاوازی لەگەڵ دانان دژی ئەو خەڵکانەن کە دانیشتووی ئەو ناوچە دوورکەوتووانەن، بڵێین ناوچەی دوورە دەست تا شارە گەورەکانی وەک کابول و جەلال ئاباد و هیرات. تەبعەن ئێمە لەو جۆرە شوێنانەش دەفتەرمان هەیە. ئەمڕۆ لە ٣٤ ویلایەتی ئەفغانستان ئێمە لە ٢٠ ویلایەتیان دا دەفتەرمان هەیە و لەو ٢٠ ویلایەتەش دا دەفتەرەکانی ئێمە زۆربەیان لە ولوسوالی و گوندەکان دەچنە ناو خەڵک ووەک گوتم چ بەرنامەکانی بەشی ژنانی ئێمە و چ بەرنامەکانی بەشی لاوان و خوێندکارانی ئێمە و هەروەها لە گشت بەرنامەکانی حیزب دا زیاتر لە ناو خەڵک لە ئاست گوندەکان و ولسوالییەکان دا بووە. کە ئێمە تەبعەن پێمان وایە دەبێ لە ناو ئەو خەڵکە دا کار بکرێ.

**قازی: ئێستا ئەگەر بکرێ پاشماوەی ئەو وتوێژە تەرخان بکەین بۆ دوان لە سەر تێلێڤیزیۆنە مانگیلەکان لە ئەفغانستان کە پێموایە لەو ساڵانەی دوایی، لەو دە پازدە ساڵەی دواییدا زۆر چالاک بوون و شتێکی کە سەرنجی منی زۆر راکێشابێ ئەوەیە کە، لە بەشێک لەو تێلێڤیزیۆنانە دا زۆر بەشێوەی راشکاو سەبارەت بە بابەتە سیاسییەکان قسە دەکرێ، لە سەردەسەڵاتی حاکم، لە سەر کەسایەتییەکان قسە دەکرێ، دیبەیت و شەڕەقسەی زۆر گەرم و گوڕ دەکرێ . بەر لەوەی وەڵامی ئەوە بدەنەوە، لایەکی دیکەش کە زۆر سەرنج رادەکێشی ئەوەیە کە لە بەرنامەیەکی دیبەیت وگەنگەشە دا زمانی جۆر بەجۆر دەکار دەکرێن. بۆ وێنە ئێوە بە تاجیکی / دەری قسە دەکەن و کەسێکی دیکەش کە لەهەمان بەرنامە دا بەشداری کردووە بە زمانی پەشتوو قسە دەکا، پێموایە ئەوە هەر لەناو ئەو دوو زمانە دا وایە، دەنا نا؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ.

**قازی: ئەوە چۆنە؟ پێموایە نموونەی ئاوا لە شوێنەکانی دیکەی دنیا زۆر کەمە. ئایا لەوە را بۆی دەچن کە بینەران لە هەر دوو زمانەکان تێ دەگەن یان ئەوە چۆنە؟**

یای سیلەی غەففار: لە پێشدا لە سەر بەشی دوایی پرسیارەکەت تێبینییەکم هەیە، دوایە دێمە سەر دەوری مێدیا لە ئەفغانستان. وەک ئەوەی پێشترگوتم لەبەر ئەوەی زمانی پەشتوو و دەری زمانگەلی نەتەوەیین، زۆربەی مەردمی ئەفغانستان کە خەڵکی هەر ویلایەتێک بن ناسیاوییان لەگەڵ ئەو دوو زمانە هەیە، ئەگەر لە خوێندنگە خوێندبێتیان، ئەگەر زانکۆیان تەواو کردبێ هەموویان هەر دوو زمانەکە دەزانن و لێیان تێ دەگەن و بەو دوو زمانە زیاتر قسە دەکرێ تەنانەت ئەو خەڵکەش کە زمانیان یەکێک لە زمانەکانی دی بێ فێری زمانی پەشتوو بوون یان فێری زمانی دەری بوون لە چاپەمەنی، لەکاری رۆژانە، لە کاری دەوڵەتی دا ئەو دوو زمانە زیاتر قسەیان پێ دەکرێ.

**قازی: باشە کەسێک لە بەرچاو بگرن کە تەنێ یەکێک لەو زمانانە تێ دەگا. ئەو چۆن دەتوانێ لەو گەنگەشەیە چێژ بستێنێ و کەڵکی لێ وەربگرێ؟**

یای سیلەی غەففار: تەواو وایە وەک دەیڵێی. ئەگەر لە ئاستی تێلێڤیزیۆنە

گەورەکان باسی لێوە بکەین یان تێلێڤیزیۆنە نەتەوەییەکان زیاتر بەو دوو زمانە قسە دەکرێ، بەڵام هێندێک بەرنامە هەن، هەڵبەت ئەگەرباسی بەرنامە سیاسییەکان بکەم . بەڵام تێلێڤیزیۆنی ناوچەیشمان هەن کە بە زمانی تورکەمەنی، ئوزبەکی بەرنامە بڵاو دەکەنەوە. دیارە بە زمانی پەشەیی تێلێڤیزیۆنێکی تایبەتی نییە، بەڵام ئەو تێلێڤیزیۆنە گەورانە کە زۆربەیان لە شارە گەورەکانن بەرنامەی کۆنکرێتیان بەو زمانانە هەیە. بەڵام راستە بەگشتی پەشتوو و دەری یە. زۆربەی تێلێڤیزیۆنەکان بەرنامە سەرەکییەکانیان بە زمانگەلی دەری و پەشتوو یە.

**قازی: مەبەستی من هاوکات بوونی زمانەکان بوو لە بەرنامە یەک دا؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ هاو کات، بەڵام بەگشتی گوتم بەرنامەی کۆنکرێتیان بە زمانەکانی دیکەش هەیە، بەڵام تێلێڤیزیۆنەکانی ناوچەیی هێندێک لە بەرنامەی تەنانەت گەنگەشە و دیبەتیشیان هەیە بە زمانی ناوچەیی خۆیان، بەڵام لە ئاستی گەورە دا چونکە ئەو باوەڕە هەیە و ئەوەش راستە کە هەموو خەڵک رەنگە لە فارسی وپەشتوو تێ نەگەن . ئەگەر مرۆڤ بچێتە نوورستان لەوێ بە نوورستانی قسە دەکەن، زمانێکی تەواو جیاوازە کە رەنگە ئاخێوەرانی هەموویان لە پەشتوو و دەری تێ نەگەن، بەڵام لە بەر ئەوەی هاوسنوری ناوچە پەشتوو نشینەکانن یان لە هەرێمی رۆژهەڵات " نوورستان " زیاتر، لە هەرێمی رۆژهەڵات زیاتر بە زمانی پەشتوو قسە دەکرێ و زۆربەی خەڵکی "نوورستان" دەتوانن بە زمانی پەشتوو قسە بکەن. ئەگەر ناوچەی تاجیکی لەبەر چاو بگرین تەبعەن بە دەری قسە دەکەن. لە ناوچەکانی دیکەی پەشتوون و تاجیک و ئوزبەک و هەزارە تێکەڵن، بۆ نموونە ئەگەر ئێوە بچنە قەندار[قەندەهار] لەوێ هەم هەزارەمان هەیە هەم پەشتوون، تاجیکیش هەن، نەتەوەی دیکەش هەن. لە هیلمەند هەم پەشتوون مان هەن، هەم ، دیارە هەزارە لەهجەیە، بەڵام دیسان زمانی دیکەش هەن کە تێی دەگەن. ئەوەی کە ئێمە ئێستا بڵێین و بڵێین بەهەموو زمانەکان قسە بکەن کە هەموو خەڵک لێی تێبگەن، ئەوە رەنگە مومکین نەبێ. ئەگەر لە من بپرسی . لە بەر ئەوەی ئەو دوو زمانەی دەری و پەشتوو باو بوون بە سەریان دا زاڵم و دەیانزانم، بەڵام یەکجار زۆریشم پێ خۆشە زمانەکانی دیکەش فێربم و بەو زمانانەی کە لەوێ خەڵک قسەیان پێ دەکەن قسەیان لەگەڵ بکەم.

> **یەکێک لە سیاسەتەکانی کۆلۆنیالیزم ئەمڕۆکە لە راستیدا دەوری مێدیایە یان ئەوەی کە مێدیاکان چلۆن بکرێن بە ئامرازێک**

**قازی: وەکو پرێنسیپێک کە ئێوە سێ کەس چوار کەس کە لە بەرنامەیەک دا بەشدارن دەکرێ هەردوو زمانەکە بەکار بهێنن؟**

یای سیلەی غەففار: بەڵێ چ گرفتێک نییە.

**قازی: یانی مۆدێراتۆری بەرنامەکە داوا لەئێوە ناکا بەزمانێکی تایبەتی قسەبکەن، دەتوانن هەردوویان هاوکات دەکاربکەن؟**

غەففار: نەخێر ناڵێ بە چ زمانێک قسە بکەن یا مەکەن. زۆربەی بەرنامەکان ئاوایە کە دەکرێ بە هەر دوو ئەو زمانانە واتە پەشتوو و دەری کە زماگەلی رەسمین قسە بکردرێ، بەڵام هێندێک لە تێلێڤیزیۆنەکان بەرنامەی تایبەتی زمانی پەشتوویان هەیە کە بەرنامەی سیاسییە کە زیاتر بە پەشتوو قسە دەکەن. بەڵام هەردوو زمان باون.

**قازی: زۆر باشە، ئەمن ئێوەم لە زۆر لەو بەرنامە تێلێڤیزیۆنییانە دا دیتووە، دەمەویست پرسیارتان لێ بکەم کە ئەو تێلێڤیزیۆنە مانگیلەیانە کە تێلێڤیزیۆنی دەوڵەتی نین و لە حکومەتی کە لە سەرکارە و لە دەوڵەت رەخنە دەگرن ئەوانە سەر بە کامەیەک لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکانن؟ یانی سەرمایەی بەشی تایبەتی ئەوانەی دامەزراندووە، وا بزانم لەو ساڵانەی دواییدا سەریان هەڵهێناوە؟**

یای سیلەی غەففار: ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەی پێشووتان و درێژەی پێ بدەین سەبارەت بە دەوری مێدیا لە ئەفغانستان. زۆر جار وایە ئەگەر مرۆڤ سیاسی بێ یان سەر بە جەرەیانە سیاسییەکان بێ زیاتر باسی رەهەندی سیاسی ئەوان دەکا کە ئەوە زۆر تەبیعی یە و لە ئەفغانستانیش دەبێ هەر بەو شێوەیە باسی میدیا بکرێ کە یەکێک لە سیاسەتەکانی کۆلۆنیالیزم ئەمڕۆکە لە راستیدا دەوری مێدیایە یان ئەوەی کە مێدیاکان چلۆن بکرێن بە ئامرازێک، بە وەسیلەیەک لە دەستی خۆ دا بۆ هەڵفریواندنی بیروڕای گشتی سەبارەت بە مەسەلەی سەرەکی و مەسەلەی رۆژ بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بتوانن سیاسەتەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. ئەمڕۆ لە

ئەفغانستان لە دوای ساڵی ٢٠٠١ راستە کە چاپەمەنی وەکو کارگ هەڵقوڵیون و گەشەیان سەندووە، چ چاپەمەنی دەنگ، چ چاپەمەنی رەنگ و چ چاپەمەنی نووسراو. هەموو رۆژێ دەبینین کە دەستگایەکی تێلێڤیزیۆنی، دەستگایەکی رادیۆیی و بڵاوک و رۆژنامەیەکی نوێ دادەمەزرێندرێ. زۆربەیان ئەگەر تەماشایان بکەی دەبینی یان سەر بەو حیزبانەن کە دەستیان لە خیانەت و جینایەت دا شەڵاڵی خوێنە و ئەمڕۆ بەرێگای ئەو مێدیایانەوە دەیانەوێ جینایەکانی خۆیان پاک کەنەوە بە هێندێک بەرنامە، و تەنانەت بەرنامەیان هەیە هاوتەریبی بیروڕای گشتی و ئەوانە سەر بەو جۆرە جەرەیانانەن کە بتوانن مێدیا بکەنە وەسیلەیەک بۆ ئەوەی دیسان پروپاگەندا بکەن بۆ خۆیان لە ناو خەڵک دا. یان میدیای ئاوان کە زۆربەی بەرنامەکانیان لەلایەن ئەمریکاوە، تورکییە یان ئێرانەوە پشتیان دەگیرێ، بۆ وێنە تێلێڤیزیۆنی ئەوتۆ هەن کە بە تایبەتی ئێران یارمەتییان دەدا. ئینگلیستان و وڵاتەکانی دیکە. ئەو تێلێڤیزیۆنانەی بەشی تایبەتی کە باستان کردن لە رواڵەت دا زۆربەیان ئی بازرگانە نەتەوەییەکانن . باشە بەڵام ئەو بازرگانە نەتەوەییانە کێن؟ ئەوان دیسان ئەو کەسانەن کە هەر سەر بەو حیزبە جینایەتکارانە بوون. زۆربەیان، ئەو کەسانەش کە سەر بەو جەرەیانانە نەبوون زیاتر کەسانی وا بوون کە دیسان داردەستی وڵاتانی ئەمپریالیستی بوون کە بتوانن سیاسەتی ئەوان بەرێگای ئەو مێدیایانە بڵاو بکەنەوە.

**قازی: باشە، چەندین جار کە بەرنامەکانی ئێوەم تەماشا کردووە، بۆ وێنە لە بیرمە لە بەرنامەیەک وەزیرێکی ژنت بە توندی خستە بەر پرسیار و چالنجت کرد. بەگشتی لەو بەرنامانە دا لەحێی زۆر توند دەکار دەکرێ، هەر نەک لەلایەن ئێوەوە، ئەوە لە ستودیۆکان دا هەر بە دمبەدمەی لەفزی و قسە تێکگیران کۆتایی دێ. لەو هەلومەرجە دژوارە دا ئەوە چۆن تەحەمول دەکرێ کە خەڵک لە گەڵ یەکتری ئاوا توند بدوێن؟**

یای سیلەی غەففار: راستە ئەمڕۆ ئەفغانستان وڵاتێکی داگیرکراوە و گشت بنچینەگرە هارەکان لە سەر حوکمن و ئەوان بە هیچ جۆر ناتوانن ئازادیی بەیان بەمانای راستەقینەی خۆی قەبووڵ بکەن و ئەمڕۆ لە ئەفغانستان ئەگەر تەماشای مێدیاکان بکەین دەبینین کە دەربڕینی راستییان تێدا نییە، بەڵام ئەمڕۆ ناچارن، چونکە لە ژێر ناوی دیموکراسی هاتوونە ناو ئەفغانستان . یەکێک لە دروشمەکانیان هێنانی دیموکراسی و ئازادیی بەیان و دابین کردنی مافی ژن لە ئەفغانستان بوو، جا بۆیە ئەوانە مەجبوورن هێندێک جار ئەگەر بیانەوێ و نەیانەوێ ئاوا نیشان بدەن کە هەر کەس دەتوانێ بێ و بیروڕای خۆی دەربڕێ، بەڵام هەمیشە کۆت و لەمپەر و شەرت و مەرج لە گۆڕێ دا بووە، دێمە سەر قسەکەی ئێوە، بەڵام دەمەوێ نموونەیەکی دیکە باس بکەم، لە زۆربەی ئەو بەرنامانەی حیزبی هەمبەستەگی دا کە ئێمە لە [ تێلێڤیزیۆن ] دا هەمان بووبێ، لە سەرەتاوە تەنانەت ناوهێنانی حیزبی هەمبەستەگی ش قەدەخە بوو و ئێستا کە دەیانەوێ، لەبەر ئەوەی ئێمە بە زۆر خۆمان بە سەردا سەپاندووە ناتوانن دەنگوباسی هەمبەستەگی، ئەگەر ئێمە ئاکسیۆنێکمان هەبێ بڵاو نەکەنەوە. جا بۆیە بە رواڵەت دەبێ وا نیشان بدەن کە دیموکراسی هەیە و ئێمەش لەو هەلومەرجە کەڵك وەردەگرین و چالاکی دەکەین و زۆر جار دەبینین کە نامان بینن، نایانەوێ جەرەیان و بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان دەنگی خۆیان هەڵبڕن. ئەوە هەیە، ئەوەی کە لە دەوری مێز لە ستودیۆ دا، ئەگەر وەزیرە یان جێنشینی وەزیر یان کەسانی دیکەن هەمیشە ئەوەیان پێ گوتراوە لە بەرانبەر کامێرا، لە بەرانبەر خەڵک دا، لەبەر ئەوەی ئێمە باسی ئازادیی بەیان دەکەین، باسی دیموکراسی دەکەین، باسی مافی ژن دەکەین، دەبێ ئێوە تەحەمولتان هەبێ. بەڵام زۆر جار دەبینی کە تەحەمولیشیان نییە. لەبەرنامەیەک دا لەگەڵ ئەندامێکی ئێمە شەڕ دەکەن، شەڕی جەستەی. لەگەڵ خانمی بلقیسی رەوشەن " حیزبی ئیسلامی " تابی قسەکانی ناهێنێ و دەست دەداتە بوتڵی ئاو و پێی دا دەدا و تێکهەڵچوونی جەستەی دێتە گۆڕێ. لەوێش تەحەمولیان نییە، ئەگەر تێکهەڵچوونی فیزیکیش نەکەن بە قسەی زۆر قێزەوەن و ناخۆش دەیانەوێ سووکایەتی بکەن، چکۆڵەت کەنەوە و باسەکە هەتەلە بکەن و بەرەو لایەکی دیکەی دابەرن. یان ئەوەی کە بڵێن چارشێوت لە سەر نییە و بەرەو ئەو قسەیەی بەرن. بەڵام دوای بەرنامە زۆر جار تێکهەڵچوونی جەستەیش روویداوە، جوێنیشیان پێ داوین، راوەدووش نراوین، هەڕەشەشیان لێ کردووین کە بەو شێوەیە بیانەوێ بمان ترسێنن و خۆفێک لە دڵی ئەو کەسانە دا پێک بهێنن کە ئیدی لە خۆیان رانەبینن دەنگی خۆیان بگەیێننە خەڵک.

# پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە تینوی کاوەی ئاسنگەر



ئازادیی کۆمەڵگە
کاردۆ بۆکانی

بە گوێرەی ڕوانگەی باو، مێژووی نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ تینۆی کاوەی ئاسنگەر و ڕاپەڕینی کوردان لە دژی زوڵم و ستەمی زوحاک، بەڵام لە ڕاستیدا، ئەوە تەنیا ئەفسانەیەکە کە لەلایەن هەڵبەستوانی فارسەوە، فردەوسی، داڕێژراوە و، هیچ پێوەندییەکی بە مێژووی نەورۆزەوە نییە. بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان، پاش شکەستدانی ئاشوور و دامەزراندنی ئیمپڕاتووری ماد، زاگرۆس نشینان ئاگریان کردووەتەوە و ئەو سەرکەوتنەیان پیرۆز کردووە. لەو شەڕەدا، «کیاکسار» ڕێبەری مادەکان بووە، نەک کاوەی ئاسنگەر. پتر لەوەش، کیاکسار هاوپەیمانی لەگەڵ پادشای بابل «نابۆ پۆلاسار» بەستووە و، بە دوو قۆڵی هێرشیان کردووەتە سەر پێتەختی ئاشوور: نینەوا. واتە لەو شەڕەدا کەسێکی فارسی تێدا نەبووە بە نێوی «فەرەیدوون» کە فەرماندار و باڵادەستی مادەکان بووبێت. هەڵدانەوەی ئەم ڕاستییە مێژووییە، مژاری ئەم بابەتە کورتە پێکدێنێت.

بەگوێرەی باوکی مێژوو، «هیرۆدۆت»، ئاشوورەکان بۆ ماوەی ٥٢٥ ساڵ بە سەر گشت ئاسیای باکووردا حاکم و خونکار بوون. خونکارێتییەک کە لە گۆڕ زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان بەڕێبازی ئاگروئاسن و کۆمەڵکوژی ساڵانە بەڕێوە چووە. پاش شۆڕشی مادەکان لە دژی ئەو دەسەڵاتە ستەمکارە، بەباوەڕی هیرۆدۆت، گەلانی دیکەی ژێردەستی ئیمپڕاتووری ڕاپەڕیون و خۆیان ڕزگار کردووە. سەرەڕای ئەوەی کە پاش ئەم ڕاپەڕینانە، دەسەڵاتی ئاشوور بە دەورووبەری شاری نینەوا سنووردار بووەتەوە، وێدەچێت کە دەوڵەتی ئاشوور بەردەوام کێشەی بۆ دراوسێکانی دروست کردبێت. جا بەو هۆیە لە ساڵی ٦١٢ی پ.ز، کیاکسار، یەکێک لە سەردارانی ماد، کە بە «هووەخشەترە»ش ناو براوە، لە گەڵ پادشای بابل، نابۆ پۆلاسار، ڕێک کەوتووە و دوو قۆڵی هێرشیان کردووەتە سەر شاری نینەوا، پێتەختی ئاشوور. لەو هێرشەدا، سوپاکانی ماد و بابل بۆ هەمیشە کۆتایی بە دەسەڵاتی ئاشوور دێنن و، پادشای ئاشوور بە نێوی «سین شار ئیشکوون» دەکووژن.

بەباوەڕی مێژوونووسی ڕووسی، «دیاکۆنۆڤ»، ئەوە خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی مادەکاندا. چونکە لە پێشوودا هەتا سوپای هێرشەبەری ئاشوور لێیان نزیک دەبووەوە، مادەکان گوندەکانی خۆیان بەجێ دەهێشت و بەرەو بەرزاییەکان پاشەکشێیان دەکرد. بەڵام لەو ساڵەدا، پاش ئەوەی کیاکسار مادەکانی لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە، هێرشێکی یەکلاییکەرەوەی کردە سەر دوژمن و، لە نێو قەڵاکانیاندا لە ناوی بردن. پاش ئەو سەرکەوتنە، کە لە ڕێکەوتی ٢١ی مارسی ٦١٢ دا بووە، مادەکان ئێمپراتووری خۆیان دادەمەزرێنن و هەموو ساڵێ ئەو ڕۆژە وەکو سەری ساڵی نوێ جەژن دەگرن: نەورۆز. (پاش شکەستەدانی مادەکان لە ساڵی ٥٥٠ی پ. ز، پارسەکان نەورۆز لە مادەکانەوە ڕادەگوازنەوە نێو چاندی خۆیان).

کۆتایی هێنان بە ئێمپڕاتووریی تاپازی ئاشوور، کە ماوەیەکی زۆر بەسەر قوڕنەی ئاسیادا خونکاری کردووە، وێدەچێت بۆ ماوەیەکی زۆر بووبێت بە هێمای قارەمانێتی و هەوێنی شۆڕشی گەلانی ژێردەست. بۆ وێنە، پاش هێرشی عەرەبەکان بۆ هەرێمی «ناوچۆمان» و شکەستدانی دەوڵەتی ئێران، کە لەگەڵ خۆیدا شەپۆلێک لە بەعەرەباندنی گەلانی ناوچەکەی هێناوە، هەستی نەتەویی کەسانێکی بزواندووە. یەکێک لەو کەسانە هەڵبەستوانی بە توانای فارس، فردەوسی، بووە. لەگەڵ بینینی تواندنەوەی چاند و کلتوری فارس، فردەوسی هەوڵ دەدات مێژووێک لە قارەمانێتی و بەرخۆدانی گەلانی ناوچەکە لە دژی دەسەڵاتی دەرەکی وەبیر خوێنەرانی بێنێتەوە و هەستی ڕاپەڕین لە ناخیاندا

بزوێنێت. بەو ئامانجە، هەڵبەستوانی فارس دەگەڕێتەوە بۆ ڕاپەڕینی مادەکان لە دژی ئیمپڕاتووریی ئاشوور کە بەگوێرەی هیرۆدۆت، هێمای سەرهەڵدانی گەلانی ژێردەست بووە لەدژی ستەمی داگیرکەران.  بەڵام بە هۆی ئەوەی کە فردەوسی، لەلایەکەوە هەڵبەستوان بووە نەک مێژوونووس و، لە لایەکی ترەوە، نەتەواژۆیەکی فارس بووە، دیمەنێکی تەواو جیاوازمان لەو ڕاپەڕینە و جەژنی نەورۆز بۆ دادەڕێژێت.

یەکەم: سەرداری مادەکان و دامەزرێنەری ئێمپڕاتووری ماد، کیاکسار، دەکات بە کاوەی ئاسنگەر. بەو پەڕی ڕێزەوە بۆ پیشەی ئاسنگەری، بەڵام ئەم کارەی فردەوسی شێوزاێکە لە «دابەزاندنی مێتۆدیک»، کە لە خۆیدا کێشەیە. بەڵام کاتێک کە دەبێت بە دابەزاندنی «ئەوانیدی» لە پێناو هەڵکێشانی «خۆ»دا، ئەو جار تەواو دەبێتە هەنگاوێکی چەواشەکارانە. بەڵام بۆ دابەزاندنی ئەوانیدی لە پێناو هەڵکێشانی خۆ؟ چونکە لەو ڕاپەڕینەدا کەسێکی فارسی تێدا نەبووە بەنێوی فەرەیدوون، فەرەیدوونێکیش کە وەکو فەرمانداری کاوەی ئاسنگەر دەوری گێڕابێت.

دووهەم: فردەوسی پادشای ئاشوور، سین شار ئیشکوون، دەکات بە زوحاک و دوو ئەژدیهای مرۆڤخۆریش دەخاتە سەرشانی. ئەوە لە کاتێکدایە کە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی لە بەر دەستدا نییە کە باس لە ئەژدیهاکانی سەر شانی سین شار ئیشکوون بکەن. ئەڵبەت لێرەدا شیانی هەیە فردەوسی ویستبێتی دیمەنێک لە ستەمی پادشاکانی ئاشوور بخاتە بەر دەستی خوێنەر. چونکە، هەر وەک باسمان کرد، فردەوسی مێژوونووس یا تیۆریسییەنی ڕامیاری نەبووە. هەڵبەستوانێک بووە کە بە مێتۆدی خۆی و لە ڕوانگەی نەتەوەیی خۆیەوە ڕووداوە مێژووییەکانی داڕشتووەتەوە. جا بۆیە لەم سۆنگەیەوە زۆر جێگای ڕەخنە نییە.

**داڕشتنی ناسنامەی کورددا مژارێکی خۆ لێ لانەدەرە، وەکو ئەفسانەی «ویلیام تێل» لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەیی «سویس»دا**

سێهەم: کاتێک کە سوپاکانی ماد و بابل شاری نینەوایان داگیرکرد، مادەکان ئەو شارە بۆ سوپای بابل «بە جێ دێڵن» و، بەرەو هەرێمە شاخاوییەکان دەگەڕێنەوە. (ئەو کاتەش هەر خەریکی مێرخاسی بوون!). بەڵام کاتێک کە فردەوسی ئەو ڕووداوە دادەڕێژێتەوە، مرۆڤ وا هەست دەکات کە کاوەی ئاسنگەر، واتە کیاکسار، دوودەستی تاج و تەختی پادشایی «پێشکەش» بە فەرەیدوون، واتە نابۆ پۆلاسار، کردبێت. ئەم شێوازە لە داڕشتنەوەی ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ چەواشەکاریی پەتی نییە. چەواشەکاریی پەتی، چونکە هەموو بەڵگە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن کە هەتاساڵی ٥٣٩ی پێش زایین، واتە ٧٣ ساڵ پاش ئەو ڕووداوە، بابل دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە و هیچ ڕنگێکی فارسبوونی پێوە نەبووە. (لە ساڵی ٥٣٩ی پێش زاییندا، کوروش شاری بابل دەگرێت، بەڵام بە پێچەوانەی مادەکان کە لە نینەوا پاشەکشێیان کرد، ئەو پاشەکشێ ناکات و شارەکە دەخاتە سەر ئیمپڕاتووری پارس).

بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە کە چۆن ئەم نەزیلەیە هاتووەتە نێو مێژوو و وتاری ڕامیاریی کوردەوە و، باڵی بەسەر ناسنامەی نەتەوەیی ئێمەدا کێشاوە. یەکەم کەسی کورد کە تینۆی کاوەی گوازتەوە «شەڕەفخانی بیدلیسی»، میری بیدلیس بووە. بەڵام لەوەش گرنگتر، شەڕەفخان ڕەگەزی کوردی بۆ ئەو لاوانە گێڕاوەتەوە کە چێشتکەری زوحاک لە باتی مێشکی ئەوان، مێشکی مەڕی داوە بە زوحاک و، ئەو لاوانەش خۆیان لە شاخەکاندا شاردووەتەوە و پاشان نەتەوەی کوردیان پێکهیناوە.  واتە بەگوێرەی ئەم نەزیلەیە، مێژووی ئەو کەسانەی کە ئێستا بە «گەلی کورد» ناسراون هەمووی ٢٦٣٨ ساڵە. ئەوە لە کاتێکدایە کە لێکۆڵینەوە شوێنەوارناسییەکان هەموو لە سەر ئەوە کۆکن کە زاگرۆس نشینانی باکووری ناوچۆمان ٩٠٠٠ ساڵ پێش زایین، بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، شۆڕشی کشتوکاڵیان کردووە.

شەڕەفخان لە سەدەی شازدەی زاییندا ژیاوە و، سەرەڕای ئەوەی کە لە هەردوو دەرباری پادشای ئێران و سوڵتانی عوسمانیدا کاری کردووە، بەڵام وێدەچێت دەستی بە سەرچاوەی پێویست نەگەیشتبێت هەتا ڕاستییەکان دەربخات. بەڵام ئەوەی کە جێگای ڕەخنە و سەرسووڕمانە ئەوەیە کە بۆچی دەبێت لە سەدەی بیست و یەکەمدا، کە بە سەدەی زانست‌وتێکنیک ناسراوە، هیچ هەوڵدانێکی قایم نەکرابێت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم چەواشەکارییە؟ ئەگەر ئەفسانەی کاوە لە داڕشتنی ناسنامەی کورددا مژارێکی خۆ لێ لانەدەرە، وەکو ئەفسانەی «ویلیام تێل» لە داڕشتنی ناسنامەی نەتەوەیی «سویس»دا، مرۆڤ دەتوانێت بیرێکی دیکەی لێ بکاتەوە، بەڵام ئەگەر نا، ئەو کات مانەوەی ئەم چیرۆکە لە نێو وتاری نەتەوەیی کورددا

پاشقول لە خۆدانە و بەس.

ئەگەر چاوێک لە کۆمەڵگەکانی سویس بکەین، دەبینین ئەفسانەی ویلیام تێلی ئەوان زۆر هاوشێوەی کاوەی ئاسنگەرە. ئەڵبەت بە پێچەوانەی کاوە، کە لەلایەن «ئەوانی دی»یەوە بۆ کورد دارێژراوە، سویسییەکان بەدەستی خۆیان ئەو ئەفسانەیان دارشت. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە هیچ شتێکی هاوبەشیان نەبوو لەسەر پانتای راستەقینە کە تێیدا یەک بگرن: نە زمانی هاوبەشیان هەبوو، نە چاندی هاوبەش و نە مێژووی هاوبەش. چونکە بەسەر زمانەکانی ئاڵمانی، فەڕانسەوی، ئیتالیایی و ڕۆمانسکدا دابەش بوون و، ئاخافتوانانی هەریەک لەو زمانانەش پێکهاتوون لە ئایینەکانی کاتۆلیک و پرۆتێستان. لە لایەکی ترەوە، نیشتمانی سویس بەسەر ٢٦ کانتۆنی جیاوازدا دابەشە، کە هەر یەک لەو کانتۆنانە داب و نەریت و زاگۆنی خۆی هەیە. بەو چەشنە، نەبوونی جومگەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی لە سەر پانتای راستەقینە، سویسییەکانی مەجبور بە پەنابردن کرد بۆ دونیای ئەفسانە و هێماکان، کە لەوێدا پێکهاتەیەکی هاوبەش دارێژن: نەزیلەی ویلیام تێل.

لە راستیدا، ئەوە گرنگی هێما و سیمبول دەردەخات. نیشانی دەدات کە چۆن لە هەندێک شوێندا، پێکهاتە هێمایی و دارێژراوەکان لە فاکتە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزترن. هۆیەکەشی لەبەرچاوە. چونکە پێکهاتە دارێژراوەکان بوونێکی بابەتییان نەبووە، یان بە وتەیەکی تر، چونکە «سەربەخۆ لە کات و شوێن» هەن: بە درێژایی مێژوو، لە دەرەوەی کات و شوێندا، مرۆڤەکان دەتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە. بەڵام بە پێچەوانە، چونکە فاکەتە کۆمەڵایەتییەکان بوونی بابەتییان هەیە و هەن، کەسانێک دەبن کە لە هەندێک شوێندا پەسەندی ناکەن و، لە هەندێک کاتیشدا، نکوڵیشیان لێ دەکەن تەنانەت. بەڵام ئەگەر رووناکبیر شتە راستەقینەکان نەبینێت و بۆ کۆمەڵگەی رووماڵ نەکات، ئەدی ئەرکی رووناکبیر چییە؟

پێش ئەوەی بابەتەکە تەواو بکەین، پێویستە ئاماژە بە جیاوازییەکی تری نێوان ئەفسانەی ویلیام تێل و کاوەی ئاسنگەر بکەین؛ بێجگە لەو جیاوازییەی کە ئەوەی یەکم لە لایەن خۆ و ئەوەی دووهەم لە لایەن ئەوانیدیەوە دارێژراون. کاتێک کە دەڕوانینە مێژووی سویس، دەبینین کە کۆمەڵگەکانی ئەو وڵاتە بەباشی خۆیان ناسی، زانیان کە هیچ شتێکی هاوبەشیان نییە لەسەر پانتای راستەقینە؛ ویلیام تێلیان دارشت هەتا لە دەوری وی کۆببنەوە و، لە هەمبەر هێزی دەرەکیدا یەک بگرن. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە گەلی کورد خاوەن نیشتمان، زمان، چاند، مێژووی هاوبەش و، تەنانەت رووداوی راستەقینەی نەورۆزە، بەڵام ئەفسانەیەک گەورە دەکاتەوە کە ئەوانیدی بۆیان دارشتووە و، تێیدا خۆیان وەکو باڵادەست و فەرماندە تێخستووە و، ئەویشیان وەکو ژێردەست و سەرباز بچووک کردووەتەوە. جا سەیرەکەی لەوەدایە کاتێک کە کورد بە شانازییەوە تینۆی کاوە دەگێڕێتەوە، بەشەکەی فەرەیدوون دەقرتێنێت. کاتێکیش کە فارسەکان بە ڕووداوەکەدا دەچنەوە، فەرەیدوون گەورە دەکەنەوە و رەخنەی کورد دەکەن لە مەڕ خۆ لادان لە فەرەیدوون و دەوری فارمانداری فارسەکان.

بە بۆچوونی من، ئەوە یەکێک لەو بەڵگانەیە کە گوزارە لە خۆ نەناسینی کورد دەکات وەکو نەتەوە. چونکە ئەگەر کورد خۆی ناسیبایە و شارەزایی بەسەر مێژووی خۆیدا هەبایە، لە بری زەق کردنەوەی جومگەکانی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی، بۆ چوارچێوەیەک نەدەگەڕا کە خۆی تێدا پێناسە بکاتەوە، ئەویش چوارچێوەیەک کە نەتەواژۆیەکی فارس بۆی دارشتووە. بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە: ئەدی هەتا تۆ خۆت نەناسی و سنوورەکانی خۆت لەگەڵ ئەوانیدی دا دیاری نەکەی، چاوەڕێی چی لە ئەوانیدی دەکەی کە بڵێن ئەوە سنوورەکانی تۆن و ئێمە دانی پێدادەنێین و ڕێزمان بۆی هەیە؟

بە باوەڕی من، یەکێک لە کێشە سەرەکیەکانی گەلی کورد خۆ نەناسینە وەکو نەتەوە. ئەم کێشەیەش یەکێک لەو هۆکارانەیە کە هەتا ئێستا بووەتە هۆی نکوڵیکردن لە گەلی ئێمە وەکو پێکهاتەیەکی جیاوازی نەتەوەیی، هەم لەلایەن وڵاتانی دراوسێ و هەمیش لەلایەن دونیای دەرەوە. چونکە تۆ چەندە خۆت بناسی، هەر ئەوەندەش، دانت پێدادەنرێ؛ تۆ چۆن خۆت بناسی، هەر ئاواش، دانت پێدادەنرێ.

مژاری نەورۆز و چۆنییەتی راپەڕینی مادەکان تەنیا بابەتێک نییە کە سەلمێنەری خۆ نەناسینی کوردە وەکو نەتەوە. بابەتی دیکە زۆرن کە هەموو گوزارە لەو راستییە دەکەن و راڤە کردنیان مژاری ئەم بابەتە نییە. سەرشاخ بوونەوەی کورد لەگەڵ دونیای سەرمایەداری تەنیا یەک وێنەی دیکەی ئەم راستییەیە. چونکە ئەگەر کورد خۆی ناسیبایە و بیزانیبایە چەندەی هێز هەیە و کەماسییەکانی چین، خۆی لە قەرەی کارێک نەدەدا کە بە یەکێتی سۆڤییەت و چین و ڤێێتنام نەکرا. جا بۆیە لە کۆتاییدا دەڵێین:

برۆ خۆت بناسە ئەی نەتەوەی کورد،
هەتا وەکو نەتەوە، دانت پێدابنرێت.
نە وەک خێڵ و پاسەوانانی سەر سنوور!

# چەپی ئیسپانیا ، ئەزمونێك بۆ هاوڕێیان



ئازادیی كۆمەڵگە
عەلی مەحمود محەمەد

له ساڵی ١٩٣٦ تا ١٩٣٩، له نزیك ٥٠ وڵاته‌وه گه‌نجانی كۆمۆنیست و ماركسی و ئاناركیستی و ئازادیخواز سه‌فه‌ری شۆڕشیان كرد و چوونه ئیسپانیا، لیوا سووره نێونه‌ته‌وه‌ییه‌كانیان پێك هێنا، ئێستا له كاردانه‌وه‌ی ئه‌و هاوكارییه جیهانییه، چه‌پی ئیسپانیا بۆته ئیلهام بۆ لیواكانی دادپه‌روه‌ری و ئازادی له جیهاندا، نموونه رازیم(ده‌توانین به پۆڵه‌ندی) حیزبێكی ده‌سته خوشكی پۆدیمۆسه له پۆڵه‌ندا، ماوه‌ی رابردوو له كاتێك كۆنگره‌یان ده‌به‌ست، لاوه‌كان له سه‌ر كورسیه‌كانیان دابه‌زیبوونه سه‌ر زه‌وی بۆ گفتوگۆ گه‌رموگوڕه‌كانیان لاقیان له‌به‌رده‌م سه‌ركرده‌كانیان راكێشابوو به دیار لاپتۆپه‌كانیانه‌وه گرمۆڵه ببون، نموونه‌یه‌كی باڵای رۆمانسی سیاسیان نمایش ده‌كرد، ئه‌وان قودسیه‌تی نموونه‌ی باڵای سیاسیه‌كانیان تێك شكاند، نمونه‌یه‌كی سیاسی ساده‌ی پڕ له یه‌كسانی سیاسه‌تكردنیان به‌رهه‌م هێنا، حیزبی بێ وته‌بێژو سه‌رۆك، خه‌رجكردنی بودجه‌ی حیزبه‌كه‌یان بۆ لێقه‌وماوان، داواكاری نابێت مووچه‌ی په‌رله‌مانتار له ٣ جاری لانی كه‌می كرێ زیاتر بێت، به‌شداری هه‌موو ئه‌ندامانی حیزب له گفتوگۆكانی كۆنگره له رێگای تۆڕه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان،...... هه‌موو ئه‌مانه ئیلهامه‌كه‌ی له‌و كۆنگره حیزبییه گشتیانه‌وه هات كه له شه‌قامه پان و به‌رینه‌كانی مه‌دریدو به‌رشه‌لۆنه به به‌رچاوی خه‌ڵك و كه‌ناڵه‌كانی راگه‌یاندنه‌وه ئه‌نجامدران.

نازانم هیچ كوردێك به‌شداری لیوا سووره‌كانی ئیسپانیایان كردووه یان نا ؟، ئه‌و شانازییه پشكێكی به‌ر كورد و پێك هاته‌كانی دیكه‌ی كوردستان ده‌كه‌وێت یان نا؟، وه‌ڵێ ده‌كرێت ئه‌ورۆ به‌شداری له ده‌ستكه‌وته سیاسیه‌كانی چه‌پی ئیسپانی بكه‌ین له بواری خۆ رێكخستنی حیزبی و دیموكراسی راسته‌وخۆ له ناو حیزبه ده‌سته خوشكه‌كانی ئیسپانیا، كه نه‌وه‌ی به‌تالیۆنه سووره‌كانی دوێنێن.

له سه‌روبه‌ندێكدا بیرنه‌ر سانده‌رز كاندیدی سۆسیالستخوای پۆستی سه‌رۆك كۆماری ئه‌مه‌ریكا داوای سنور دانان بۆ به‌خششه‌كان و گۆڕینی سیسته‌می ده‌نگدان له ناو حیزبی دیموكرات ده‌كات به‌وه‌ی كۆتایی به ده‌نگدانی ده‌نگده‌رانی تایبه‌تی باڵا بێت كه ژماره‌یان نزیك ٥٠٠ كه‌سه و ٢٥٪ی ده‌نگده‌ران پێك ده‌هێنن، له كاتێكدا كه‌س ئه‌وانی هه‌ڵنه‌بژاردووه‌و به‌شێوه‌ی بیروكراتیانه ره‌وتی ده‌نگدانه‌كان یه‌كلا ده‌كه‌نه‌وه، له‌لایه‌كی دیكه‌وه، وۆڵ ستریت به به‌خششه زۆرو زه‌به‌نه‌كانیان هه‌میشه رۆڵیان هه‌بووه له دیاریكردنی كورسی سه‌رۆك له وڵاتدا، له‌لایه‌كی دیكه‌وه راپرسیه‌كان ده‌ریده‌خه‌ن كه ٧١٪ی هاووڵاتیانی ئه‌مه‌ریكا پێیان وایه نا دادپه‌روه‌ری هه‌یه له هه‌ڵبژاردنی كاندیده‌كان بۆ پۆستی سه‌رۆك كۆماری وڵات له ریزی دوو پارته ده‌سه‌ڵاتداره‌كه‌ی ئه‌مه‌ریكا، زۆرینه له گه‌ڵ ئه‌وه‌ن كاندیدان راسته‌وخۆ هه‌ڵبژێردرێن، نه‌ك به‌م هه‌موو پرۆسه بیروكراتیه‌دا بڕوات، بۆیه ناكرێت ئه‌و پرسیاره دووباره بكه‌ینه‌وه كه سه‌رمایه‌داری و سیسته‌مه‌كه‌ی ناتوانێت دیموكراسی بێت وه‌ك خۆی ئیدعا ده‌كات، بۆ ده‌بێت سه‌رۆك هه‌ر له‌م دوو پارته‌وه به نۆره هه‌ڵبژێردرێت؟، ئه‌مه ته‌واوی كایه‌ی دیموكراسیه‌تی بۆرژوازییه‌ت

دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

لای خۆشمان ئەوانەی ئیدعایان دەکرد، تەنها دوو خول خۆیان بۆ پۆستی سەرۆک پارتەکەیان کاندید دەکەن و گوایە داهێنانیان کردووە لە ژیانی حیزبیدا، کە لە راستیدا زۆر لە دواوەن لە دیموکراسیەتی حیزبی، دەیان ساڵە ژیانی حیزبی ئەم تەرزەی لە دیموکراسی ناوخۆیی حیزبی بەجێ هێشتووە، کەچی لەوەندە کەمەش پەشیمان بوونەوە، ئەنجامدانی کۆنفرانس و کۆنگرە دوای ٤ ساڵ بە دەسکەوت دەفرۆشنەوە، لە کاتێك ئەمڕۆ نەك ئەندامانی کۆنگرە بگرە سەرجەم ئەندامانی پارت لە ناو بەشێکی زۆر لە پارتە سیاسیەکان بەشداری هەڵبژاردنی سەرۆکی حیزبە کەن و کۆنگرەی کراوە ئەنجامەدەن، ئەوە ئەرکی چەپەکانە نموونەیەکی باڵاتر لە دیموکراسی ناوخۆی حیزبی و کۆمەڵایەتی پێشکەش بکات بە مرۆڤایەتی، چونکە تەنها ئەوان لە گەڵ دیموکراسیەتی راستەوخۆی سیاسی و ئابوریدان و خەبات بۆ دیموکراتیەکی راستەوخۆی کۆمەڵایەتی و سۆسیالستی دەکەن، لەم چوار چێوەیەدا دەبینین چەپی ئیسپانی نموونەیەکی باڵا لە بوونی دیموکراسی راستەوخۆ لە بڕیار و هەڵبژاردنە ناوخۆیەکان پێشکەش دەکات.

٥ ساڵ لەمەوپێش لە گۆڕەپانەکانی مەدرید، گەنجان ڕژانە سەر شەقامەکان و داوای دیموکراسیەتی راستەوخۆو دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەروەت و سامانیان کرد، لە شارو شارۆچکەکانیش بەرەو رووی ئەو پۆلیسانە بوونەوە کە دەیانەویست هاووڵاتیانی هەژار لە خانووەکان دەربکەن بەهۆی نەدانی قستی خانووەکانیانەوە، وردە وردە لە هەناوی ئەم بزووتنەوە نارەزایەتییەوە بزووتنەوەیەکی سیاسی بەرفراوان لە دایك بوو.

یەکێك لەو گەنجانە لەناو ئەو لەشکرە گەنجە لە دوایدا بەرجەستە بوو، پێشکەشکارێکی تەلەفزیۆنی لێهاتوو و کادیرێکی قوتابی شیوعی و مامۆستای زانستە سیاسیەکانی زانکۆ، هەموو کات بڵندگۆ بە ملیەوە، شەقامەکانی ئیسپانیای بە پێیەکانی تەی دەکرد بۆ گەیاندنی بانگەوازەکەی، بە بێدەنگی و بە سادەیی بڵندگۆکەی بۆ قسەکەرانی رادەگرت تا پەیامەکانی خۆیان بگەیەنن، ئیتر ئەوانە بێکارێك بوونایە، یان سیاسیەکی دیار، جیاوازی ناکرد، ئەو گەنجە رۆح سوك و خۆنەویستە ناوی بابلۆ ئیغلیسیاس بوو، دوایی ٣ ساڵ بووە یەکێك لە سەرکردەو ئەکتەرە قسە رۆیشتووەکانی ئەو وڵاتە، ئەمڕۆ سەرکردایەتی ٢ حکومەتی ناوچەیی لە شارە هەرە گەورەو پڕ حەشاماتەکانی وڵاتەکەی ئەویش مەدریدی پایتەخت و بەرشەلۆنەیە دەکات و بێ ئۆکەی ئەو حکومەتی ناوەندیش پێك نایات.

> **لە ناو ئاپۆڕای ئەو چەپڵە ڕێزانەوە لیستی یەکگرتووانە دەتوانین لە دایك دەبێت**

• چی کرد بۆ کۆکردنەوەی دەنگەکان:

لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان، لە ژینگەیەکی شۆڕشگێڕانە پڕ حەماسیدا بە بەشداری سەرکردەی پێشووی حیزبی شیوعی ئیسپانی خۆلیۆ ئەنگویتە، بابلۆ ئیغلیساس هەرچەندە حیزبەکەی ٥٥٠٪ زیاتری دەنگەکەی لیستەکەی ئەوانی هێناوەتەوە، وەلێ بە قورگی پڕ گریانەوە بەرەو پیری دەچێت و لە باوەشی دەگرێت، چەپڵە بە دوایدا هۆڵەکە دەلەرێنێتەوە، چەپڵە لێدانێك هێزێکی زیاتر لەو چرکە ساتەوە دەبەخشێتە چەپ، لە ناو ئاپۆڕای ئەو چەپڵە رێزانەوە لیستی یەکگرتووانە دەتوانین لە دایك دەبێت.

بەڵێ لە ٩ی ئایار کۆبونەوەکە کرا، هاوپەیمانی (( یەکگرتووانە دەتوانین )) پێکهات، بەسەرکردایەتی سیاسیە گەنجەکە، کە ناوەڕۆکی بەرنامەکەی لە ٥٠ خاڵدا خۆی دەبینێتەوە، بەرنامەکە تەژیە لە دەستەواژەی خەبات بۆ دیموکراسی کۆمەڵایەتی، کەمکردنەوەی نایەکسانی، راپرسی و مافی چارەنووس، دەوڵەتی کۆماری....، جیاوازی ئەوان لە گەڵ پارتەکانی ئێمە ئەوەیە لە کاتی دابەشکردنی کێکی حکومەت ئەو خاڵانە بڕیارە دەن نەك قەبارەی پارچە کێکەکە وەریدەگرن.

وشەی یەکەم بۆ ناوی هاوپەیمانیەتیەکە لە یەکێتی چەپ (شیوعی- سەوز) ەوە هاتووە، دووەمیش لە پۆدیمۆس (دەتوانین) ەوە هاتووە، ئەوەی گرنگە چۆن یەکگرتووانە دەتوانن لە دوای

٢٦ی یۆنی کاریگەرتر بن لەمڕۆ و ئەگەریش نەچوونە دەسەڵاتەوە ئەوا ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی حکومەت بن، لە وڵاتێك چوارەم هێزی ئابووری ئەوروپایە، داهاتی نەتەوەیی نزیکە لە داهاتی نەتەوەیی هەموو وڵاتانی عەرەبی، کاریگەری ئۆپۆزسیۆنی بەهێز لە زۆر حاڵەتی سیاسیدا بەتایبەت لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا کاریگەرترە لە دەسەڵات، چونکە دەتوانێت پەلکێشی حکومەت بکات بۆ ملکەچی بەرنامەکەی، یان هەنگاوەکانی ئەو سڕ بکات و جوڵەی لێبخات، وەك لە ئیسپانیا کرا.

بەم یەککگرتنە لیستی یەککگرتووانە دەتوانین بەهۆی یاسای هەڵبژاردنەوە دەتوانێت ژمارەی کورسیەکانی ئەگەر دەنگی رابردووش بهێننەوە، ١٨ کورسی زیاتر لە جاری پێشوو کە ٧١ کورسییە بهێننەوە لە کۆی ٣٥٠ کورسی پەرلەمانی وڵات، بەهۆی یاسای نا دیمکراسی هەڵبژاردن لە ئیسپانیا لە هەڵبژاردنی رابردوو ئەو کورسیانەیان لە دەست دا.

- هاوپەیمانی یەککگرتوانە دەتوانین لە کێ پێك هاتووە :

ئەم هاوپەیمانیەتیە لە ٣ پارتی نیشتمانی (پۆدیمۆس، یەکێتی چەپ»شیوعی، سەوز»،پارتی Equo کە لە ریزی پارتە سەوزەکانی ئەوروپایە ) هاوکات ١٠ پارتی چەپی هەرێمی بە ناوەکانی (( UPeC)، (CLIAS)،) (Democracia Participativa)، (PUM+J) in Madrid، (Més) ، (ZEC) ، (Batzarre) ، (IzCa) ، ((IAS )) و ٤ هاوپەیمانی هەرێمی En Comú Podem) in Catalonia،))) Compromís–Podemos–EUPV (A la valenciana)، In Tide (Podemos–En Marea–Anova–EU) in Galicia، (Ahora Alto ((Aragón en Común) in Huesca پێك هاتووە.

لە هەڵبژاردنی دیسەمبەری ٢٠١٥ ی رابردوودا، جگە لە هەرێمی باسك کە متمانەی خۆی بەخشیە هێزە نەتەوەییە ناوچەییەکە، لە هەموو ناوچە نەتەوەییەکان دیکە، هاووڵاتیان متمانەیان بە چەپەکان دا بە کەتەلۆنیاشەوە، لیستی چەپەکان پارتی یەکەمی هەرێمەکان بوون، ئەوانیش شێلگیرانە داکۆکیان لە مافی چارەنوسی ئەو گەلانە کرد و نەیان هێشت دەنگەکانیان بە فیڕۆ بڕوات، خاڵێك کە هۆکاری ئەوە بوو حکومەتی ئیتلافی لە گەڵ پارتی سۆسیالست پێك نەیات، رازی نەبوونی بوو بە ئەنجامدانی راپرسی وەك هەنگاو بەرەو بە پراتیك کردنی مافی چارەی خۆنوسین لەو هەرێمانە. بۆرجوازی ئیسپانی دەترسان پەتای کەتەلۆنیای هەرێمەکانی دیکەش بگرێتەوە.

- هێزی پێکەوە دەتوانین:

لە هەڵبژاردنی مانگی دیسەمبەری ٢٠١٥دا ، پارتی گەلی دەسەڵاتداری راستگەرا ٧،٢٣٦،٩٦٥ دەنگ، کە دەیکردە ٢٨،٧١٪ی دەنگەکان و ١٢٣ کورسی هێنایەوە، پارتی سۆسیالستی کرێکاری ٥،٥٤٥،٣١٥ دەنگ، کە دەیکردە ٢٢،٠٠٪ی دەنگەکان و ٩٠ کورسی هێنایەوە، پۆدیمۆس ٥،٢١٢،٧١١ دەنگ، کە دەیکردە ٢٠،٦٨٪ی دەنگەکان و ٦٩ کورسی هێنایەوە، لیستی یەکێتی چەپ ٩٢٦،٧٨٣ دەنگ و ٣،٦٨٪ی دەنگەکان و ٢ کورسی هێنایەوە، (Més) ٣٣،٨٧٧ دەنگ و ٠،١٣٪ی دەنگەکان و هیچ کورسی هێنایەوە ...

### لیستی هاوبەشی چەپەکان وێڕای کەمی دەنگەکانی وەلێ گرنگی مەعنەوی هەیە

پۆدیمۆس و بەرەی چەپ و ماس خۆیان لە ریزی لیستی «یەککگرتوانە دەتوانین»ن، لەناو هێزە چەپە جدییەکان تەنها پارتی کۆمۆنیستی گەلی ئیسپانی بەشدار نیە لە لیستەکە، کە لە هەڵبژاردنی رابردوودا ٣١١٧٩ دەنگ و ٠،١٢٪ی دەنگەکان و هیچ کورسی هێناوەتەوە، دابڕانی لە لیستی هاوبەشی چەپەکان وێڕای کەمی دەنگەکانی وەلێ گرنگی مەعنەوی هەیە، بەمەش لەم هەڵبژاردنەدا لیستەکە ناتوانێت کەڵك لە وزەی کادیر و هەڵسوڕاوانی و دەنگەکانی ببینێت، ئەمە وێڕای لەلای گروپێك پرسیار لەسەر رەوایەتی لیستەکە دروست دەکات وەك نوێنەرایەتی سەرجەم چەپی ئیسپانی.

لە هەڵبژاردنی رابردوو جگە لە دەنگی ئەو لایەنە هەرێمیانەی بەشداری کەمپەینی هەڵبژاردنی لایەنە بەشداربووەکانی پێکهێنەرەکانی لیستەکەیان کردبوو، لیستەکە ٦،١٧٣،٣٧١ دەنگی هێنابووەوە، واتا دووەم لیستی براوەی هەڵبژاردنەکە بوون، کە ١٠٦٣٥٩٤ دەنگ کەمتر

لە لیستی پارتی گەلی دەسەڵاتداری راستگەرای هێناوەتەوە، وە ٦٢٨٠٥٦ دەنگ زیاتری لە براوەی دووەم کە پارتی سۆسیالستی کرێکارییەی هێناوەتەوە.

ئەم یەکگرتنە وێڕای ئەوەی چەپی ریشەیی دەکاتە هێزی دووەمی وڵات هاوکات هیوایەکی زیاتر دەدات بە چەپی جدی رۆڵی کاریگەرانەتر ببینێت و شوێن بە چەپی ناوەندی سازشکار (سۆسیالست) چۆڵ بکات

### هەڵبژاردنی پێشوو حیزبی شیوعی داوای لیستی بەرەی گەلی یەکگرتووی کرد لە سەر ئاستی نیشتمانی

لە نەخشەی سیاسی وڵات، هاوکات وەك ئیدعای سەرۆکایەتی چەپیش رەوایەتی بۆ سۆسیالست نامێنێتەوە، بەڵکو لە دوای ٢٦ی یۆنییەوە ئیتر سەرۆکایەتی چەپ بۆ یەکەمجار «لیستی یەکگرتوانە» پێکدێنێت لە ئیسپانیا.

• بەشداری هەمووان لە دەنگدانەکان:

هەردوو لایەنی سەرەکی پێکهێنەری لیستی یەکگرتوانە دەتوانین، پێش ئەنجامدانی هاوپەیمانیەتیەکە راپرسی گشتیان لە ریزی لایەنەکەی خۆیان ئەنجامداوە، بۆ ئەوەی سەرجەم ئەندامان بەشداری لە بڕیارەکان بکەن، ئەوان نەك تەنها بۆ ئەم هاوپەیمانیەتیە، بەڵکو بۆ هەموو بڕیارە گرنگەکانی خۆیان، ئەوەی پەیوەست بەهەڵبژاردن و حوکمڕانی و هاوپەیمانییەوە هەیە، تەنانەت بۆ پەسەند کردنی بەرنامەی هەڵبژاردن و سەرجەم بڕیار و کاروبارە گەورەکان دەگەڕێنەوە بۆ را وەرگرتنی سەرجەم ئەندامان لە رێگای راپرسی گشتییەوە کە سەرجەم ئەندامان تێیدا بەشدار دەبن.

لیستی چەپی یەکگرتوو، بۆ ئەنجامدانی هاوپەیمانی لە گەڵ پۆدیمۆس، ٢٠ هەزار ئەندامی لە کۆی ٧١٥٧٨ ئەندامی بەرەکە بەشداری دەنگدانەکەیان کرد، لە ئاکامدا ٨٤،٥٪ی دەنگدەران دەنگیان بۆ هاوپەیمانیەتیەکە دا لەگەڵ پۆدیمۆس، ١٣،١٪ ەش دژ و ٢،٤٪یش دەنگیان بە سپی دا.

ئەوەی شایانی باسە لە هەڵبژاردنی پێشووشدا، لیستی چەپی یەکگرتوو پێشنیاری هاوپەیمانیەتی کرد لە گەڵ پۆدیمۆس، وەڵێ ئەوان رەتیان کردەوە، تەنها لە هەندێك هەرێم وەك کەتەلۆنیاو گالیکا لیستی هاوبەشیان دروست کرد.

ئەلبەرتۆ غارسۆن وتەبێژی چەپی یەکگرتوو رایگەیاند ئێمە هەمیشە لە گەڵ لیستێکی چەپی یەکگرتووین لەسەر ئاستی نیشتمانی، لە هەڵبژاردنی پێشوو حیزبی شیوعی داوای لیستی بەرەی گەلی یەکگرتووی کرد لە سەر ئاستی نیشتمانی، نەك تەنها دوو هەرێمی کەتەلۆنیا و غالیکیا، کە بە هۆی نەبوونی ئەو بەرەیەوە ١٨ کورسیان لە دەستدا.

هەرچی پۆدیمۆسە، لە ١٤ بۆ ١٦ی نیسان راپرسی لە ریزی ئەندامانیدا ئەنجامدا، کە ١٤٩٥١٣ ئەندام تیایدا بەشدار بوون لە کۆی ٣٩٣٥٣٨ ئەندام (لە ئێستادا ٤٢٦٩٢٧ ئەندامی هەیە) کە دەیکردە ٣٧٪ی کۆی ئەندامان، ٩١،٧٩٪ی دەنگدەران پشتیوانیان لە پێك هێنانی حکومەتی گۆڕانکاری کرد لە گەڵ لیستی چەپی یەکگرتوو.

هاوکات ٨٨،٢٣٪ی ئەندامانی بەشدار بوو لە راپرسییەکە دژ بە پشتیوانیکردنی حیزب بوون لە حکومەتی هاوپەیمانی سۆسیالست و سیدانۆسی راستگەرا.

ئەوەی شایانی باسە، لیستێکی ٢٥ کەسی، کاندیدانی لیستی یەکگرتووانە دەتوانین دیاری دەکات، دواتر جارێکی دیکە لە راپرسی گشتیدا، بەرنامەی هەڵبژاردن و کاندیدەکان دەنگیان لەسەر دەدرێتەوە، هەموو کاندیدەکان لە ناوچەکانی خۆیان بە راپرسی ئەندامانی حیزبەکان دیاری دەکرێن.

ئەم تەرزە لە مومارەسەی راستەوخۆی دیموکراسی ، تەنانەت لە ژیانی حیزبیش رەنگەداتەوە، بابلۆ ئیلیغساس لە ١٨ و ١٩ ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤، بە دەنگدانی ٥٥ هەزار ئەندام لە کۆی ١٠٠هەزار ئەندامی ئەوکاتی پۆدیمۆس لیستەکەی بە هێنانی ٨٨،٦٪ی دەنگەکان بردیەوەو بووە کەسی یەکەمی پارتەکەی.

لایەنێکی دیکە لە چەپی ئیسپانیا کە شایانی هەڵوێستە لەسەر کردنە، لیستی یەکێتی گەلە لە کەتەلۆنیا ( Popular Unity Candidacy-cup ) کە لە ساڵی ١٩٨٦ دامەزراوە، تەنها بەشداری هەڵبژاردنی هەرێمی کەتەلۆنیا دەکات، لە هەڵبژاردنی

ئیسپانیا بەهۆی باوەڕ بوونی بە سەربەخۆیی کەتەلۆنیاوە بەشداری ناکات، ئەمانیش لە کۆبونەوەی گشتی بڕیارەکانی خۆی دەدات، لە هەڵبژاردنی کەتەلۆنیا لە ساڵی ٢٠١٢، بە بەشداری ٦٥٠ ئەندام کۆبونەوەی گشتی ئەنجامدرا لە هەوایەکی ئازاددا ، بە ڕێژەی ٧٧٪ بڕیاری دا بەشداری هەڵبژاردنەکە بکات.

لە ٢٧ی دیسەمبەری ٢٠١٥ دوا کات بوو بۆ پێکهێنانی حکومەتی کەتەلۆنی، هەفتەی پێشوتر لە دەنگدانێکی گشتیدا، ١٥١٥ بە ١٥١٥ کوب نەیتوانی بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات بۆ بەشداری یان پشتیوانی لە حکومەتی کەتەلۆنی بە سەرۆکایەتی سەرەك وەزیرانی ڕاستگەرای پێشووی کەتەلۆنیا ئەرتۆر ماس، بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی تەقەشوفی ئابورییەوە لە کابینەی پێشوو لە هەرێمی کەتەلۆنیا، بۆیە خەریك بوو دووبارە لە هەرێمەکە هەڵبژاردن بکرێتەوە، وەلێ لە دوا کاتدا، بەجیاوازی دەنگێك بڕیاری پشتیوانی لە حکومەتی دا بەمەرجی گۆڕینی سەرۆك وەزیران و پشتیوانی کۆمەڵایەتی لە دەستەنگانی کەتەلۆنیا، بۆیە لە ٤ یەنایەر ماس گۆڕا بۆ ئەتۆنیۆ بانۆس، ئەوجا کوب دەنگی دا بە کابینەکە، لیستی پێکەوە لە پێناو بەڵێ ٦٢ کورسی لە کۆی ١٣٥ کورسی لە پەرلەمانی هەرێمەکەی هێنابووەوە، کە لە هاوپەیمانی چەپ و ڕاستی نەتەوەیی کەتەلۆنی پێك دەهات، بێ بەشداری کوب نایتوانی حکومەتی هەرێمی پێك بهێنێت، کوب ١٠ کورسی هێنایەوە لە هەڵبژاردنی ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ ەدا، ڕۆڵی مەلیکی دەگێڕا لە یەکلاکردنەوەی پارسەنگی هێزەکان .

واتا کوب پشتیوانی لە حکومەتی

> **چەپ ململانێی بۆرجوازی کوردستان لە سەرجەم هەڵبژاردنەکان بۆ هەموو پۆستەکان بکات**

کەتەلۆنی بەستەوە بە بەرنامە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانەوە، نەك پشتیوانییەکی کوێرانە لە پرسە نەتەوەییەکان.

• کۆی ئەزموونەکان بۆ چەپەکانی کوردستان:

لە کۆی ئەوەی لێرەدا باسمان کردن لە ئەزموونی چەپی ئیسپانیاوە، دەشێت کۆمەڵێك ئەزمون هەڵێنجین ببێتە ڕێنیشاندەر بۆ چەپەکانی کوردستان، چەپی کوردستان پێویستە ئەزموونی چەپی جیهان بە بەشێك لە ئەزموونی خۆیان و دەسکەوت و پێشکەوتنەکانیان لە گۆڕەپانی تێکۆشان و ژیانی حیزبیدا بە دەستکەوتی خۆیان بزانن و خاوەندارێتی لێ بکەن، وەك چۆن قوتابخانە جیاجیاکانی بۆرجوازی کوردی دەیکەن.

١- گرنگە چەپەکان لە لیستێکی بەرفراواندا کۆببنەوە، بۆ ئەمەش ڕاپرسی لە ریزی ئەندامان‌دا بکرێت.

٢- دەکرێت چەپەکان دەستپێشخەربن لە دیموکراسی حیزبی، کاتی دیاریکردنی سکرتێر لە ڕێگای چەند ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیەوە نەماوە.

٣- بڕیارە گرنگەکانی حیزب دەکرێت لە ڕێگای ڕاپرسی سەرجەم ئەندامانەوە بدرێت، نەك نوخبەیەکی بچوکی سەرکردایەتیەوە، بۆ ئەمەش بۆ بڕیارەکان بگەڕێنەوە بۆ ڕاپرسی سەرجەم ئەندامان.

٤- چەپەکان دەکرێت داکۆکیەکی سەرسەختی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان بن لە کوردستان وەك هەمیشە وابووونە، لە کاتی هەڵبژاردن لیستی چەپی تایبەتیان بۆ پێك بهێنن.

٥- پێویستە پشتیوانی لە حکومەتی سەربەخۆی کوردستان پەیوەست بێت بە سیاسەتی حکومەتەکەوە، بەرامبەر بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی هەژاران.

٦- چەپ ململانێی بۆرجوازی کوردستان لە سەرجەم هەڵبژاردنەکان بۆ هەموو پۆستەکان بکات، ئەلتەرناتیفی بۆ هەموو گوتار و کارەکانی هەبێت.

٧- چەپەکان هێزی شێلگیری داکۆکی لە کوردستانێکی دیموکراتی کۆمەڵایەتی بن، کوێرانە نەکەونە دوای وتارە نەتەوەییە بۆرجوازییەکان.

٨- چەپەکان کار بۆ دیموکراسیەتی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی سۆسیالستی بکەن بۆ ئایندەی کوردستان.